# پێگەی مەلای جەباری لە شیعری کوردیدا
# ١٨٠٦ - ١٨٧٦

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە و زمان - بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی چەرموو - چەمچەماڵ کراوە وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا


لەلایەن

دیار مەردان محەمەد

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی، ساڵی ٢٠١٢ زانکۆی سلێمانی


سەرپەرشت:

د.سامان عیزەدین سەعدوون

پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سێپتەمبەر-٢٠٢١ زایینی                    ڕەزبەر-٢٧٢١ کوردی

# پێگەی مەلای جەباری لە شیعری کوردیدا
## (١٨٠٦ - ١٨٧٦)

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە و زمان - بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی چەرموو - چەمچەماڵ کراوە وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا


لەلایەن

دیار مەردان محەمەد

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی، ساڵی ٢٠١٢ زانکۆی سلێمانی

سەرپەرشت:

د.سامان عیزەدین سەعدوون

پرۆفیسۆری یاریدەدەر



سێپتەمبەر-٢٠٢١ زایینی

ڕەزبەر-٢٧٢١ کوردی

# بەڵێننامە

بەڵێندەدەم، کە ئەم ماستەر نامەیە بە ناونیشانی (پێگەی مەلای جەباری لە شیعری کوردیدا) هەمووی بە ئەنجام گەیەنراوە لەلایەن خودی خۆمەوە، جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نوسین و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە کاری سەربەخۆی خۆمەو پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاونەکراوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە، بەڵێندەدەم کە لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێ ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە...

واژۆ:

ناوی خوێندکار: دیار مەردان محەمەد

بەروار: ٢٠٢١/٧/١

**بڕیاری هەڵسەنگێنەری زمانەوانی**

ئەم ماستەر نامەیە، بە ناونیشانی (پێگەی مەلای جەباری لە شیعری کوردیدا)، کە لەلایەن (دیار مەردان محەمەد)ەوە پێشکەشکراوە، لەلایەن خودی خۆمەوە لەڕووی زمانەوانییەوە پێداچوونەوەی بۆکراوە و هەڵە زمانەوانییەکان و ڕێزمانییەکانی ڕاستکراوەتەوە، پشتگیری دەکەم ڕەزامەندبن، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاوتوێکردن بکرێت.

واژۆ:

ناو: د. مستەفا ڕەزا مستەفا

شوێنی کار: زانکۆی چەرمەو-کۆلێژی پەروەردە وزمان-بەشی کوردی

بەروار: ٢٠٢١/٧/٢٠

## پشتگیری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە، بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر، لە پسپۆڕی (ئەدەبی کوردی)و پشتگیری دەکەم، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەشی لیژنەی تاوتوێکردن بکرێت.

واژۆ:

ناو: د.سامان عیزالدین سعدون

بەروار: ٢٠٢١/٧/١

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون و ڕەزامەندین بە ناردنی بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

واژۆ:

ناو: د.ئاسۆ عومەر مستەفا

پلەی زانستی: دکتۆرا

بەروار: ٢٠٢١/٧/١

سەرۆک بەش

**پێشکەشکردن:**

ئەم لێکۆڵینەوە پێشکەشە:

- بە سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەم.

- بە هەموو هاوڕێکانم.

- بە هەموو ئەو کەسانەی گرنگی بە لایەنی ئەدەب و زاست دەدەن.

- بە سەرجەم ئەو مامۆستایانەی، کە لە سەرەتاوە تا ئێستا فێریانکردوم.

**سوپاس و پێزانین:**

- زۆر سوپاسی بەڕێز پ.ی.د. سامان عیزەدین سەعدوون دەکەم، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەی گرتەئەستۆ، بە تێبینی و سەرنجە وردەکانی لێکۆڵینەوەکەی دەوڵەمەندتر کرد.

- سوپاسی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەم دەکەم، کە هاوکارم بوون.

- سوپاسی بەڕێز، کاک شێخ سەردار جەباری دەکەم، کە زۆر هاوکارم بوو لە پێدانی زانیاریی و سەرچاوە.

- سوپاسی بەڕێز مامۆستا کازم جەباری دەکەم، کە هاوکارم بوو لە پێدانی سەرچاوە.

- سوپاسی سەرجەم ئەو کەسانە دەکەم، کە بە وشەیەکیش بێت هاوکارییان کردوم.

**پوختە:**

پێگەی مەلای جەباری لە شیعری کوردیدا گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، هەر بۆیە لێکۆڵینەوەکەمان تەرخانکردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە پێگەی مەلای جەباری و زاری گۆران، کە بۆخۆی هەوڵێکە بۆ ناساندنی شاعیر و ئەو زارەی، کە شیعری پێ نوسیوە، لەگەڵ دەرخستنی مێژوو و جوگرافیای دابەشبوونی زارەکە و ئەو شاعیرانەی، کە بە زاری گۆران لە کۆنەوە شیعریان پێنووسیوە، سەرەتای نوسینی شیعر بەم زارە مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەر بۆیە نوسینی شیعر بەم زارە ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی گێڕاوە لە بەزیندویی هێشتنەوەی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی.

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی نوسراو بە زاری گۆران دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام، کە لە نوسراوە کۆنەکانی ئایینی زەردەشت و یارسانەوە سەرچاوەی گرتووە، تا سەرەتای سەدەی ١٩ی زایینی بەردەوام بووە، بەڵام لەدوای سەرهەڵدانی میرنیشینی بابان و نوسینی شیعر بە زاری کوردی ناوەڕاست، شیعر بە زاری گۆران بەرەو کزبوون ڕۆیشت، لێکۆڵینەوەکە باس لە زاری گۆران و مێژووی ئەدەبی گۆران دەکات بەو پێیەی، ئەم زارە لە مەلا پەرێشانەوە، واتا لە سەدەی (١٤)ز زمانی نوسینی شیعر بووە لە چەند شوێنێکی کوردستاندا، دواتر ژیانی مەلای جەباری و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەی لەگەڵ شاعیر و کەسە دیار و ناسراوەکانی قۆناغەکەدا هەیبووە باسکراوە، مەلای جەباری لە بابەتەکانی خۆشەویستی و سروشت و ئایینی و کۆمەڵایەتی و... خاوەن ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندە، کە بە زمانێکی سادەو ساکار دەریبڕیوە، لە هەمان کاتدا هەندێ بابەتی وەکو گاڵتەوگەپ و داشۆرینی لە بابەتەکانیدا باسکردووە، لە ڕووی ڕوخساری شیعرییەوە مەلای جەباری پەیڕەوی کێشی بڕگەیی کردووە، ئەو بابەتانەی لای شاعیر گرنگ بووە لە بنیاتی شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

**کلیلە وشەکان:** (مەلای جەباری، زاری گۆران، مێژووی گۆران، شێوەزار، ماچۆ، ئەدەب، وێنە، سروشت، خۆشەویستی، ئایین، یارسان-زەردەشت، بڕگەیی، سەروا).

## ناوەرۆک

پێشەکی: ............................................................................................................ ١
**بەشی یەکەم:** ...................................................................................................... ٣
شیعری کوردی بە زاری گۆران: ..............................................................،،،،................. ٣
تەوەرەی یەکەم: مێژووی گۆران و سەرهەڵدانی شیعری کوردی بە زاری گۆران ................................ ٤
ناوی گۆرانەکان: ..................................................................................................... ٤
کورتەیەک لە مێژووی گۆرانەکان: ................................................................................. ٦
جوگرافیا و شوێنی نیشتەجێبوونی گۆرانەکان: .................................................................... ٧
زاری گۆرانەکان: ..................................................................................................... ١٠
سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری زاری گۆران: ...................................................................... ١٤
ئەدەبی گۆران پێش ئیسلام: ......................................................................................... ١٥
ئەدەبی گۆران لە سەردەمی ئیسلام و دوای ئیسلام: ............................................................. ١٧
تەوەرەی دووەم: ڕەوتی هەڵکشان و داکشانی شیعری زاری گۆران: ........................................... ٢٠
قۆناغەکانی گەشەکردنی شیعری زاری گۆران: ................................................................... ٢٠
هۆکارەکانی داکشان و لاوازبوونی شیعری زاری گۆران: ......................................................... ٢٠
هۆکارەکانی نوسینی شیعر بە زاری گۆران: ....................................................................... ٢١
تایبەتمەندییەکانی شیعری زاری گۆران: .......................................................................... ٢٣
**بەشی دووەم:** ..................................................................................................... ٢٥
ژیانی مەلای جەباری و بنیاتی هونەریی شیعرەکانی.............................................................. ٢٥
تەوەرەی یەکەم: ژیانی کۆمەڵایەتی مەلای جەباری: ............................................................. ٢٦
پەیوەندیی مەلای جەباری و شاعیران : ........................................................................... ٣٠
پەیوەندی مەلای جەباری و مەولەوی: ............................................................................. ٣٠
پەیوەندی مەلای جەباری و غەمناکی بچووک: .................................................................. ٣١
پەیوەندی مەلای جەباری و کەسایەتییەکان: ..................................................................... ٣٣

پەیوەندی مەلای جەباری و مەحمود پاشای جاف: ........................................................ ٣٣
پەیوەندی مەلای جەباری و شەریف چەلەوی هەمەوەند: ........................................................ ٣٤
تەوەرەی دووەم: بنیاتی هونەریی لە شیعرەکانی مەلای جەباریدا: ........................................................ ٣٦
زمانی شیعریی: ........................................................ ٣٦
مەلای جەباری و نوسینی شیعر بە شێوەزاری ماچۆی زاری گۆران ........................................................ ٣٨
وێنەی شیعریی: ........................................................ ٤٦
ئاوازی شیعریی: ........................................................ ٥٥
کێشی شیعر: ........................................................ ٥٥
سەروای شیعر: ........................................................ ٥٨
**بەشی سێیەم:** ........................................................ ٦٧
بابەتە شیعرییەکانی مەلای جەباری: ........................................................ ٦٨
بابەتی وەسف: ........................................................ ٦٩
وەسفی سروشت: ........................................................ ٧٠
دڵداری و خۆشەویستی: ........................................................ ٧٦
بابەتی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی: ........................................................ ٨٤
بابەتی ئایینی (ئیسلام): ........................................................ ٨٩
بابەتی گاڵتەوگەپ-تەنز: ........................................................ ٩٢
بابەتی داشۆرین-هەجوو: ........................................................ ٩٧
ئەنجام: ........................................................ ١٠١
لیستی سەرچاوەکان: ........................................................ ١٠٣
Abstract: ........................................................ A

## پێشەکی:

لێکۆڵینەوەکەمان بە ناونیشانی (پێگەی مەلای جەباری لە شیعری کوردیدا)، لە سەرەتای سەرهەڵدان و تایبەتمەندییەکانی شیعری زاری گۆران بە گشتی و شیعرەکانی مەلای جەباری لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە بە تایبەتی دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە ژیان و پەیوەندییەکانی مەلای جەباری، وەک شاعیرێکی بەتوانای زاری گۆران دەکۆڵێتەوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:** بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تاوەکو ئێستا هیچ نامەیەکی ئەکادیمیی ماستەر و دکتۆرا لەسەر شیعرەکانی مەلای جەباری لە زانکۆکاندا پێشکەشنەکراوە و مەلای جەباری، یەکێکە لەو شاعیرانەی زاری گۆران، کە کەمترین ئاوڕی لێدراوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی بەرهەمەکانی لە ئاستێکی بەرزدان و شایەنی ئەوەن لێکۆڵینەوەی زانستییان لەبارەوە بکرێ، ئەمانەو چەندین هۆکاری تر، بوونە هۆی ئەوەی ئەم بابەتە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان هەڵبژێرین.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردی و بە تایبەت ئەدەبی کۆنی زاری گۆراندایە، بەرهەمەکانی مەلای جەباری بوونەتە ناوەندی کارەکە و پێوەرێک بۆ لێکۆڵینەوە لە شیعری زاری گۆران و شێوەزاری شیعری مەلای جەباری، هەروەها شیکردنەوەی شیعرەکانی مەلای جەباری لە ڕووی ڕوخسارو مەبەستەوە بە شێوەیەکی زانستییانە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکە بەشێکی لایەنی مێژووی و بەشێکی تری شیکارییە پەیڕەوەی میتۆدی (شیکاریی- مێژوویی) کراوە، هەروەها میتۆدی ڕەخنەیی دەرونشیکاری تێدا پەیڕەوکراوە.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە:** بریتییە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئایا مەلای جەباری پێگەی لە شیعری کوردیدا چۆن بووە؟ هەروەها ڕونکردنەوە و خستنەڕووی مێژووی شیعری گۆران بە شێوازێکی زانستییانە.

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی لە سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم دوو تەوەرە:**

تەوەری یەکەم: ئەم تەوەرە دەروازەیەکە بۆ ناساندنی گۆرانەکان و باس لە سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری زاری گۆران کراوە.

تەوەری دووەم: لەم تەوەرەدا باسی قۆناغەکانی گەشەکردن و لاوازبوونی شیعری زاری گۆران، هۆکاری نووسینی شیعر بە زاری گۆران، تایبەتمەندییەکانی شیعری زاری گۆران لە ڕووی ڕوخسار و بابەتەوە باسکراوە و ڕونکراونەتەوە.

**بەشی دووەم دوو تەوەرە:**

تەوەری یەکەم: لەم تەوەردا باسی ژیانی مەلای جەباری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسایەتی و شاعیر و ڕۆشنبیرو پیاوە ناودارەکانی کوردستان کراوە، بە جۆرێک کە خوێنەر سەرگوزشتەی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مەلای جەباری لا ڕوون و ئاشکرا بێت.

تەوەری دووەم: لەم تەوەرەدا تیشکخراوەتە سەر بنیاتی هونەریی شیعرەکانی مەلای جەباری و بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا ڕووخساری شیعرەکانی مەلای جەباری شیکردنەوەی بۆ کراوە، کە خۆی لە باسەکانی زمانی شیعریی و وێنەی شیعریی و ئاوازی شیعریی (کێش و سەروا)دا دەبینێتەوە.

**بەشی سێیەم یەک تەوەرە:**

لەم تەوەردا گرنگی بە شیکردنەوەی بابەتە شیعرییەکانی مەلای جەباری دراوە و بە شێوازێکی ڕوون و دوور لە ئاڵۆزی مەبەستی شیعرەکان شیکراونەتەوە، بە جۆرێک تەمومژو لێڵیی لای خوێنەر نەهێڵێ.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا کۆمەڵێک ئەنجام، کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە پێیگەیشتووین و خراونەتە ڕوو، پاشان خستنەڕووی ئەو سەرچاوانەی بۆ لێکۆڵینەوەکە سودیان لێوەرگیراوە و پشتیان پێبەستراوە، دواتریش پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی نوسراوە.

# بەشی یەکەم:

# شیعری کوردی بە زاری گۆران

## تەوەری یەکەم: مێژووی گۆران و سەرهەڵدانی شیعر بەزاری گۆران:

گۆرانەکان، وەک بەشێکی ڕەسەنی نەتەوەی کورد، خاوەن زمان و ئەدەب وکلتور و سنوری نیشتەجێبوون و زاری تایبەت بە خۆیانن، خزمەتی خاک و نیشتمان و زمان و ئەدەب و کلتوری کوردییان کردووە، لەو پێناوەشدا هەوڵ و قوربانی زۆریان داوە، ئەم بەشەی نەتەوەی کورد، چەندین کەسایەتی بەتوانا و زانا و شاعیری ناودariyan تیادا هەڵکەوتووە و بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگای کوردیین، ئەوەی پێویستە لێرەدا بیزانین ئەوەیە، کە مێژووی گۆران چۆن بووە و شیعری زاری گۆران چۆن قۆناغەکانی پێشوتری بڕیوە و گەشەی کردووە؟ هەروەها لە ناو و شوێن و زمان و ئەو بەرهەمانەی لە دوایان بەجێماون بەتایبەتی لە بەرهەمی ئەدەبییان بکۆڵینەوە، بۆئەوەی بگەین بە ڕاستی زیاتر لەبارەی گۆرانەکان و ئەدەبەکەیان و زانیاری زیاتر لە بارەیانەوە بەدەستبخەین.

(شەرەفخانی بەدلیسی)، کە بە یەکەم مێژوونوسی کورد دادەنرێ لە شەرەفنامەدا، کە مامۆستا هەژار بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە، دەڵێت: "گـەلی کورد چـوار لقن کرمانج و گـۆران و لوڕ و کەڵهوڕ". (بدلیسی ٢٠٠٦، ل ٨٣). شەرەفخانی بەدلیسی نەتەوەی کوردی بۆ چوار کۆمەڵە دابەشکردووە و گۆرانی لە ڕیزی کورد داناوە، واتە گۆرانەکان بەشێکن لە نەتەوەی کورد.

### ناوی گۆرانەکان:

لێرەدا پێویستە ئەوە ڕونبکرێتەوە، کە ئایا ڕەچەڵەکی وشەی گۆران لە چییەوە هاتووە و سەرەتا چی بووە؟ لەم بارەیەوە (مینۆرسکی) ئەم بابەتەی ڕونکردۆتەوە و دەڵێت: "وشەی گۆران سەرەتا (گەبران) بە واتای خەڵکانی زەردەشتی (گەوران) گۆران، هەروەها ناوی هۆزایەتی(گاوبارەکان) (گاورەکان) (گورەکان) (گۆران) گورانە لە هەردوو قۆناغی ئاڵوگۆڕدا دەبێ ئەم دوو وشەیە، حونجەی (گۆران)یان بوو‌بێت، بەڵام لە کۆتایدا، دەبن یاخود مەیلی ئەوەیان هەیە ببن بە گووران". (مینۆڕسکی ٢٠٠٦، ل ١٤٩).

ئەم وشەیەی دوایی (گۆران)، بێگومان ئاماژە بە ئاگرپەرستی و وەرگیرانی تایبەتی وشەی گۆران لە (گەبران) دەکات، بەڵام "بە تێپەڕبوونی کات، بەشی جۆربەجۆری هۆزە کوردەکان دابونەریتی ئەو گۆرانە تازە-نێوانەیان وەرگرت و کۆچی گەرمێن و کوێستانیان لەگەڵ کردن، ئاکامی ئەو کارە بوو بەوەی، کە ئەمڕۆ ئەو بەناو گۆرانانەی زەهاب و جوانڕۆ دوو عنسوری جیاوازیان تێدا بەدی ئەکرێ: بەشی کورد کە هەموویان سونی و موسڵمانن بە کرمانجی خۆیان دەدوێن، لەگەڵ بەشی بنەچەک (گۆران) کە زۆربەیان (عەلی اللهی) و لەباری بڕواوە ناموسڵمانن و بە (گۆران)ی قسەدەکەن". (مەردۆخی ٢٠١٠، ل ٥٤٧).

(مینۆڕسکی) لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیدا دەڵێت: "ناوی هۆزەکە گۆران، لە سەرچاوە سەرەتاییەکانی ئیسلامدا، وەک جەبارەق / جەورەقان/ گۆرانان هاتووە". (مینۆڕسکی ٢٠٠٦، ل ١٦٢). "مینۆڕسکی پێی وایە

که (الجابارقه) و (الجورقان) یەک هۆزن، کەچی (مسعودی) بە دوو هۆزی جیاواز لە یەکتر دایناون، لەمەش ترسناکتر هەوڵیداوە گۆران لە کورد دابڕێت بە میللەتێکی جیاواز دایبنێت، هەروەک دەڵێت: لوڕ و گۆران - لە بابەت زمان و بنچینەوە لە کورد جیایە و گۆرانەکان بە زمانێک قسە دەکەن کە ئێرانییە، بەڵام کوردی نییە! بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا (مینۆرِسکی) هەندێک ڕاستی پێکاوە، سەلماندویەتی، کە (الجورقان)ی ناو سەرچاوە عەرەبییەکان هەر گۆرانن، ئەوەی جێگای باسە لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا (الجورقا) هاتووە، یەکێکە لە هۆزەکانی کورد و ناسراو و بەناوبانگن، بە لقێک لە چوار لـقە سەرەکییەکەی زمـانی کـوردی دادەنـرێت". (تۆفیق ٢٠٠٨، ل ٤٨-٥٢)، (سێر هێنری راولینسۆن) لە بیرەوەریەکانی خۆیدا لە ساڵی (١٨٤٤)ز ئەوە پەسەنددەکات، کە "کەلهوڕ دەرنە و دەرتەنگ یان بەجێهێشتووە ناوی (گۆران)یان بە خۆیانەوە بەستووە، کە پێشتر بە وەرزێرانی کورد دەگوترا بۆ ئەوەی لە عەشیرەتەکانیان جیابکەنەوە، بەڵام گۆرانەکانی سەدەی دەهەم، بە هۆزێکی شەڕانی ناسراون گەلێک جێگەی گومانە ئەو خەڵکە وەرزێرانەی کوردستان، کە ناوی گۆران/گووران یان لەسەرە هەموویان پەیوەنـدی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هۆزی گۆراندا هەبووبێ". (مینۆرِسکی ٢٠٠٦، ل ١٥٠).

وشەی گۆران، جگە لەوەی باسکرا چەند واتایەکی تریشی هەیە، لێرەدا ئەم واتایانە باس دەکەین:

واتاکانی وشەی گۆران "چیانشین، موشە دەمە، ڕێگر، گۆڕان، گۆڕەپانی لەشکر تیاکۆبووەوە، گوردان=واتای ئازا دەگەیەنێت، گەبران، گۆڕاوە بۆ گاوران، جا، گۆران، یانی ئاگر، گۆران هیچ نییە بێجگە لە بیچمی ئاڵوگۆڕکراوی وشەی کورد". (بەهمەنی ٢٠٢٠، ل ٩٧).

لەگەڵ ئەوەی ڕایەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە سەرەتای وشەکە لە گاورەوە گۆڕاوە بۆ گۆران، بەڵام ڕای پێچەوانەش هەیە، کە پێی وایە ئەم ڕاوبۆچونە هەڵەیە لەم بارەیەوە وتراوە: "وشەی (گاوران) لە وشەی (گابران)ەوە هاتووە و پەیوەندییەکە ڕوونە، بەڵام ئەو وشەیە لەگەڵ وشەی گۆران جیاوازن و یەک ناو نین، ئەگەر بەپێی ئەو بۆچوونە بوایە، ئەوا ناوی گۆران پێش ئیسلام بوونی نەدەبوو، لەبەرئەوەی نزیکی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر لە سەرچاوەی یۆنانیدا ئاماژە بە (مید و گۆران و سەرەپەڕەیی)ەکان کراوە لای یۆنانیەکان بە (گوران) باسکراون و ئەوەی کە دەیسەلمێنێت ئەوانە هەر گۆرانن ئەوەیە (سەرەپەڕەیی) ئەوکاتە لەلایەن یۆنانیەکانەوە ناوەکەیان تەرجومە کراوە بە مانـای (مل پەڕێن)". (حەمەڕەشید ٢٠٢٠).

" ناوی گۆران لە سەردەمەکانی زۆر کۆندا، واتە دەوروبەری(٤٠٠) پ.ز لەلایەن (سترابۆن)، مێژوونووس و جوگرافیازانی یۆنانی، باسیکراوە و بە شێوەی (کوورانەکان)، هەروەك وتویەتی: نەتەوەیەك، لەولای ئەرمەنستانەوە، نزیك لە (کوورانەکان و مادەکان)ەوە دەژیان، وشەی (گۆران)یش پێکهاتووە لە وشەیەکی سەربەخۆ (گۆر، گۆور، گەورە، گۆرە) لەگەڵ پاشبەندی (ان)ی کۆکردنەوەی (مۆرفۆلۆژی)دا، ئەم وشەیەمان دەستدەکەوێت. ماڵپەڕی (قادر زادە) بڵاویکردۆتەوە، هەندێک لە مێژوونوسان وشەی (گۆران)یان بە وشەی (گاور)

زانیوە، هەرچەندە ئەمەش تەواو نەسەلمێنراوە و ڕاوبۆچونی جیاواز هەیە، کە پێی وایە گۆران لە گاورەوە نەهاتووە بە بەڵگەی ئەوەی گۆرانەکان پێش زایین و ئایینی گاور هەبوون و باس کراون.

## کورتەیەک لە مێژووی گۆرانەکان:

کاتێ باسی نەتەوەیەک یان کۆمەڵ و هۆزێک لە ناو نەتەوەیەکدا دەکرێت، بێگومان ئەو نەتەوە یان ئەو هۆزە خاوەن مێژوویەکی تایبەت بە خۆیەتی، کە دەبێتە هەوێنی ناساندن و ئاشکراکردنی لایەنەکانی ژیانی لە ماوەیەکی دیاریکراودا، نەتەوەی کوردیش خاوەنی مێژوو و زمان و ئەدەب و کلتوری تایبەت بە خۆیەتی و لە ناو نەتەوەکەشدا هۆزەکان خاوەنی مێژوویەکی جیاواز و تایبەتن، (گۆران)یش یەکێکە لە هۆزە گەورەکانی کورد، کە چەندین زانا و ناودار و شاعیری دیاریان تێدا هەڵکەوتووە.

"لە دەوروبەری ساڵی (١٣٤٣)ز زانای میسری (شهاب الدین العمری) خشتەیەکی بەنرخی هۆزە کوردەکانی بەگوێرەی سەرچاوەکان پێکهێنا، ناوبراو شەرحەکەی خۆی بە گۆران دەستپێدەکات و دەڵێت: لە کێوەکانی هەمەدان و شارەزوور، نەتەوەیەکی کورد کۆبۆتەوە کە بە کوورانی (الکورانیيه) ئاماژەیان بۆ دەکرێت، خەڵکێکی دلێر و جەنگاوەرن و لە سەرباز و وەرزێر پێکهاتوون (جند و رعیه)، لە شوێنێک دەژین، کە ناوی (راوست الامیر محمد)ەو شوێنێکی دیکەش بە ناوی دەرەتەنگ، سەرۆکێکیان هەیە ناوی (ئەمیر محمده)، پێنج هەزار کەسن و لە ناویاندا کێشەو جیاوازی نییە". (مینۆرسکی ٢٠٠٦، ل ١٥٩)، کۆمەڵێک نوسەرو لێکۆڵەر لەبارەی هۆز و تیرەکانی کورد لێکۆڵینەوەیان کردووە، یەکێک لەوانە محەمەد مەردۆخی کوردستانییە، بەم جۆرە (گۆران)ی بە تیرەیەک داناوە و دەڵێت: "سنەدان-ئەمانەش بریتین لە دوانزە بنەماڵە (چالاوی، دالیان، گوزای، بەرازی، سیمەوەند، سوورەوەند، تکاوەند، تفەنگچی، حەناصر خانی) سێ تیرەکەی تریان لوڕ و جاف و گۆرانە، کە (ئاماسوەند، دارخۆ، بێ و مشتیان) پێ دەڵێن". (کوردستانی ٢٠٠٧، ل ١٢٤)، لێرەدا گۆران بە یەکێک لە تیرەکانی هۆزی (سنەدان) دانراوە.

(زرار تۆفیق) لە (کتێبی هۆز و دەسەڵاتە هۆزەکییە کوردییەکانی چاخی ناوەڕاستدا) باسی ئەوەی کردووە، کە (بابۆنی) تیرەیەکی هۆزی (گۆران)ن و دەڵێت: "بابۆنی تیرەیەکی هۆزی جورقان (گۆران)ی گەورەن، وەکو دەردەکەوێت سەرۆکایەتی هەموو گۆران لەو تیرەیە بووە، کە لە ڕاستیشدا پێشەوای ئەو تیرەیەش بووە و ناوی (ابو الفرج البابونی) بووە، لە ساڵی (٤١٧ک / ١٠٢٦)ز بەهۆی ناکۆکییەک لە نێوان خۆی و لە نێوان (أبی منصور)ی فەرمانڕەوای (میر علاء الدولة کوڕی کاکەویە)ی - یەک لە میرەکانی کاکەویە - بەسەر شاری شابور خواستی سنوری ناوچەکانی دەسەڵاتی گۆران کوژرا، بەمەش پیاوانی گۆران هەڵسانەوە تۆڵە بکەنەوە، گەورە و گچکەیان هاتنە مەیدان و وڵاتەکەیان تالانکرد". (تۆفیق ٢٠١٠، ل ٣٣).

ساڵی(١٨٢٠)ز کاتێ (جیمس کلۆدیۆس ڕیچ) هاتۆتە کوردستان ئەوەی بۆ ئاشکرا بووە، کە لە ناو هۆزەکانی بڵباسدا کۆمەڵێ خەڵک هەن جوتیار و بەردەست و چەوساوەن، بە چاوێکی نزم وەک کۆیلە سەیر

دەکرێن، بۆی دەرکەوتووە ئەم چینە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا هەن و ئەمانە نە سەر بە خێڵێکن و نە سەر بە تیرەیەکن، خەڵکی ناو خێڵەکانی تر بە کڵاو سپی، یا گۆران ناویان دەبەن، ئەم ناوەی دواییان نازناوی ڕاستەقینەی خەڵکی سنەیەو خێڵەکان بۆ تـوانج و گـاڵتە پێکردن و خەڵـکی ترسنۆک بەکـاری دەهێنن، (ڕیچ ٢٠١٢، ل ١٥٥). بەڵام لە ئێستادا واتای وشەی گۆران هەمان ئەو واتایەی کۆمەڵگای جارانی دەربەگایەتی ناگەیەنێت، بەڵکو بۆ ناوهێنانی هۆزێک بەکاردێت.

مێژوونوسە ئەوروپییەکان، کە سەردانی ناوچەکانی گۆرانیان کردووە، گۆرانیان کردووە بە چەند بەشێکەوە و لە بارەیانەوە دواون، گۆرانەکان بە زمانی کوردی زاری (گۆران)ی دوواون، هەیانە ڕەچەڵەکی خۆیان لە بیرچۆتەوە، نازانن کە (گۆران)ن، ونکراوون، یان خۆیان ونکردووە، نوسەرە ئەوروپییەکان لە باسی ناو و مێژوو و زاری شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم هۆزە دوواون، هەندێکیان وەک: (مینۆرسکی، ڕاولینسۆن، ک.ڕیتەر، ک.هادانگ، سۆئانە، تسۆکۆڤسکی، ئیڤانۆڤ، سیروسئیزدی یەزدی، مێجەرسۆن)...هتد هەریەک لەمانە لە گۆشەیەکەوە باسی (گۆران)یان کردووە، هەندێکیان (گۆران)یان بردۆتەوە سەر یۆنانی کۆن و مادەکان و هەندێکیش (گۆران)یان بە جولەکە زانیووە، هەروەها مێژووی (گۆران)ەکانیان بـە کۆنتر لە دوو هەزار ساڵ زانیوە. (بەهمەنی ٢٠٢٠، ل ٩٨-٩٩-١٠٠)، ئەگەر سەرنجی ڕاوبۆچوونی ئەوروپاییەکان بدەین دەبینین هەر یەکێکیان بەپێی واقعی کۆمەڵایەتی ناوچەکە باسی (گۆران)یان بەپێی ئەو گەڕان و بینین و خوێندنەوەی ئەو نوسراوانەی لە بەردەستیاندا بووە کردووە.

## جوگرافیا و شوێنی نیشتەجێبوونی گۆرانەکان:

دەربارەی هۆزی گۆران کە لە چەندین شوێندا سنوری جوگرافیایی دانیشتوانیان باسکراوە، یاقوت لە کتێبی معجم البلدان "شاری حەلوان بە شوێنی نیشتەجێبونیان دادەنێت، بەڵام المسعودی لە(٩٥٦)ز ناوچەی موسڵ و دەوروبەری چیای جودی بۆ ئەم هۆزە دەستنیشاندەکات، ئەمەش جیاوازییەک لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم هۆزە دروستدەکات، بەڵام لە سەرەتادا ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان، جا لە حەلوان بێ، یاخود لە ناوچەکانی نێوان هەمـەدان و شارەزوور نیشتەجێبوونە و بە گۆران ناسراون". (دەشتی ٢٠١٥، ل ١٩٧)، جوگرافیای گۆران ناوچەکانی دەرتەنگ بە درێژایی، تا دەگاتە ناوچەی کرماشان دەگرێتەوە، بە شێوەیەکی ڕونتر ئەو ناوچانەی، کە ئەمبەرو ئەوبەری ڕێگای گشتی نێوان خانەقین و کرماشان دەگرێتەوە. (هەورامانی ١٩٨٤، ل ٧٥).

(مینۆڕسکی) کوردناسی ڕووسی، کە بە چڕی باسی گۆران و شوێن و مێژوو.....هتد کردووە، لە باسی جوگرافیای گۆرانەکاندا دەڵێت: "گۆران ناوی هۆزێکی سەرەکییە، کە چیاکانی باکوری نێوان بەغدا و کرماشانی لە نزیک چۆمی سیروان (دیالە) لە باکور، کردۆتە شوێنی خۆی، ئەم ناوچە ناکوردییە بە هۆی بەرزاییەکانی هەورامانەوە: هەورامانی لهۆن، بەرەو ڕۆژئاوای زنجیرە بەرزەکەی زاگرۆس و هەروەها هەورامانی تەخت، بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەو ناوچانە، درێژەپێدەدات". (مینۆڕسکی ٢٠٠٦، ل ١٤٦)، "ناوەندێکی دیکەی

گۆران، که به شێوەی ئاسایی دوانەی دەرتەنگە، بریتییە لە (دەرنە) (دەرنەک)، کە کەوتۆتە لای ڕۆژهەڵاتی داڵەهوو لە دۆڵی زیمکان، ناتوانرێ شوێنی ئەم ناوە، لە (ڕاوست)دا هەڵبگیرێ و ڕاست وەک پرسیارێکی بێ وەڵام دەمێنێتەوە، بەڵام دوور نییە ئاماژەیەک بێت بە دانیشتوانی لقی ڕۆژهەڵاتی تری گـۆران". (مینۆڕسکی ٢٠٠٦، ل ١٥٩-١٦٠)، هەورامان لە چەند بەشێک پێکدێت ئەوانیش: هەورامانی تەخت، لهۆن، ژاوەڕۆ، گاوەڕۆ، هەورامان بە گشتی دەبێت بە دوو بەشی سەرەکی، هەورامانی لهۆن و هەورامانی تـەخت. (خدر ٢٠١٤، ل ٢٢٢).

"جیا لەو دوو تاقمە سەرەکییە، لە دوو ناوچەی دابڕاوی دیکەشدا بە (گۆران)ی قسە دەکرێ: پاوە لە یەکێ لە دۆڵەکانی لقێکی بچوکی باشووری چۆمی سیروان و کەندۆڵە لە سەرچاوەکانی ڕووباری بانیان و ڕووبەرە وێرانەکانی شاری کەونارای دینەوەر ئەو شوێنەی وا لەگەڵ گاماسیابدا یەک دەگرنەوە، لە باجەڵانیش، کە کەوتۆتە باکووری موسڵ و حەوضەی ڕووباری خوسەر بە شێوە زمانێکی نزیک قسە دەکرێ، هەمان هۆز لە زەهاب و لوڕستانی باکووریدا دەبینرێ، دوورتر لەوانە بەرەو ڕۆژئاوا، ئەوانەش وا پێیان دەگوترێ زازا و لە شێوەی ڕاستەقینەی خۆیدا دیملی یە، ناوچەیەکی گەلێک بەرفراوانیان داگرتوە، کە کەوتۆتە نێوان دیجلەو شوێنی بادانەوەی فورات بەرەو باشوری ڕۆژئاوا و هەروەها مەڵبەندی نێوان مووش و ئەرزەنجان بە هەموو ناوچەی دەرسیمەوە". (مینۆڕسکی ٢٠٠٦، ل ١٤٦).

(مارف خەزنەدار) لە باسی سنوری جوگرافی گۆرانەکاندا دەڵێت: "گۆران هۆزو تیرە و کۆمەڵێکی ئەنتۆگرافییە لە خەڵک لەگەڵ کرمانج و لوڕ نەتەوەی کورد پێکدێنن، گۆران وەک زاراوە بۆ کۆمەڵێک عەشرەت و یەکێتی عەشرەت بەکاردەهێنرێ، ئەم خەڵکە لە دامەنەکانی شاخی زاگرۆس دەژین لەو شیوانەی لە چیاکانی لای باکوری ڕێگای بەغدا و کرماشان دەبنەوە، هەروەها لەم ناوچانەش ژیانی کۆچەری و نیشتەجێی دەبەنەسەر: لەسەر ڕووباری سیروان و ناوچە جیاوازەکانی هەردوو هەورامان، هەورامانی لهۆن لە ڕۆژئاوای ئەو زنجیرە شاخە و هەورامانی تەخت لە ڕۆژهەڵاتی ئەو زنجیرە شاخە". (خەزنەدار ٢٠٠٢، ل ١٠-١١).

لە مەریوانەوە تاکو سیروان، هەورامان و ڕۆژئاوای دیاربەکر بە ئورفە و خەرپوت و دەرسیم زازا،کە شاری دەرسیم گەورەترین شاری ئەم شێوەزارەیە، پەیوەندی و لێکچونێکی زۆری لەگەڵ زاری (گۆران)یدا هەیە، وەک شێوەزارێکی سەرەکیی و پیرۆز یەکەمجار لەلایەن عەلەوییەکانەوە پارێزراوە، هەرچۆن (گۆران)یش لەلایەن یارسانـەکان و هـەورامییەکانەوە پـارێـزراوە و ڕێزی لێگیراوە، (دزەیی ٢٠١١، ل ٨٥)، مێژوونوسی عەرەبی ئیسلامی (عومەری)، کە باسی مێژووی کوردەکان لە ناوچە جیاجیاکان دەکات بەم شێوەیە لەسەر گۆرانەکان دوواوە: "ئەو بە (کوران) ناویان دەبات، لەبەرئەوەی نەپیتی (گ) و نە (ۆ) لە عەرەبیدا نین دەڵێت تایفەیەکیان هەیە لە شاخەکانی هەمەدان و شارەزوور پێیان دەگوترێ گۆران، ئەمانە هەموویان لە ناوچەیەکدا نیشتەجێن، گۆران، کە پێی دەوترێ ڕیاوەست (ڕیاوست)ی (ئەمیر محەمەد)، شوێنی دووهەمیان پێی دەوترێ دەرتەنگ و ئەمیرەکەیان ئەمـیر محمەدە". (حەمەڕەش ٢٠١٣، ل ٣١٣)، ئەو ناوچانەی عومەری ئاماژەی پێداوە هەمان ئەو

ناوچانەن، کە گۆرانەکان ئەمڕۆ تیایدا نیشتەجێن، بەشی شارەزووری دەکەوێتە بەری عێراق و بەشی هەمەدانی دەکەوێتە بەری ئێرانەوە.

زێد و نیشتمانی گۆرانەکان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەگەرچی بە وردی دەسنیشان ناکرێن، بەڵام بە پشت بەستن بە سەرچاوەکان لە دەرتەنگی لو-ئەڵوەند، پاوە، کرماشان، ماهیدەشت، کەنگاوەر، شاپوور خواست، ناوچە شاخاوییەکانی خوارووی شارەزووردا بوون، سەبارەت بە تیرە و هۆزەکانی گۆران ئەوەندە زۆر بوون، کە مێژوونوسی کورد (شەرەفخانی بەدلیسی) ناوی هەندێکیانی نەهێناوە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا ئاشکرایە ناوی دوو تیرەیە:

١- تیرەی بابۆنی، کە لە (کەنگاوەر) و دەوروبەری بووە.

٢- تیرەی قوهی یان کوهی لە کرماشانن، ئەگەرچی (ئیبن فەیزوڵای عومەری) ئاماژە بۆ دوو تیرەی تر دەکات بێ ئەوەی ناویان بهێنێ، لە شەرەفنامەدا ئێلەکانی سیامەسوری و چەنگی زەنگنە بـە نـەژاد لە هۆزی گۆرانن. (تۆفیق ٢٠٠٨، ل ٤٨-٥٢).

لە بابەتی وڵاتی گۆران، دکتۆر زرار تۆفیق بەم شێوەیە نوسیویەتی "زند. حصیری، (؟) شهرزووری، متیلج؟، هورمزیار، أمیناد(؟)، مملوی، (مملی)، گوندی مەملێ قەزای چەمچەماڵ—کەرکوک—یش لەوانەن، کێز - کلانی، زکتی، کرانی، کلکیری، هی، جمشکزاک (ئەمەش قەڵاو شارۆچکەیەکە لە دیاربەکر) عربکیرلو (شوێنێکە لە دیاربەکر)، لەگەڵ بیستو چوار هـۆزی دیکە لـە قەرەباغ، کە شەرەفخان ناوەکانی ئاشکرا نەکردوون". (تۆفیق ٢٠١٠، ل ٢٧٠).

بە هەموو ئەو جوتیار و گوندنشینانەی گەرمیان و شارەزور و مەریوان، سەرەڕای جیاوازی ڕەچەڵەک و هۆز و خێڵەکانیان وتراوە گۆران. (ئەمین ٢٠١٥، ل ٧٥)، لە کاتی ناوهێنان و باسکردنی هۆزو تیرە گەورەکانی کورد لەلایەن (میرزا شکرالله سنندجی) ناوی هۆزی گۆران هاتووە و دەڵێت: "هـۆزی گۆران زۆربەیان لە کرماشان وکوردستانـی ئێران نیشتەجێن". (سنندجی ٢٠٠٦، ل ٥٤)، (مێجەر سۆن) لەبارەی هۆزە کوردییەکانەوە دوواوە و باسی لە هۆزی گۆران و مەڵبەندی نیشتەجێبوونی ئەم هۆزە کردووە، لەو خشتەیەی دایناوە لە ژمارە (١٨)دا ناوی گۆران هاتووە و دەڵێت: "ئەو هۆزە سەرەکیانەی کە لە سنوری تورکیا و ئێران دەژین بەخۆیان دەڵێن کورمانج، کوردمانک، بە واتای کورد، کە تیرەکانی (گەهوارە، بازیانی، نەرزی، ئۆلخامی، بویانی، کەلەهزەنجیری، قادر میروەیسی، تێشایی) و تیرەی بچکۆلەی دیکە، شوێنی نیشتەجێبوونیانی بە ڕووی ڕۆژئاوای هەرێمی کرماشان ناوبردووە". (مێجەر ٢٠٠٧، ل ١٠٣-١٠٦).

شوێنی نیشتەجێبوونی گۆرانەکان ناوچەیەکی بەرین دەگرێتەوە، کە خۆی لە سنورەکانی نێوان (ئێران، عێراق، تورکیا، ئازەربایجان....هتد) دەبینێتەوە، واتە گۆرانەکان لە یەک ناوچەی دیاریکراو نیشتەجێنەبوون، بەڵکو

بڵاوبونەتەوە بە سنوری وڵاتاندا، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی هەواری گەرمیان و کوێستانی گۆرانەکانەوە بوبێت، کە بژێوی ژیان وای لێکردون کە بەو جۆرە بڵاوببنەوە.

## زاری گۆرانەکان:

مێژوونوس (شەرەفخان) لە شەرەفنامەدا باسی زمانی کوردی و زارەکانی کردووە و دەڵێت: "کورد لە باری کۆمەڵایەتی و زاراوەوە دەبنە چوار بەش: کرمانج و لوڕ و کەلهوڕ و گۆران". (بدلیسی ٢٠٠٦، ل ١٠٠)، زارەکانی زمانی کوردی بۆ چەند زارێکی سەرەکیی دابەشدەبن، کە زاری گۆران یەکێکە لە چوار زارە سەرەکییەکەی زمانی کوردی، ئەو کوردانەی، کە لە نێوان چیاکانی هەورامان - لە باکورو ڕێگای هاتوچۆی-قەسری شیرین-کرماشان دەژین و نیشتەجێبوون. (خورشید ١٩٧٦، ل ٥)، زاری (گۆران)ی بۆ ئەم شێوەزارانە دابەشدەبن (گۆرانی ڕەسەن، هەورامی، باجەلانی، زازای). (خورشید ٢٠٠٨، ل ٣٩-٤١).

گۆران وەک زارێکی سەرەکیی، بە چەند شێوەیەک دەردەکەوێ و لەڕووی جوگرافییەوە ئەم شوێنانە پێی دەدوێن: هەورامان و هۆزەکانی کەنوڵەی نزیک کرماشان و خێڵەکانی گۆران و باجەڵان و سنجاوی و کوردەکانی زازای باکوری ڕۆژئاوا و هەندێ هۆزی کاکەیی ناوچەی داقوق و هەندێ لە خێڵەکانی زەنگنەی نزیک کفری. (C.J Edmonds 1957, p 10)، هەرچەندە بیروڕای جیاواز لەم بارەیەوە سەبارەت بە زارەکانی زمانی کوردی هەیە، بەڵام هەوڵدەدەین بگەڕێینەوە سەر ئەو سەرچاوانەی، کە باسیان لە زارەکانی زمانی کوردی بەگشتی و زاری گۆران بە تایبەتی کردووە، (تۆفیق وەهبی)،گۆرانی بەزارێکی سەرەکی داناوە زاری گۆرانیشی بۆ چوار شێوەزار دابەشکردووە ئەوانیش: هەورامی، زەنگنە، کاکەیی(ماچۆ)، باجەلانی. (زەرێ ٢٠٠٥، ل ١٢)، شێخ محەمەدی خاڵ گۆرانی بەزارێکی سەرەکی داناوە، کە زاری گۆرانی لە ناو کۆمەڵەی کرمانجی ناوەڕاست پۆلێنکردووە، (محەمەد ٢٠١٨، ل ٢٥٠)، تۆفیق وەهبی و شێخ محەمەدی خاڵ، زازا بە زارێکی سەربەخۆ دادەنێن و جیای دەکەنەوە لە پۆلە زاری گۆران لە کاتێکدا زازاش شێوەزارێکی گۆرانە، شێخ محەمەدی خاڵ، باسی شێوەزاری هەورامی نەکردووە، کە "هۆرامی، وەجاخ و کورە و توخمی ڕەسەنی گۆرانە". (پوور ٢٠٠٨، ل ٨٦)، "شێوەزاری هەورامی، کە لە دیالێکتی گۆرانە، بۆ ماوەیەکی زۆر زمانی ئەدەب و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی ئایینی بووە لە هەردوو میرنشینی ئەردەڵان و باباندا و لە سنجار و داقوق و تاوغ و زەنگنە و تەکیەی قەرەداغ (چوارشاخ) مۆرکی شێوەزاری هەورامییان پێوە دیارە، بەڵام ئێستا شێوەزاری هەورامی بەرتەسک کراوەتەوە بۆ سنورێکی جوگرافی دیاریکراو". (حەمەساڵح ٢٠٠٦، ل ٤١).

(حەبیبوڵڵای تابانی) گۆرانی بە یەکێک لە زارەکان داناوە، دواتر باسی ئەوە دەکات، کە زاری گۆران چەند چڵێکی بچوکتری لێدەبێتەوە، وەک (هەورامی، زازا، ماچۆ)و دەڵێت: ئەم زارە لە ناوچە جیاوازەکانی وەک (هەورامان، ژاوەرۆ، کەندۆڵە، پاوە، جوانڕۆ، لە تورکیاش دەرسیم، ئەرزنجان، وان، ئەرز ڕۆم)و چەند بەشێکی بچوکی کوردستانی عێراق گرنگی پێدەدرێ. (تابانی ٢٠١٠، ل ٤٦٤-٤٦٥)، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف)

زمانی کوردی دابەشی دوو کۆمەڵە کردووە ئەوانیش: (کرماجی ژووروو و کرمانجی خواروو)، زاری (گۆران)ی لە کۆمەڵەی کرمانجی خواروو داناوە. (حاجی مارف ١٩٧٤، ل ١٠)، (سدیق بۆرەکەیی) لە دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردی گۆرانی وەک زارێکی سەرەکی داناوە و زاری گۆران بۆ ئەم شوێنانە دابەشدەکات: (هەورامانی تەخت، نەوسوود، پاوە، لە ئیران. تەوێڵە، بیارە، لە عێراق، هەندێ لە هۆزەکانی گۆران و هەوشار و خانەقین و زەنگنە و سیامەنسوور) لە ئێران و عێراقدا بەم زاراوەیە دەدوێن، ئەم زاراوەیەش بریتییە لە شێوەکانی: (هەورامانی تەخت، لهۆنی، ژاوەرۆیی). (بۆرەکەیی ٢٠٠٨، أ. ل ٢٦-٢٧).

هەندێک لە نوسەرانیش لە دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردی لە جێگەی زاری گۆران ئاماژەیان بە شێوەزاری هەورامی کردووە، وەک جێگرەوەی زاری گۆران، وەک ئەم دابەشکردنە: زاری کرمانجی خوارو، زاری کرمانجی ژوورو، زاری هەورامی، زاری لوڕی. (حەسەن و موکریانی و بهائەددین و هەورامانی ١٩٨٧، ل ٤-٥)، ئەمەش نەگونجا و هەڵەیە، چونکە هەورامی شێوەزارە نەک زارێکی سەربەخۆ، درایڤەر لە باسی زاری گۆراندا دەڵێت: زازای لە ناوچەی دەرسیم، زارێکی کرمانجی نییە، بەڵکو زارێکی ڕەسەنی گۆرانە، بەڵام هەندێ وشەی زاری کرمانجی تێکەڵ بووە و زمانی فارسیش کاری تێنەکردووە. .(G.R. Driver 1992, p 505).

(محەمەد ئەمین زەکی بەگ) دەڵێت: زازایی، لە زاری دەیلەمی ئەکا و شێوەزاری هەورامیش واقیعەن زۆر لە زازایی نزیکە، پێ دەچێ ئەم دوو قۆڵەی کورد بە هۆی شەڕوشۆڕی مەغۆلەوە لەیەکتر جیابوبێتنەوە و جێگایان گۆڕیبێ بۆ ئەم دوو وڵاتە. (زەکی بەگ ٢٠٠٥، ل ٢٠٢)، (تایەر سدیق) زاری (گۆران)ی لە ناو زاری کـــرمانجی خوارووداا ڕیزکــردووە، بــەڵام شێوەزاری زازایی بـــە زارێــکی سەربـەخـــۆ لەقـــەڵەمداوە. (عەزیز ٢٠٠٥، ل ٥٥)، نوسەر لەم دابەشکردنەدا گۆرانی بە یەکێک لەزارەکانی کوردی ناوەڕاست داناوە، بەڵام زۆربەی دابەشکردنەکان زاری گۆران بەزارێکی سەرەکیی یا سەربەخۆ دادەنێن، نەک زارێک لە زارەکانی کرمانجی خواروو، (بەکر عومەر عەلی و م. شێرکۆ حەمە ئـەمین) زاری گـۆرانیان بە زارێکی سەربەخۆ داناوە. (عەلی و حەمەئەمین ٢٠٠٧، ل ١١)، فازڵ ئوسلیان زاری گۆرانی بەزارێکی زمانی کوردی زانیوە، کە ئەمیش چەندین بنزاری لێدەکەوێتەوە لەوانە: (هـەورامی، زازاکـی، لـەکـی، شـەبـەک و بـاجـەڵان و کـاکەیـی). (ئوسلیان ٢٠١٥، ل ٨٩)، (ئێدمۆنز) باسی زاری (گۆران)ی کردووە و هەروەها زازاشی وەک زارێکی سەربەخۆ داناوە، کە زاری (گۆران)ی سەر بە کوردستانی ئـێران و عێراق و زازاش سەر بـەکوردستـانی تورکیا لەقـەڵەم داوە. (ڕۆستەم ٢٠١٩، ل ٣٨-٣٩-٤٠-٤١)، (محەمەد ئەمین) هەورامی لەباسی زارەکانی زمانی کوردی زاری (گۆران)ی وەک زارێکی سەربەخۆ داناوە و چەند وەچە زارێکیشی لێ دەبێتەوە لەوانە (هەورامانی، لوڕی، باجەڵانی، زازای). (هەورامانی ١٩٨١، ل ٦٨)، (پیتەر لیرخ) زارەکانی گـۆران و زازایـی بـە دوو زاری سەربەخۆ داناوە. (اسماعیل ١٩٨٤، ل ١٠٣)، بەڵام زۆربەی لێکۆڵەران ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە، کە شێوەزاری زازا یەکێکە لە شێوەکانی زاری گۆران.

(محەمەد ڕەزا بەهادو)ر) لە باسی زارەکانی زمانی کوردی گۆران و زازای بە دوو زاری سەربەخۆ داناوە، کە ئەمیش لە جیاتی زاری گۆران، هەورامی بەکارهێناوە. (جەهانفەرد ٢٠١٥، ل ١٢٣)، (مەکەنزی) لە باسی زارەکانی زمانی کوردی زارەکانی زازا و گۆرانی نەخستۆتە ناو گروپی زمانی کوردی. (زەرێ ٢٠٠٥، ل ١٣)، (مەکەنزی) زارەکانی گۆران و لوڕی خستۆتە دەرەوەی پۆلێنی زمانی کوردییەوە، لە یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانی پێیان دەڵێت دوو زمانی ئێرانی، کە بە هەڵە بە کوردی دانراون، ئەمەش وای لە ڕۆژئاواییەکان کردووە بە هەڵەدا بچن و زۆرجار تێکستی گۆرانەکان بخرێنە ڕیزی زمانە فارسییەکانەوە. (حەمەڕەشید ٢٠١٣، ل ٣١٢).

لەگەڵ ئەوەی گۆرانەکان بەشێکی ڕەسەنی نەتەوەی کوردن و زاری گۆران بەشێکە لە زمانی کوردی، بەڵام هەندێک لە زمانەوان و ڕۆژهەڵاتناسان بەهەڵە ئەم زارەیان لە دەرەوەی زمانی کوردی داناوە و بە زارێکی نزیک لە زمانی فارسی لە قەڵەمیان داوە، ب.ف. میللیرزاری ناوچەکانی (زەنگنە، کەلهوڕ، کرماشان، سنە)، کە ئاشکرایە کوردن ئەو وەک گروپێکی تایبەتی جیایان دەکاتەوە و ناویان لێدەنێ زارەکانی کوردی - فارسی، ناشزانرێ لەسەر چ بەڵگە و هۆکارێک ئەمەی کردووە، ئەمەش نەشارەزایی ئەم زمانەوانە نیشاندەدات لە زارەکانی زمانی کوردی. (کوردۆییێڤ ١٩٧٣، ل ٩٨)، مینۆڕسکی لە دوو کاتی جیاوازدا دوو ڕای جیاوازی لەسەر زاری گۆران دەربڕیوە کە لە ساڵی(١٩١٥)ز پشتگیری ئەوە دەکات، کە گۆرانەکان کوردن، بەڵام لە ساڵی(١٩٢٥)ز ڕای خۆی گۆڕی بەوەی گۆرانەکان کورد نین و بەڵکو توخمێکی ئێرانییان هەیە. (ڤلادمیر ٢٠٠٨، ل ١٨١).

بۆچونی ئەم زمانەوان و ڕۆژهەڵاتناسانە سەبارەت بەوەی زاری گۆران بەشێکە لە زمانی فارسی هەڵەیە و لەگەڵ ڕاستییدا ناگونجێ، چونکە لە چەندین بەڵگەی نوسراو و دەقی شیعریدا ئەم بۆ چوونە ڕەتدەکرێتەوە، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم بۆچوونانە بەڵگەیەکی دەقی شیعری (خانای قوبادی)، سەبارەت بە زمانی کوردی، کە بە شێوەزاری گۆران وتوویەتی دەخەینەڕوو، کە دەڵێت:

ڕاستەن مەواچەن فارسی شەکەرەن

کوردی جە فارسی بەڵ شیرین تەرەن

پەی چێش نە دەوران ئی دنیای بەدکێش

مەعلومەن هەرکەس بە زوانی وێش. (خانای قوبادی ٢٠١٦، ل ١٤٣).

ڕاستە کاریگەری ئەدەبی فارسی لەسەر (خانا) زۆر بووە، شیعری فارسی جێگای سەرنجی بووە، ئەوەش ڕاستیەکە و خانا نەیشاردۆتەوە، بەڵکو بە شانازییەوە ڕێز لە نیزامی گەنجەوی و جامی دەگرێت و ئەمان بەسەرچاوەی شکانی توینێتی خۆی دەزانێ، بەڵام کاریگەرییەکە سنوردار بووە و نەگەیشتووە بەو ڕادەیەی بەرهەمەکانی خۆی بە فارسی دابڕێژێ. (مەلا ساڵح ٢٠٠٦، ل ١٣)، ئەو زمانەی (خانا) بە شیرینتری لە

قەڵەمداوە بە زاری گۆرانی نووسراوە، کەواتە شێوەزاری گۆرانی بە شیرینتر لە فارسی دەناسێنێت، ئەگەر زاری گۆران سەر بە زمانی فارسی بوایە بێگومان خانای شاعیر دانی پێدا دەنا، لێرەدا (خانا) زۆر بە ڕوونی ئەو جیاوازییە پیشان دەدات، کە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی فارسیدا هەیە، خانا هەر بە شێوەزاری گۆران باسی شیرینی زمانی کوردی کردووە و زمانی کوردی لە زمانی فارسی پێ شیرینترە.

فەقێ قادری هەمەوەندی دەڵێت:

چون فارسی بی (پەنـــــــد حەکیمان)

بە لەفظ کوردی کـــــــەردم تەرجومان

سا چون من ئەسڵم سینف ئەکــــــرادەن

هەرگەس بە ئەمثال وێش خاتــر شادەن. (فەقێ قادر ١٩٨٠، ل ٣١).

شاعیر لێرەدا دەڵێت: لەبەرئەوەی پەندی حەکیمان ئەسڵی فارسی بووە، من وەرمگێڕاوە بۆ زمانی کوردی، چونکە من ئەسڵم لە چەشنی کوردە و هەموو کەسێکیش بە هاوچەشنی خۆی دڵشادە، لێرەدا جیاوازی نێوان زمانی کوردی (زاری گۆران)و زمانی فارسی بە ڕوونی دەردەکەوێ، کە زاری گۆران بەشێک نییە لە فارسی، واتە گومان لەوەدا نییە، کە زاری گۆران بەشێک بێت لە زمانی فارسی، بەڵکو ئەو زمانەوان و ڕۆژهەڵاتناسانە، یاخود ئەوانەی پێیان وایە گۆرانەکان کورد نین لەم باسەدا بە هەڵەداچوون.

(مارف خەزنەدار) بەم جۆرە باسی زاری گۆرانەکان دەکات و دەڵێت: "کاکەییەکان (ئەهلی هەق، عەلی ئیلاهی و یارسان) شارەزووریان کرد بە سەرزەمینی پیرۆزیان وە زاری گۆران بە زمانی ئایینییان، لەو سەردەمەدا زمانی شیعر لە شارەزووردا (گۆران)ی بوو، هەروەها عەشیرەت و هۆزەکانی گەرمیان و دەوروبەری کەرکوک و کفری و خانەقین و قەراغ و زێی سیروان، وەکو عەشیرەتەکانی زەنگنە و جەباری و شوان و بیبانی و هی دیکە لە تیرەی گۆران بوون، ئەمانە ئەدەبی کلاسیکی نوسرا و میللیی نەنوسراوی خۆیان هەبوو بە زاری گۆران، زاری گۆرانی زاری قسەکردن و نووسینی هەموو ئەو هۆزانە بوو، کە لەو ناوچە جوگرافییە دەژیان، هەروەها لە زاری گۆراندا مەسەلەی زارە بچووکەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ئەدەبدا ڕونتر و ئاشکراتر دەکەوێتە بەرچاو، واتا ئێمە شیعری کوردی بە زارە بچووکەکانی زاری گۆران دەبینین". (خەزنەدار ٢٠٠٢، ل ١١-١٢).

"کۆمەڵێ زار و شێوەزار هەیە، کە زازا لە کوردستانی تورکیا و گۆران لە کوردستانی عێراق و ئێراندا، زازا زمانی قسەکردنە لە ناوچەی دیاربەکرو (ئازەربایجان)[1]، گۆرانیش لەناو کاکەیی و تاوغ و هەندێ هۆزی زەنگنە لە نزیک کفری و باجەلانی نزیک خانەقیندا بڵاوە، لە ئێران-یش دا، هۆزە هەورامییەکان لەسەر هەردوو دیوی

١) ناوی ڕاستی شوێنەکە (ئەرزنجان – ئەرزنگان)ە، زازاییەکان خاوەنی چوار پارێزگان لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، ئەوانیش: (چەولک، خارپت-ئەڵەزگ، ئەرزنگان، دەرسیم-دێرسیم). (دەوڵەت ٢٠٢١).

زنجیرە چیای زاگروس لە ڕۆژئاوای سنەوە بڵاودەبنەوە لەگەڵ دراوسێکانی خوارووییاندا لـەسەر ڕێـگای کـرماشان و سلطانیە تێـکەڵ بەیەک دەبن و (گـۆران)ی شێـوە سلێمانی و ئەردەڵانیان لێ پێکدێت". (اسماعیل ١٩٨٤، ل ١١٤)، سەردەمانێک تەنها بە زاری گۆران وتراوە زمانی کوردی، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، کە زمانی کوردی زاری (گۆران)ی زارێکی کۆنە، بۆیە زمانی دینی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری کورد بووە، نەک تەنها لای ئەردەڵانییەکان کە لە (١٢٣)ی کۆچی دامەزراوە بـەڵکو دەگـەڕێتەوە بـۆ زەمـەنێکی کۆنی دەوری ئـاڤێسـتا. (محمد ٢٠٠٥، ل ١٨١).

"دیالێکتی گۆران لە نیوەی دووەمی سەدەی چواردەهەمی زایینی بووە بە زمانی ئەدەبی شیعری ناوچەیەکی فراوانی کوردستان، زاری گۆران تا سەدەی نۆزدە بڕیکردووە و بووە بە زمانی شیعر لە هەموو ئەو ناوچانەی، کە ئەکەونە باشوری ڕۆژهەڵاتی زێی بچووکەوە، لە کوردستانی عێراق تا سنە و کرماشان لە کـوردستانی ئێران". (سەعید ٢٠٠٨، ل ١٠٥).

"گرنگی و بایەخی زاری گۆرانیی لە زمانی کوردیدا، لە ئاست بایەخی هیچ زارێکی تری ئەم زمانە نییە و لە هی گشتیان زیاترە، ڕاستە هەرکام لە زارەکانی زمانی کوردی ڕوویەکی هەیە و بایەخێکی تایبەتی ئەداتێ، بەڵام کە بەراوردی ئەم ڕووانە و ئەم بایەخە ئەکەین بۆمان دەردەکەوێ هی زاری گۆرانیی لە هیی ئەوانی تر گەلێ زیاترە". (مەردۆخی ٢٠١٠، ل ١١). بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخانەی کوردی پێیدا تێپەڕیوە زاری گۆران جێگەی گرنگی و بایەخێکی زۆر نەبووە ، ئەم زارە وەک زمانێکی ئەدەبیی بەشێکی زۆری ناوچەکانی کـوردستانی گرتۆتەوە.

ئـــەم زارە لـــە مـــەلا پەرێشانـــەوە واتـــە لـــە ســـەدەی (١٤)ز، زمـــانی شیعـــری ناوچـــەکـــە بـــووە، (حەمەتۆفیق ٢٠١٩، ل ١٩)، ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەری لە شیعری کوردیدا هەبووە، کە تا ئێستاش گرنگی و بایەخی خۆی لەدەستنەداوە، هەرچەندە هەندێ تێبینی هەڵە دەبینین، کە زمانەوان و مێژوونوسانی ڕۆژئاوای بە هەڵەدا بردووە و بەسەریاندا تێپەڕیوە، هەندێکیان زاری گۆرانیان لەدەرەوەی زمانی کوردی داناوە، بەڵام هەر زوو لەلایەن کەسانی بیانییەوە بەرپەرچی هەڵەکانیان دراوەتەوە، زۆربەی ئەو بیانی و زمانەوان مێژوونوس و شاعیر و ڕۆژهەڵاتناس و نووسەرە ناودارانەی لە بارەی زمانی کوردی و زارەکانی ئەم زمانەیان نوسیووە زاری گۆرانیان بە یەکێک لە سەرەکیترین زارەکانی زمانی کوردی داناوە.

## سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری زاری گۆران:

پۆلێنکردنی مێژووی ئەدەبی کوردی بەپێی زارەکان بەسەر چوار ڕێچکەی ئەدەبیی دابەش دەبێت، کە بریتین لە ئەدەب بە زاری (لوڕ، گۆران، کرمانجی ژوروو، کرمانجی خواروو-کوردی ناوەڕاست)، دوای سەرهەڵدانی ئەدەبی هەریەک لەم زارانە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیون، ئەو قۆناغانەش بە قۆناغەکانی سەرهەڵدان و

گەشەسەندن و لاوازبوون و پوکانەوە و هەندێک جار بە لەناوچوونی ئەو شێوە ئەدەبیاتە و سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێتر دەستپێدەکاتەوە.

نوسینی کوردی بە زاری (گۆران)ی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگارێکی دێرین و ڕابووردوییەکی کۆن، تا ئێستا سەرەتای نوسینی بە زاری گۆران بە تەواوی ڕوون نەبۆتەوە، تەنانەت هەندێکیان لە بەر زۆر کۆنی مۆرکی فۆلکلۆریان پێوە دیارە. (محمد ١٩٨٩، ل ٥)، دەسەڵاتی ئایینی و سیاسی و کارگێڕی ناوچەکان بووەتە هەوێنی سەرهەڵدانی ئەدەبیاتێک بە دیالێکتی ناوچە دیاریکراوەکە، لەبەرئەوەی دوای سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سیاسیی و کارگێڕیی، بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی و هونەریشی بەدوادا دێت، وەک سەرخان و پێویستییەک بۆ تەواوکردنی ئەم ژێرخانە، بۆ نموونە میرنشینی ئەردەڵان زاری ناوچەیی لە بوارە جیاجیاکاندا بەکارهێناوە، کە شێوەی گۆرانە، ئەمەش کاریگەری بەسەر سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئەدەبیاتی گۆرانەوە هەبووە. (مەلازادە ٢٠٢٠، ل ٦٤-٦٥).

ئەدەبی زاری (گۆران) دابەش دەبێت بەسەر دوو قۆناغی سەرەکیدا، ئەوانیش ئەدەبی پێش ئیسلام و دوای ئیسلام، ئەدەبی ئەم زارە بە کۆنترین ئەدەبی کوردی دادەنرێت لەڕووی سەهەڵدانەوە، کە سەرەتاکەی دەگەڕیتەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام.

## ئەدەبی گۆران پێش ئیسلام:

سەرچاوە مێژوویەکان گەواهیدەری ئەوەن، کە بەڵگە و پەڕاوە مێژووییەکان وای پیشان دەدەن کورد لەگەڵ مادەکاندا لەگەڵ گەلانی تردا لە زنجیرە چیاکانی کوردستانی ئێستا نیشتەجێبوون، بێگومان هەورامان، کە بەشێکە لە گۆران لە ڕەوتی زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا پشکێکی دیاری هەبووە.

یەکەمین پەڕاو، کە بە زمانی کوردی نوسراوە، لەلایەن زەردەشتەوەیە، ناوی ناوە (ئاڤێستا)، ئەم پەڕاوە، پەڕاوێکی ئایینییە، دەبێ بە بناغەی ئەدەبی کوردی دانرێ، ئایینی زەردەشت هەر ئەو ئایینەیە، کە لە پێش ئیسلامەتیدا کورد و فارس و گەلانی تریش بڕوایان پێ بووە و لەسەری ڕۆیشتوون، جگە لە پەڕاوی ئاڤێستا، گەلێ پەڕاوی تریش بە زمانی پەهلەوی ماونەتەوە، کە ئەم زمانە لە زارەکانی لوڕ و گۆران و لەکییەوە نزیکەو پەیوەندیی پتەو لەنێوانیان هەیە و ناتوانین لە زمانی کوردی جیابکەینەوە. (بۆرەکەیی ٢٠٠٨، أ. ل ٢٧-٢٨)، "ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە لە پێش داهاتنی ئیسلامدا هۆنراوە بە زمانی کوردی هۆنراوەتەوە، وە هۆنراوەی کوردی سەری بە گەلێک دەرگادا کردووە زۆر شوێنی دیوە، نامیلکەی گاتاکان کە بەشێکە لە پەرتوکی (ئاڤێستا) هەمووی بە هەڵبەستی هیجایی (برگەیی) وتراوە کە ئیستاش ئەم جۆرە هەڵبەستانە لەناو کوردا باون، بە تایبەتی هەڵبەستی دە هیجایی لە ئاڤێستادا زۆر دەبینرێ و هۆنەرانی کوردیش زۆربەی هۆنراوەکانیان لەسەر هیجا هۆنیوەتەوە". (بۆرەکەیی ٢٠٠٨، أ. ل ٣٧).

(هورمزگان و پیرشالیار)[1] ئەو دوو ناوەن، کە لە ئەدەبیاتی گۆراندا نابێ لەبیر بکرێن و بەسەریاندا تێپەڕین، چونکە لە زۆر سەرچاوە و بەڵگەنامەدا ئەمان بە سەرەتا و بناغەی ئەدەبی زاری گۆران دادەنرێن، لە سەرچاوە مێژووییەکاندا (هورمزگان) بە خاوەنی کۆنترین دەقە شیعری ئەدەبیاتی گۆران دادەنرێ، کە وەک بەڵگە ماوەتەوە. (پوور ١٣٩٢، ل ٢١)، "هورمزگان بە پێگەو بنەمای سەرهەڵدانی شیعری کوردی دەژمێردرێ". (عادل ٢٠٠٨، ل ١٢٦)، (پیرشالیار) یەکێکە لە(٩٩) پیرەکەی هەورامان، کە لەنێوان خەڵکی بە تایبەتی شیعری هەورامان پێگەو پیرۆزی خۆی هەیە، بە وتەی هەندێک لە مێژوونووسان (پیرشالیار) هاوڕێ و هاوەڵی زەردەشت بووە و کتێبەکەشی پیشانی هەموو کەس نەداوە. (پوور ١٣٩٢، ل ٢٧-٢٨)، "پیرشالیار پیاوێکی دانا و زانا و شاعیر و بە ماریفەت بووە، کتێبێکی لێ بەجێماوە بە ناوی (ماریفەت و پیری شالیار) کە لە ناویدا پەند و ئامۆژگاری و مەعریفەتی بە شێوەی شیعر وتووە". (کاکەیی ٢٠٢٠، ل ١١٠)، هەرچەندە دەقە شعرییەکەی هورمزگان زۆر جێگەی شک و گومانە و لەلایەن هەندێک لە نوسەران و ئەدیبانەوە دەقە شیعرییەکەی هورمزگان پشتڕاست نەکراوەتەوە و دانی ڕاستی پێدا نانێن، ئەویش بەهۆی دژیەکی لە ناو شیعرەکەو هەروەها زمانی شیعرەکە نوێیە وکۆن نییە...هتد، لەو نوسەرانەی کە گومانیان لە دەقە شیعرێکەی (هورمزگان) هەیە وەک: د.جەمال نەبەز، د.جەمال ڕەشید، مامۆستا فاروق حەفید، مامۆستا ئەحمەد شەریفی، مامۆستا حەسەن مەحموود حەمە کەریم، مامۆستا عبدالرزاق عبدالرحمن، د.فرسەت مەرعی...هتد.

لە قۆناغی دوای ئایینی زەردەشت، ئایینی یارسان دەبێتە پاڵپشتییەکی گەورەی شیعر و ئەدەبیاتی گۆران، شاعیرانی گۆران پەیڕەوی (ئەدەبی یاری)[2]یان کردووە، یارسان چەند ناوێکی تریشی بۆ بەکاردێنن لەوانە: کاکەیی، ئەهلی حەق، عەلی ئیلاهی، بەڵام شوێنکەوتوانی ئەم ڕێچکەیە بە گشتی پێیان باشە بە یاری و یارسان ناو بهێنرێن، کتێبێکی پیرۆزیشیان هەیە بە ناوی سەرەنجام و بە کەڵام-کەڵامی خەزانەش ناوی دێنن. (ڕۆستەم ٢٠٠٦، ل ١٤-١٥)، "یارسان وەک ئایینێکی کۆنی مێژووی پەیڕەوکەرانی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و ئێراندا بڵاوبونەتەوە و زمانی قسەکردنیان لە کۆندا ماچۆ بووە، کە تا ئێستاش کاکەییەکان پێی دەدوێن". (کاکەیی و کاکەیی ١٩٨٥، ل ٤٨)، شاعیرانی سەدەی (٨ تا ١٤)ی زایینی زۆرترینیان بریتین لە ڕابەران و پەیڕەوکەرانی ئەدەبی یاری،کە زۆربەی شیعرەکانیان خواناسین و لە ڕچی خواناسیدا لە یەکتر پەیڕەویان کردووە لە هەندێ واتا و ناوەڕۆکدا لەیەکەوە نزیکن. (بۆرەکەیی ٢٠٠٨، أ. ل ٤٤).

ئەدەبیاتی یارسان گەورەترین کاریگەری لەسەر ئەم ڕەوتە شیعرییە هەبووە، هەر ئەمەشە وای کردووە ئایینی یارسان بە یەکێک لە هۆکارەکانی زۆر مانەوە و بەردەوامی شیعر و ئەدەبیاتی زاری گۆران دابنرێ، ئەدەبی ئایینی یارسان، بەشێکی گەورەیە لە ئەدەبیاتی گۆران.

---

١) یەکەم شاعیری کورد، بە ناوی (پیر شالیار)ەوە ناسراوە، لە سەدەی دەهەمدا ژیاوە. (ا.م مینتیشا ١٩٩٩، ل ٩٠).

٢) مەبەست لە (ئەدەبی یاری) ئەدەب و شیعرە ئایینییەکانی یارسانە.

ڕێوڕەچەی یارسان - ئەهەلی حەق - عەلی ئیلاهی، ڕێوڕچەیەکی ئایینییە و پەیڕوکەرانی لە کوردستاندا زۆرن، وەک ناوچەکانی کەرکوک، داقوق، خانەقین، هەندێ شەبەکی موسڵ، هەڵەبجە، شارەزوور، کەلار، سلێمانی، کرماشان، هەمەدان...(ڕۆستەم ٢٠١٨، ل ١٧١-١٧٢-١٧٣)، ڕێبەرانی ئایینی یارسان زۆرن، بەڵام پێنج لەوان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە پەرەپێدانی ئایینی یارسان و ئەدەبی گۆراندا هەبووە، ئەوانیش: ١- بهلول ماهی لە نیوەی سەدەی (٨)ی زایینی ٢- بابا سرهنگ دەودانی لە سەدەی (١٠)ی زایینی ٣- حسین بن مسعود کوردی ناسراوە بە شاخۆشینی لوڕستانی، یا موبارک شای عەلەوی لە سەدەی (١٠ و ١١)ی زایینی ٤- سەید ئیبراهیم عەلەوی، یا بابا ناوس سەرگەتی بابا ناوس جاف لە سەدەی (١١)ی زایینی ٥- سان سەهاک برزنجی سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی لە سەدەی (١٢ و ١٣)ی زایینی. (پوور ١٣٩٢، ل ٢٨-٢٩).

## شیعری زاری گۆران لە سەردەمی ئیسلام و دوای ئیسلام:

لەدوای سەرهەڵدانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش ئەدەبی زاری گۆران بەردەوام بووە و لە پەرەسەندن و گەشەی خۆی نەوەستاوە، بەڵکو هەنگاوی زیاتری بەرەوپێشچونی ناوە، وەک وتراوە: لەوکاتەی گەمارۆی شاری شاپوری درابوو لەلایەن سوپای موسڵمانانەوە، موسڵمانان جەنگیان ئەکردو داوایان لەخەڵکی دەکرد یا موسڵمان بن، یا جزییە بدەن، ئەوانیش دەیان وت: نە مسلمانبیم نەگزیت دهیم — بشی اومکەشی کاما برهیم، واتا نە موسڵمان ئەبین و نە جزیەش ئەدەین بڕۆن بگەڕینەوە مەککە، تا ئێمەش ڕزگار بین، (مستەوفی قەزوینی) ئەم بەیتەی بە پەهلەوی ناوبردووە، وە لە ڕاستییدا ئەم بەیتە: گۆرانی- لوڕییە، ئەمە خۆی بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە لە سەردەمی ئیسلام و پێش ئیسلامدا ئەدەبی کوردی گۆرانی هەبووە. (ئیبراهیمی ٢٠٠٠، ل ١٦٣).

ناوچەی گۆرانەکان لە زۆر قۆناغدا، مەڵبەندی ئایینی و کلتوریی کوردی بووە، کتێبەکەی پیرشالیاری زەردەشتی (ماریفەت و پیرشالیار) تا ئێستاش لە هەوراماندا پارێزراوە، تا سەردەمێکی زۆریش دوای بڵاوبونەوەی ئیسلام، خەڵکی ئەم ناوچەیە پەیڕەوی ماریفەتەکەی پیرشالیاریان کردووە، ئیسلامساڵی(٨٤٢) ی کۆچی لەم ناوچەیەدا بڵاوبۆتەوە، لە سەرێکی ترەوە مەڵبەندی ئایینی ئەهلی هەقەکانە، سەرەنجام سرودی دینی یارسان بە زاری گۆرانی نوسراون و (پەردێوەر) و (مەزاری باوە یادگار)یش کەوتونەتە ئەم ناوچەیە. (جاف ٢٠٠٨، ل ٩٦)، سەرەنجام کتێبی ئایینی یارسانەکانە، لە شەش بەش پێکدێت ئەوانیش: "بارگە بارگە، دەورەی حەوتەوانە، دەورەی چلتەن، گلێم و کۆڵ، دەورەی عابدینی جاف، وردە سەرەنجام، کورتەی سەرەنجام". (ڕۆستەم ٢٠١١، ل ٢٤)، لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیدا گەلێ شاعیر و بویژ هەڵکەوتوون، کە شیعریان بە زاری گۆران هۆنیوەتەوە، بەڵام بەهۆی تەنگوچەڵەمەی ڕۆژگارەوە زۆربەی شوێنەوارەکانیان تیاچوون و نەماونەتەوە، لە دەوروبەری سەدەی دووەمی کۆچیدا ڕێوڕەوشت و ڕێبازی یاری لە ناو کوردەواریدا بە تایبەت لە لوڕستان و هەوراماندا، بنجی داکوتا و پاشان بە زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستاندا بڵاوبووەوە. (بۆرەکەیی ٢٠٠٨، أ. ل ٤٣-٤٤)، "تێکستی شیعری گۆران کۆنترین تێکستە لە ئەدەبیی کوردیدا، یاخود بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین سەرەتای

مێژووی ئەدەبی گۆران بە شیعر دەستی پێکردووە". (پوور ١٣٩٩، ل ٤٧)، کەواتە ئەوەی زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە، کە دەقی ئەدەبیی زاری گۆران کۆنترین دەقە لەڕووی مێژووییەوە، واتا سەرەتای دەقی نوسراوی ئەدەبی کوردی لە ئەدەبیی زاری گۆرانەوە دەستی پێکردووە.

"کۆنترین شیعری کوردی، کە بۆ پتر لە هەزارو دوسەد ساڵ ئەگەڕێتەوە بە دیالێکتی گۆرانییە کە شیعری باڵووڵی ماهی یە". (مەردۆخی ٢٠١٠، ل ١١)، "تێکستی هۆنراوەی شێوەی گۆرانی، کۆنترین تێکستە لە وێژەی کوردیدا، یاخود بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین: سەرەتای مێژووی وێژەی کوردی بە هۆنراوەی شێوەی (گۆران)ی دەستپێکردووە، ئەگەر چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی (٩٣٥-١٠١٠) ز بخەینە ئەولاوە، کە بە شێوەیەکی کوردی ئێرانی ناوچەیی تێکەڵاو یا بە شێوەی لوڕی نوسراونەتەوە". (عەزیز ٢٠٠٤، ل ٢٢)، "شیعری ئایینی و لیریکی (غنائی) لە زاری گۆراندا کۆنترین زمانی شیعری کوردییە لە سەدەکانی ناوەڕاست پەیدابووە و لە بەرزی و نزمیدا بووە تا سەرەتای سەدەی بیستەم". (خەزنەدار ٢٠٠١، ل ١٥٩)، ئەوەی دەربارەی سەرەتای شیعری گۆران بەردەستە سرودی ئایینی کاکەییەکان و مەلا پەرێشانە، کە بە سەرەتای شیعر و ئەدەبی کوردی دادەنرێت و بە زاری گۆران نوسراون.

لەبارەی سەرەتاکانی ئەدەبی نوسراوی کوردی (نەوشیروان مستەفا) دەڵێت: "هەندێ لەوانە خەریکی نوسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردین پێیان وایە ئەدەبی کوردی بە لەهجەی گۆران پێش ئەدەبی کوردی بە لەهجەکانی تر دەستی پێکردووە ئەمەش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان باباتاهیر بە کوردی و ڕوباعییەکانی بەسەرەتای ئەدەبی کوردی دائەنێن، دوەمیان کەلامە دینیەکانی ئەهلی حەق بە لەهجەی گۆران هۆنراونەتەوە". (ئەمین ٢٠١٢، ل ٢٢٨).

ڕەنگە نەتوانرێ کۆنترین تێکستی شیعری نوسراو بە زاری گۆران دیاری بکرێ، چونکە هەندێک (مەلا پەرێشان)، هەندێک سرودەکانی کاکەییەکان، بەسەرەتا دائەنێن، ئەگەر هەرکام لەمانە سەرەتا بێت هێشتا تێکستی ئەدەبی گۆران یەکێکە لە کۆنترین تێکستی شیعری نوسراوی کوردی. (ئەمین ٢٠١٢، ل ٢٣٧)، جگە لە دەستنووسی ئەدەبیی، کتێبی ئایینی کۆنیش بەم دیالێکتە هەیە و ئەو بەرهەمانەی سەدەی چواردەیەمیش لە ئاستێکی هونەری بەرزدان و زمانەکەیان پێشکەوتووە، دەتوانرێ بوترێت، کە زاری گۆرانی زۆر پێش سەدەی چواردەیەم زمانی ئەدەب بووە. (محەمەد ٢٠١٨، ل ٢٢-٢٣)، زاری گۆران لەسەدەی دەیەمی زایینی ڕەنگە پێش ئەوەش کتێبی ماریفەت و پیرشالیاری زەردەشتی پێ نوسرابێ، کە لە بارەی ئایینی زەردەشتەوەیە، دوای ئەویش کتێبی سەرەنجامی پێ نوسراوە کە لە ناو خەڵکدا بە سرودی یارسان ناسراوە کتێبی ئایینی ئەهلی حەق". (تەها ٢٠٠٥، ل ٧٨-٧٩).

زۆربەی زۆری ئەو سەرچاوانەی لە بارەی سەرەتای ئەدەبی کوردییەوە نوسراون لە کۆن و نوێدا ئاماژە بەوە دەکەن، کە شیعری کوردی زاری گۆران سەرەتای دەستپێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سروده ئاینییەکان، ، دواتر هەنگاو بە هەنگاو گەشەدەکات و بەرهەمەکانی بۆ چیرۆک و داستان...گەشەپێدەدات شیعری ئەم زارە تا سەرهەڵدانی شیعر بە زاری کوردی ناوەڕاست بەردەوام دەبێت، دوای سەرهەڵدانی شیعری زاری کوردی ناوەڕاست، شیعری زاری گۆران بەرەو لاوازبوون و پوکانەوە دەڕوات و شیعری زاری کوردی ناوەڕاست دەبێتە پێشەنگی بواری ئەدەب و نوسین،

**شیعری زاری گۆران دوای ئیسلام بەسەر حەوت قۆناغدا دابەش دەبێت، عادل محەمەد پوور بەم شێوەیە قۆناغەکانی دابەشکردووە:**

قۆناغی یەکەم: یەکەمین شیعری بڕگەیی بە زاری گۆرانی و ڕەوتی پارێزگاریکردن لە توخمی زمانی ئاواز، سۆز و ئاوازی دەنگ و شێوەزار، لە سەرەتای هێرشی عەرەب بۆ ئێران. قۆناغی دووەم: ڕەوتی شیعری یارسان و (فهلویات دوو بەیتی)[1] بە زاری گۆران؛ ڕوکەشی ئایینی-ئەدەبی شیعری بڕگەیی گۆران و دەرکەوتنی مەلا پەرێشان، ئەم ڕەوتە لە نیوەی دووەمی سەدەی (٨) ی زایینی تا سەدەی (١٧) ی زایینی. قۆناغی سێیەم: بێسارانی؛ دەرکەوتنی توانا، کێش و پێکەوەبەستن و ئاوێتە بوونی شیعری بڕگەیی گۆران و جێگیربوونی ڕەوتی ئاواز لە سەدەی (١٧)ی زایینی تا سەدەی (١٨)ی زایینی، قۆناغی چوارەم: سەیدی هەورامی؛ بەردەوامی و گۆڕانکاری لە ڕەوتی ئاواز و دروستبوونی ڕوخساری شیعری گۆران لە سەدەی (١٩) ی زایینی، قۆناغی پێنجەم: مەولەوی تاوەگۆزی؛ پێکەوەبەستن و ئاوێتە بوون لە فۆرم و ناوەڕۆک لە سەدەی (١٩ و ٢٠) ی زایینی، قۆناغی شەشەم: قۆناغی دوای مەولەوی، شاعیرانی دوای مەولەوی و شوێن کەوتوانی لە سەدەی (٢٠) ی زایینی و دواتر، قۆناغی حەوتەم: ڕەوتی گۆڕانکاری و تێکەڵاوبوون لە دروستبوونی ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعری گۆران. (پوور ١٣٩٢، ل ١٩).

لە قۆناغی دووەمدا ڕوخساری شیعری (فهلویات) و ناوەڕۆکی شیعری لە ژێر کاریگەری ئایینی (یارسان)دا بوو، ئەم ئایینەش کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتی گۆران هەبووە، هەروەها گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە، لە پاش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام، ئەم ئایینە کاریگەری گەورەی لەسەر شیعری زاری گۆران دروستکرد، ئەم کاریگەربوونەش لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعری شاعیرانی ئەم زارەدا ڕەنگی دەداتەوە.

---

١) مەبەست لە (فهلویات) جۆرێکی تایبەتی دوو بەیتییە.

## تەوەرەی دووەم: ڕەوتی هەڵکشان و داکشانی شیعری زاری گۆران:

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و پیشاندانی قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشە و هۆکارەکانی پوکانەوە و لاوازبوون، پێویستە ئەوە بخرێتەڕوو، کە ڕەوتی ئەدەبیاتی گۆران چۆن بووە، قۆناغی گەشەو پوکانەوەی چ سەردەمێک بووە،کام هۆکارانە بونەتە هۆی گەشە و دواتریش هۆکارەکانی لاوازبوون و پوکانەوەی شیعر و ئەدەبی ئەم زارە ئاشکرا دەکرێت، لەنێوان سەدەی (٨ تا ٩)ی زایینی نموونەی دەگمەن و جێگای مشتومڕ لە ئەدەبیاتی گۆران دەبینرێ، لەنێوان سەدەی (٩ تا ١٠)ی زایینی هەندێ نموونەی خاوەندیار دەبینرێ، لەنێوان سەدەی (١٠ تا ١١)ی زایینی سەرەتای پتەوی ئەدەبیی یاری دەستپێدەکات. (سەجادی ٢٠٢١).

## قۆناغەکانی گەشەکردنی شیعرو ئەدەبی زاری گۆران:

گەشەی قۆناغی یەکەم: لەنێوان سەدەی (١٢ تا ١٣)ی زایینی ئەویش بە بوژانەوەی ئەدەبی یاری، کەلامی سەرەنجام (کۆکردنەوە)، گەشەی قۆناغی دووەم: لەنێوان سەدەی (١٤ تا ١٥)ی زایینی دەرکەوتنی شاعیری گەورە مەلا پەرێشان، گەشەی قۆناغی سێیەم: لەنێوان سەدەی (١٦ تا ١٧)ی زایینی دەرکەوتنی بێسارانی، قۆناغی بەرفراوان بوون، لە سەدەی (١٨ تا ١٩)ی زایینی، بەرفراوان بوونی جوگرافی: ئاسۆیی: لە ڕۆژئاوای کەرکوکەوە تا هەمەدان، ستونی: لە باشوری ئیلامەوە تا سەقز، بەرفراوان بوونی بابەتی: چیرۆکە شیعر، ئەڵماس خان و خانای قوبادی، ئەدەبی ئایینی و ئیسلامیی ئەرکەوازی و هەمەوەندی، ئەدەبی داستانی و نوسینەوەی شانامەی کوردی، ئەدەبی فێرکاریی. (سجادی ١٣٩٠،أ. ل ٣٥٢-٣٥٤).

لوتکەی ئەدەبی (لیرک)ی گۆرانی: مەولەوی تاوەگۆزی، مەستورە، وەلی دێوانە، سەید یاقووب، ئەحمەد بەگی کۆماسی، سەیدی، ڕەنجوری، مەلای جەباری، فەقێ قادری هەمەوەندی، میرزا شەفیعەکان، میرزا عەبدولقادر، جیهان ئارا، خەلیل منەوەر. (سجادی ١٣٩٠،ب. ل ١٣-١٥).

## هۆکارەکانی داکشان و لاوازبوونی شیعری زاری گۆران:

"نەگۆڕینی فۆڕمی شیعری گۆرانی، گەشەی زمان و ئەدەبی کوردی بە شێوەزاری سۆرانی، گرنگی نەدان بە پەخشان بە زاری گۆران، گەشەی چاپەمەنیی کوردیی لە نیوەی یەکەمی سەدەی (٢٠)ی زایینی بە سۆرانی و کرمانجی، لەناوچوونی میرنشینی ئەردەڵان، ململانێی ڕێبازەکانی سۆفیگەریی و بەتایبەت قادریی و نەقشبەندیی، سیاسەتی نوێنەرانی داگیرکەری بەریتانی لە بەغدا، دۆخی کۆمەڵایەتی - سیاسی لە باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە چارەکی یەکەمی سەدەی (٢٠)ی زایینی". (سەجادی ١٣٨٦، ل ٥٦).

یەکێکی تر لە هۆکارە گرنگەکان دروستبوون و سەرهەڵدانی شیعری کلاسیکە بە شێوەزاری ناوەڕاست، (نالی و سالم و کوردی)، هۆکارێکی گرنگی لاواز بوونی شیعری زاری گۆران بوون.

ڕایەکی کەش هەیە، کە پێی وایە دەسەڵاتی سیاسی هۆکار بووە بۆ لاوازبوون و پوکانەوەی شیعر و ئەدەبی زاری گۆران، لەم بارەیەوە دەوترێ: عەبدولڕەحمان پاشای بابان، کە ساڵی(١٧٨٩) ز دەسەڵاتی گرتە دەست، خولیای ئەوە بوو حکومەتی ئامانوڵڵا خانی ئەردەڵانی کە حاکمی سنە بوو، بڕوخێنێ، عەبدولڕەحمان پاشا بۆ پیشاندانی سەربەخۆیی خۆی لە حاکمانی فارس و عوسمانی و هەروەها بۆ جیاکردنەوەی مێژووی خۆی لە ئەردەڵانەکان بڕیاریدا، برەو بە زاراوەی ناوچەی شارەزوور بدات و نوسەران و شاعیرانی هاندا زاری گۆران لە کار بخەن، ئەویش لە ڕێگەی کاری وەرگێڕانەوە. (جۆیس بلاو، ک. ئالیسۆن، ف. ک.برۆییک ٢٠١٦، ل ١٨).

**هۆکارەکانی نوسینی شیعر بە زاری گۆران:**

مامۆستا عەلائەدین سەجادی بەم جۆرە باسی لە هۆکارەکانی نوسینی شیعر بە زاری گۆران کردووە و دەڵێت: هەورامان شوێنێکی شاخ و داخ و وشکە، نە فارس خۆی بۆ کوتاوە نە ڕۆم، نە عەجەم بەتەنگییەوە بووە نە تورک، بەم بۆنەیەوە پیاوانی هەورامان ئەوەندە ئاشنای بارەگای پاشاکان نەبوون بە جۆرێکی وا کە زمانی ئەوان کاریگەری لەسەر پیاوانی هەورامان هەبوبێ، خەڵکی ئەم ناوچەیە هەر، کە دەرونیان هاتبێتە جۆش بە زمانەکەی خۆیان دەریانبڕیوە، لەمەوە لە خۆوە (ڕەمەکی) فێربوون کە لە کۆنەوە شیعر و ئەدەبیات بە زمانەکەی خۆیان بنووسن، کاتێ زمانی عەرەبی بەهۆی ئایینی ئیسلام و لە مزگەوتەکانەوە سەریهەڵدا، هەورامییەکان زمانەکەی خۆیان پشتگوێ نەخست، چونکە پێش چونە مزگەوت لەناو خێزانەکانیان بە زاری خۆیان گفتوگۆیان دەکرد، جگە لە لایلایە و هەڵپەڕکێ و سەرکانی و ....هتد، ئەمانە بونە هۆی ئەوەی ئەگەر بە فارسی و عەرەبیش بخوێنن کاریگەری لەسەریان نەبێ، ئەمانیش تێکڕا بە ئەدەبیاتی خۆیان ئاشنابوون و فێربوون و دواتر خوێندەوارەکانیان بڵاوبونەوە بە ناوچەکانی (ئەردەڵان، شارەزوور، موکریان) لەو شوێنانە شیعر و ئەدەبیاتی شێوازی قسەکردنی خۆیان بۆ خەڵکی ئەخوێندنەوە و فێریان ئەکردن، خەڵکیش گوێیان بۆ ڕائەگرتن و فێری ئەم زارە بوون و بە ئەدەبیاتی گۆران ئاشنابوون و لە مزگەوت و دیوەخاندا بڵاودەبوەوە و خەڵکیش ئەگەر بیانویستایە شتێک بڵێن، پەیڕەوی ئەو جۆرە ئەدەبیاتەیان دەکرد، ئەم کارەساتەش بەم جۆرە مایەوە، تا دامەزرانـدنی شیعری بابان و زاڵبوونی شیعری بابان لـە ئەدەبیاتی کوردیدا. (سجادی ١٩٥٢، ل ١٤٣-١٤٤). هەرچەندە مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە جیاتی زاری گۆران جەختی کردۆتە سەر شێوەزاری هەورامی و ناوچەی هەورامان، کە هەورامی شێوەزارێکی گۆرانە نەک زاری گۆران، هەروەها هەورامانیش ناوچەیەکە لە سنوری جوگرافیای گۆران.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی پەیڕەوکردنی ئەم شێوەیەی زاری گۆران لەلایەن ئەو شاعیرو نوسەرانەی، کە ناوچە و زمانی قسەکردنیان گۆران یا نزیک لە گۆران نەبووە بە کارەسات ناوبردووە، بەڵام ئەمە نەک کارەسات نییە، بەڵکو بە جۆرێک لە جۆرەکان بەتوانایی شاعیرە، کە شاعیری بە زارێکی جیاوازتر لە زارەکەی

خۆی بنوسێت و ئەسپی خۆی تیایدا تاوبدات، چونکە فێربوون و نوسین بە زارێکی ئەدەبیی تایبەت، کە جیاوازە لەگەڵ زاری قسەکردنی خۆت، خۆی لە خۆیدا پێشکەوتن و توانا و ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو کەسە پیشاندەدات.

ئەو هۆکارانەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی باسی کردون، ڕەنگە بەشێکی ڕاست بێت بە نیسبەت شێوەزاری هەوارمییەوە، بەڵام بۆ هۆکاری نوسین بە زاری گۆران، ئەم هۆکارانە لاوازن، چونکە پەیڕەوکردنی زاری گۆران بۆ ماوەیەکی دورودرێژی چەندین ساڵە، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی تر وەک.

١- هۆکاری ئایینی، ئەم زارە پیرۆزییەکی ئایینی هەبووە، سەرچاوەکەشی لە زمانی ئاوێستاو گاتاکانی زەردەشتدا هەڵقولاون، بۆ نموونە سیاچەمانە سروودی ئایینی خەڵکی هەورامان بووە، بە پێی سەردەم تەنها ئاوازەکەی ماوەتەوە.

٢- سەرهەڵدانی ڕێوڕچەی ئایینیی یارسان لەنێوان ناوچەی کرماشان و هەورامان، کە بۆتە هۆی بوژانەوەی ئەم زارە، چونکە هەموو سرود و پەخشانە ئایینییەکانی یارسان بەم زارە هۆنراونەتەوە و هەرکەسێکی یارسان لە هەر شوێنێک ژیابێ لەناو چوارچێوەی سرووتە ئایینییەکاندا فێری زاری گۆران بووە. (ڕەسوول ٢٠٢٠، ل ١٨٤).

٣- زاری گۆران و شێوەزارەکانی تەڕدەست و شرین و پاراون، بۆ هۆنینەوەی شیعری کوردی، بە تایبەتی ئەو شیعرانە لەسەر کێشی خۆماڵی (بڕگەیی) دەنوسرێن. (ئەیوب ٢٠١٤، ل ١٥٣-١٥٤)، توخمی مۆسیقای زمانی گۆران (کرکە) بە واتای نەغمە، لەگەڵ لیریکای کوردیدا کۆک و هاوتەریبە و بە باشی مامەڵەی هونەری لەگەڵدا دەکرێت. (پوور ٢٠١٠، ل ٩).

٤- بوونی باگراوندی زمانەوانی دەوڵەتی ماد، نەتەوەی ماد، کە ئێستا بە کورد ناوئەبرێ فەرهەنگ و زانست و دابونەریتی نەتەوایەتی لەسەر بنچینەی زمانی گۆران داڕشتووە، ئەو پەرتوکە کۆنانەی، کە چەندین هەزار ساڵ لەمەوبەر بە زمانی ڕەسمی ئێرانی نوسراون، لە شێوەی (گۆران)ی زۆر نزیکترن، وەک لە شێوەی فارسی یان شێوە کوردییەکانی دیکە. (محمد ٢٠٠٥، ل ١٨٠).

٥- زاری گۆران کۆنترین زاری کوردییە، کە خەڵکی ناوچەکان و شوێنەکانی هەورامان و حەقەکانی کرماشان و کرندو هەندێ لە هۆزە کوردەکانی تر پێی دەدوێن، دەتوانرێ بوترێ زاری گۆران پاشماوەی زمانی پەهلەوییە. (محمد ٢٠٠٥، ل ١٨١).

ڕەوتی فکریی و ئەدەبی زاری گۆران لە پێش بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلامەوە سەری هەڵداوە، لەسەدەی(١٨ و ١٩)ی زایینی گەیشتووە بە ئاستێکی باڵا، بەڵام دواتر بە هۆی دامەزراندنی ڕەوتی شیعر و ئەدەبی زاری کوردی ناوەڕاست ئەم ئەدەبە بەرەو کزی و لاوازبوون ڕۆیشت و شیعر و ئەدەبی زاری کوردی ناوەڕاست خۆی گەیاندە ئاستێکی بەرزو باڵا، بوو بە پێشەنگ و جێگەی شیعری زاری گۆرانی گرتەوە، پێشتر ئەدەبی زاری گۆران بۆ

ماوەی چەندین سەدە دەسەڵاتی ئەدەبی بەسەر ناوچەکانی کوردستانی عێراق و ئێراندا هەبووە، بە تایبەتی ناوچەکانی شارەزوور و ئەردەڵان و کەرکوک و کرماشان و سنە ...هتد.

**تایبەتمەندییەکانی شیعری زاری گۆران (ڕوخسار و ناوەڕۆک):**

شیعری زاری گۆران، وەک هەر ڕەوتێکی تری شیعری کوردیی، خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندییە لە ڕووی ناوەڕۆک و ڕوخسارەوە، کە دەکرێت ئەم تایبەتمەندییانە ببێتە هۆی ناسینەوەی شیعری ئەم زارە.

ناوەڕۆک: لە شیعری زاری گۆراندا، ناوەڕۆکی شیعرەکان بەگشتی ئەمانەن: ئایینی، سروشت، خۆشەویستی، سکاڵا، پیاهەڵدان، لاواندنەوە، کۆمەڵایەتی، گاڵتەوگەپ، داشۆرین-هەجوو...

**بابەتەکانی ئەدەبیی زاری گۆران:**

یەکەم: شیعری گۆرانی(لیریک): جوانی سروشت، دڵداری ناکام، کڕوزانەوە، دڵداری یەکلایەنە، خۆبچوککردنەوە، خۆسوککردن، پەشیمانکێشی، بە ئاوات نەگەیشتن، مردن، دوبارەکردنەوەی ڕەمزە عەشقیەکانی ئەدەبی فارسی: شرین و فەرهاد، لەیل و مەجنون، یوسف و زلێخا، شێخی سەنعان... هەموویان نیشانەی تراژیدین، دووەم: شیعری داستانی: داستانی دڵداری، داستانی ئەخلاقی، داستانی جەنگی، وەکو داستانەکانی مەنیجەو بێژەن، یوسف و زلێخا، نادرنامە، سێیەم: شیعری ئایینیی: موناجات، میعراج نامە، عەقیدەی ئیسلامیی، ئەهلی تەسەننون، عەقیدەی ئیسلامی ئەهلی تەشویع، ئەهلی حەق (کاکەیی)، چوارەم: هۆنراوەی فێرکاری: نمونەی مەلا خدری ڕاوی، شێخ وەیسی تەختەیی. (ئەمین ٢٠١٢، ل ٢٣٩-٢٤٠).

خۆبچووککردنەوە لە بابەتی ئاینیدا نابێتە بەبەتێکی تراژیدی، بەڵکو دەبێتە مایەی خۆشحاڵی شاعیر یا نوسەر.

هەندێ دیاردەی باو وگشتی لە شیعری زاری گۆراندا دەبینرێ وەک: خەمینی، پاڕانەوە-موناجات، سکاڵا لە پیری، لاواندنەوە-مەرسیە، گۆڕینەوەی نامە-ئاڵوگۆڕی شیعری. (نەوشیروان ٢٠١٢، ل ٢٦٩)، سەرجەم وێژەی گۆرانی بە پێی ناوەڕۆک و بابەت، بەسەر سێ بەشی سەرەکییدا دابەش دەبێت، کە بریتین لە: ئەدەبی ئایینی، ئەدەبی حەماسی-پاڵەوانێتی، ئەدەبیاتی لیرک و عیرفانی. (سەجادی ١٣٩٦، ل ١٤٤).

ڕوخسار: لە ئەدەبی زاری گۆراندا ڕوخساری شیعرەکان بەگشتی ئەمانەن:

١- کێش: بە شێوەیەکی گشتی لە شیعری زاری گۆراندا، کێشی پەنجەی خۆماڵی(١٠) بڕگەیی بەکارهێنراوە، کە لەگەڵ ئاوازی گۆرانی ئەسازێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک نموونەی پەیڕەوی کێشی عەروزی بە زاری گۆران دەبینین لەوانەش وەک: سەیدی هەورامی و شێخ شەهابەدینی کاکۆ زەکەریایی...هتد. (ئەمینی ٢٠١٢، ل ٦٧).

٢- سەروا: سەرواى شیعرەکان، جگە لە دوو بەیتی یەکەم، هەر چوار میسراعی هاوسەروان، واتە جگە لە دوو بەیتی یەکەم، بەیتەکانی تری تا دوایی هەرجووتێ میسراعی یەک بەیت هاو قافییەن، شیعری گۆران بە گشتی مەسنەوییە، هەر بەیتەو قافییەی جیاوازە لەگەڵ قافییەی بەیتەکانی تردا، شاعیرانی زاری گۆران جگە لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن، هەموویان پەیڕەوی هەمان قافییە ئارایییان کردووە. (ئەمین ٢٠١٢، ل ٣١١).

٣- زمان: زمانی شیعری زاری گۆران بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سەر ئاستی ڕۆشنبیری و زمانزانی شاعیرەکە، کە لەشیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بە شێوەیەکی گشتی شاعیرانی زاری گۆران زیاتر کاریگەری رۆشنبیری زمانی ئەدەبی یارسان و فارسیان لەسەر بووە، بەراورد بە شیعری زاری کوردی ناوەڕاست، کە زیاتر بەهۆی کێشی عەروزی عەرەبییەوە زیاتر وشەی عەرەبی تێدا بەکارهاتووە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە شاعیرانی زاری گۆران کاریگەری عەرەبی و شاعیرانی بابان کاریگەری فارسیان لەسەر نەبووبێ، بەڵکو ئەم کاریگەرییە ڕێژەییە و لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێ. (قادر ٢٠٢٠).

٤- هونەری ڕەوانبێژی: لە شیعری زاری گۆران هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە ئاستێکی بەرزدایە و شاعیران هەوڵیان داوە لە ڕێگەی ئەم هونەرانەوە واتای شیعرەکانیان کاریگەرتر و ڕوخساری شیعرەکانیان جوانتر بکەن.

٥- وێنەی شیعریی: شاعیرانی ئەم زارە وێنەی هونەریی پڕواتا و بەرزیان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە، ئەویش لە ڕێگە بەکارهێنای لایەنەکانی ڕەوانبێژی و دەربڕینی ڕاستەوخۆوە، چونکە  لە ڕێگەی وێنەی شیعرییەوە شاعیر ئاست و توانای خۆی پیشاندەدات.

٧- نازناوی شیعریی: بەکارهێنای نازناو لە شیعردا لە ئەدەبی فارسییەوە گواسترایەوە بۆ ئەدەبی کوردی، کە ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ ناسینەوەی شیعری شاعیر، پاش ونبوونی ناوی خاوەنەکەی، زۆرێک لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی و لە ناویشیاندا شاعیرانی زاری گۆرانیش بەکارهێنانی نازناو لە شیعرەکانیاندا بەرچاو دەکەون. (مەسعود محمد، ل ١٤).

لە شیعری زاری گۆراندا، زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆک دراوە لە بری ڕوخسار، هەروەها هەست و سۆز زاڵە بەسەر ئەقڵدا. (سەجادی ١٣٩٥، ل ١٤٤)، ئەم دوو تایبەتمەندییەش هەموو بەرهەمی شیعری زاری گۆران ناگرێتەوە، بەڵکو کەمینیەکی جیاوازیش هەن، کە بەم جۆرە نین.

# بەشی دووەم:

## ژیانی مەلای جەباری و بنیاتی هونەریی شیعرەکانی

## تەوەرەی یەکەم: ژیانی کۆمەڵایەتی مەلای جەباری:

مەلای جەباری[1]، سەید مستەفای باوکی مەلا فەتاحی جەباری جگە لەوەی زانایەکی ئایینی بووە سەرۆک هۆزی (جەباری)ش بووە، سەرەڕای ناهەمواری بارودۆخی کوردستان و ململانێی تیرە و هۆز و میرنشینە کوردییەکان بەگشتی، کە هەڕەشە بووە بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان و ناوچەکانی کوردستان و ناوچەی جەباریش لەگەڵیدا، سەید مستەفا زۆری لا گرنگ و مەبەست بووە، کە هەموو منداڵەکانی بنێرێتە بەرخوێندن و وانەی ئایینیان پێ تەواو بکات. (محەمەد ٢٠١٨، ل ١٠)، مەلا فەتاحیش منداڵێکی چوستوچالاک و زیرەک بووە هەر لە تەمەنێکی کەمەوە ئەمە لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتیدا ڕەنگیداوەتەوە، لەساڵی (١٨١٨)ز باوکی لە تەمەنی (١٢) ساڵی دەینێرێتە حوجرە بۆ لای (مەلا ڕۆستەم)[2]، کە مەلای گوندەکەیان بووە لە ماوەیەکی کورتدا بە وریاییەوە قورئان و کتێبە وردەکانی تەواو دەکات، لە پاشان بۆ ئەوەی زیاتر گەشە بە زانست و زانیارییەکانی

---

١) ناوی فەتاح کوڕی سەید مستەفا کوڕی سەید ئیسماعیل سەید جانییە، لە ساڵی (١٨٠٦)ز لە ئاوایی (بانگۆل) ی ناوچەی جەباری سەر بە شاری کەرکوک چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. (هەردەوێڵ ٢٠٠٥، ل ٣). مەلا "لە تیرەی سید عبدالجباری گەورەیە و نازناوی شاعیری بە مەلا ناسراوە" (جباری، ١٩٨٦ ل ٩). "مەلای جەباری، یەکێک بووە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ناوچەی جەباری لە هەندێک سەرچاوە بە سید فەتاحی جەباری ناوی هاتووە". (ئەحمەد ٢٠١٣، ل ١٤٤)،

- بانگۆل یەکێکە لە لادێکانی ناوچەی جەباری لە ڕۆژهەڵاتی کەرکوک، بە دووری (٥٠) کم لە نێوان سنوری عەشیرەتەکانی هەمەوەند و تاڵەبان و زەنگنە و ناوچەی قەرەحەسەندایە و سەر بە ناحییەی قادرکەرەمە کاتی خۆی ناوەندێکی جەباری بووە، لە ساڵی (١٩٨٨)ەوە ڕوخاوەو وێرانەیە. (سەعید ٢٠٠٨، ل ١٢٥).

- لە کتێبی مێژووی ناودارانی کورد ناوی ئەم لادێیە بە (مەنگۆل) هاتووە، کە هەڵەیە و پێناچێ هەڵەی چاپیش بێت، چونکە هەردوای ناوهێنانەکە لە شوێنێکی تریش هەمان هەڵەی دوبارەی کردۆتەوە، دیسان لە دیاریکردنی مێژووی لە دایکبوون و کۆچی دوایی شاعیر (١٠٠) ساڵی تەواو هەڵەی کردووە بەوەی مێژووەکەی بە (١٩٠٦-١٩٧٦) لە قەڵەم داوە. (قادر ٢٠١٩، ل ١٩٢).

- ناوچەی جەباری، یەکێکە لەو ناوچانەی دەکەوێتە بەشی باشوری کوردستان، لە بەری خۆرهەڵاتی کەرکوک و خۆرئاوای شارۆچکەی چەمچەماڵ، خاوەنی ئەو زەوییانە بوون، کە لە ناویدا دەژیان و لەلایەن عوسمانییەکانەوە پێیان بەخشراوە. (جەباری ٢٠١٩، ل ٥٤).

- ناوبراو لە دانیشتوانی شاری (حەما)بووە لە شام، لەو سەردەمەدا پاشای عوسمانی، پێنج سەدە لەمەوبەر چەند پارچە زەوییەکی لە ناوچەی جەباری پێ بەخشیوە بۆ ئەوەی خزمەتی تەکیەی جەباری پێبکات، ئەویش بە ماڵ و خێزانەوە هاتە ناوچەکەو لە شوێنی ئێستای (تەکیەی جەباری) نیشتەجێبوو، خەڵکیش خزمەتێکی زۆر باشی ئەم زاتە ئایینییەیان کرد، لە پاش ماوەیەکی کورت خۆی گەڕایەوەو شێخ شەرەفەدینی کوڕی لە شوێن خۆی بەجێهێشت. (جباری، ١٩٨٦ ل ٩).

- مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس پێی وایە جەبارییەکان سەیدەکانی ناوچەی (قەرەداغ)ن و لەبەر بێدەرەتانی شوێنەکە، شوێنی باو و باپیرانیان بەرەو ناوچەی جەباری نزیک کەرکوک بەجێهێشتووە و لەوێ نیشتەجێ بوون. (مودەڕس، ٢٠٠٥ ل ١٤١-١٤٢).

(سەید عەبدول جەبار) لە ساڵی (١٤٧٠)ز لە تەکییەی قەرەداغەوە لەگەڵ سەید شەرەفەدینی کوڕی دێنە ئەم سنورە، کە ئێستا پێی دەڵێن جەباری. (جەباری، ٢٠٢٠).

- جەبارییەکان بەشێکی زۆری کوردی کەرکوک پێکدەهێنن، و زۆربەیان لە کەرکوک نیشتەجێن، ناوچەی جەباری شوێنی هۆزی جەبارییە، پێشتر بە تەکییەی جەباری وتراوە (سەلباتوو). (جەباری ٢٠١٥، ل ١٩).

- ئەم هۆزە چەندین کەسایەتی تێدا هەڵکەوتووە، وەک: (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی) گۆرانی بێژو .... (ڕۆژبەیانی ١٩٩٩، ل ١٢٠).

٢) مەلا ڕۆستەم مەلای گوندی بانگۆل بووە، سەرسام بووە بە زیرەکی و لێهاتووی مەلای جەباری، بۆیە پاش ماوەیەک لە خوێندن پێی دەڵێت: تۆ لە من زیرەکتری و دواتر دەینێرێ بۆ کەرکوک بۆ ئەوەی لەوێ زیاتر بخوێنێ و ئاسۆی بیری فراوانتر بکات. (جەباری ٢٠١٩)

خۆی بدات، گوندەکە جێدەهێڵێت و بە فەقێیەتی دەچێتە شاری کەرکوک و لە مزگەوتی (نائب ئۆغلۆ)[1] دادەمەزرێت پاش ماوەیەک لە خوێندن، دواتر لەبەر چەند هۆیەک ئەوێ جێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە شاری سلێمانی لەوێش ماوەیەک دەمێنێتەوە و دواتر دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ شاری کـەرکـوک، دواتر دەچـێت بـۆ هــەولێر و ڕەواندز وشنۆ، دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەرکوک. (جەباری، ١٩٧٠ ل ٢١)، مەلای جەباری لە کاتی دەستپێکردنی خوێندنی لە مزگەوتی (نائب ئۆغلۆ) ئارەزوو و کەڵکەڵەی شیعر وتن لە دڵ و مێشکی داوە. (جەباری ٢٠١٨)، بۆچوونێکی تریش هەیە، کە بۆ یەکەم جارە ئەوەی ئاشکرا کردووە سەرەتای خوێندنی مەلای جەباری بۆ خانەوادەکەی دەگێڕنەوە و زانست و زانیاری و خوێندنی لەوانەوە وەرگرتووە، پاشان پەیوەندی بە ناوەندەکانی خوێندن لە کەرکوک و لە ناویشیاندا (خوێندنگای ساداتی جەبارییەکان)[2] لە کەرکوک کردووە. (قرداغی ٢٠٠٤، ل ١٠٨)، لەم هاتوچۆیەدا لەم شار بۆ ئەو شار، کتێبی عەبدوڵڵا یەزدی لە مەنتیقدا دەخوێنێ، دواتر لەبەرئەوەی لە ساڵی (١٨٣١)ز باوکی دەمرێ، ئیتر مەلا پەکی دەکەوێ، بەهۆی ئەوەی بژێوی خێزانەکەیان دەکەوێ بەسەریدا، مەلا دەکەوێتە ژێر بارگرانی و زەحمەتی زۆرەوە و بەهۆی ئەو کۆسپ و هەڵدێرانەی، کە ڕێگەی لێ گرتبوون، ناچار دەبێ دەسبەرداری خوێندن بێت و بگەڕێتەوە ئاواییەکەی خۆیان و سەرپەرشتی خێزانەکەیان لە ئەستۆ بگرێ، کە لە پاش مەرگی باوکی بۆ ئەم بەجێمابوو، مەلاش وەک هەموو لادێییەکی سادە دەستیکردووە بە کارکردن و بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵ بووە. (جباری ٢٠٠٤، ل ٢٠٧-٢٠٨)، "مەلا فەتاح زیاتر لە ژنێکی خواستووە و یەکێ لەوانە ناوی (ئاسیا خانمی کچی شێخ جەبار)ی کوڵەبان[3] بووە، بەرهەمی ئەو ژن هێنانە چوار کوڕ بووە بەم ناوانە: محێدین، عەزیز، محەمەد، عەلی. (کاکەیی ٢٠٠٥، ل ٤)، بەڵام بە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا دیارە مەلا کچیشی هەبووە.[4]

مەلا فەتاح ڕۆشنبیرێکی کورد بووە، کە چەند جارێک سەردانی (ئەستەمبول)[5]ی کردووە، مەلای جەباری ساڵی (١٨٤٢)ز بە مەبەستی وەرگرتنەوەی ئەو زەوی و زارانەی، کە لەلایەن عوسمانییەکانەوە کرابوون بە وەقف بۆ (تەکییەی جەباری)[6]، وەک نوێنەری بنەماڵەکەی سەردانی ئەستەمبولی کردووە. (جەباری، ٢٠١٩)، لە ساڵی (١٨٤٦)ز بۆ دووەمین جار بە مەبەستی کۆتاییهاتن بە ناکۆکی و دوژمنایەتی نێوان هۆزی جەباری و هەمەوەند

١) پیاوێکی شیعر دۆست بووە، مزگەوتەکەی خانەقای شـاعیران بووە، شێخ ڕەزای شاعیریش لەم مزگەوتە شیعری نوسیوە. (جەباری ٢٠١٨)

٢) لەم مەدرەسەیەدا چەندین کتێب و نوسەری بە توانای نوسراون و هەڵکەوتوون . (قەرەداغی ٢٠٠٤، ل ١١).

٣) گوندی (کوڵەبان) یەکێکە لە گوندەکانی ناوچەی جەباری، سەر بە ناحییەی تەکییەی جەبارییە. (جەباری ٢٠١٨، ل ٢١٩).

٤) هەرچەنێ گەڕام بو سورانـــەی شێخ
ناعیـــلاج بەختەم کـەردەوە لـــە مێخ
کوڕ وە بـاوکەڕۆ کچ وە ئـای ئـایی
کـەفتن وەشـــوێنم تا (قەرقەچـایی). (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٧٠).

٥) لەو سەردەمەدا ئەستەمبول و قاهیرە دوو ناوەندی گەورەی ڕۆشنبیری و بزووتنەوەی سیاسی بوون. (ئەمین ٢٠١٩، ل ٧٧).

٦) کۆنترین تەکییە لە کەرکوکدا، (تەکییەی جەباری)یە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٧ز. (جەباری ٢٠٠٦، ل ١١٠).

سەردانی ئەستەمبولی کردۆتەوە و لەم کارەشیدا سەرکەوتوو بووە. (کاکەیی ٢٠٠٥، ل ٤)، ئەم سەرکەوتنەش تا پلەیەک بووە، چونکە عوسمانییەکان لەگەڵ هەمەوەندەکان نێوانیان خۆش نەبووە و زۆرجار شەڕو ناخۆشی لە نێوانیاندا ڕویداوە. (خەزنەدار ٢٠٠٣، ل ٣٤٠)، لەپاش گەڕانەوەی لە جاری دووەم مەلای جەباری لایەنی هەستی نەتەوایەتی زۆر کاریتێکردووە و لەگەڵ هۆزەکەیدا دانیشتووە و پێیانی ڕاگەیاندوون لەبری ئەو ناوە عەرەبییانەی بۆ منداڵانی کورد بەکارهاتوون، پێویستە ئێمە ناوی ڕەسەنی کوردی لە مناڵەکانمان بنێین وەک: ڕەوشەن، وەنەوشە، ئاسکە، شێوە، یادگار، سیروان...هتد، پێش مەلا ئەم کارە نەکراوە و ئەم یەکەم کەس بووە بۆ یەکەمجار بەم کارە هەڵسێ، ئەو ناوانەش (١٥٠) ساڵ لەمەوبەر لە ناو هۆزی جەباریدا هەبووە و کاری پێکراوە تا ئێستاش ڕەنگدانەوەی هەیە. (جەباری، ٢٠١٨)، مەبەستی مەلای جەباری لە بەکارهێنانی ناوی ڕەسەنی کوردی لەبری ناوی عەرەبی ئەو هەستە نەتەوایەتییە بووە، کە لە ناخی هەموو تاکێکی خاوەن زمان و کلتوردا هەیە، بە تایبەتی گەلی کورد، کە بەردەوام لەلایەن تورکی عوسمانی و فارس و هەندێکجاریش عەرەبەوە چەوساوەتەوە. مەلا جارێکی تریش بەهۆی پاراستنی هۆزەکەی و ڕزگارکردنیان لە چنگی دەستدرێژی ستەمی دراوسێکان زۆر ئازارو مەینەتی بینیوە تا ئەوەی لەسەر فەرمانی تەقی پاشا بە دەستبەسەری ڕەوانەی ئەستەمبول کراوە. (ڕۆژبەیانی ١٩٤٥، ل ٣٣٦).

مەلا فەتاح پیاوێکی باڵا بەرزی قەد باریک بووە، شێوەی دەم و چاوی درێژ و چاو و برۆ ڕەش بووە، برژانگی کورت و چاوی مامناوەند بووە، گەنم ڕەنگ و گۆناکانی قوپاو بوونە، ڕیشی تەنک و سپی بووە و قەڵەمی کردووە، سمێڵ و چەناگەی درێژ بوون، شێوازی پۆشاکی کەواو سەڵتە و لبادی لەبەرکردووە و جامەدانی بەسەریەوە بەستووە و عەباشی لەشان کردووە، شێوازی قسەکردنی پەلە بووە، زوو هەڵچووە و توڕە تەبیعەت بووە و زووش هێمن بۆتەوە، خەم و چەوسانەوە و نەهامەتی ژیان دڵتەنگی کردووە، بەڵام نائومێد نەبووە و پشتی بە خۆی بەستووە و کشتوکاڵ و کارو کاسبی خۆی کردووە و چاوی لە دەستی کەس نەبووە، هەرچەندە زۆری نەخوێندووە، بەڵام زیرەک و دەستکراوە بووە، لەناو هۆزەکەیدا ڕێزێکی تایبەتی هەبووە، خەڵکی دەست لەسەر سینگ بوونە بۆی، جێگەی شانازی هۆزی جەباری بووە، هەر ئەمەش وای کردووە ببێت بە دەمسپی و سەرۆکی هۆزەکەی. (جباری، ١٩٨٦ ل ١٢)، "مەلای جەباری پیاوێکی بەوەفا و نەترس و هەق بێژو بە ئایین لەخواترس بووە، ئارەزووی لە گێڕانەوەی قسەی خۆش بووە و خۆشی نوکتەبازو خۆش مەشرەب بووە، خولیای دۆڵی کپ و چەمی خوڕ و تاڤگە ودارستانی چڕو شاخە سەرکەشەکانی کوردستان بووە". (کاکەیی ٢٠٠٥، ل ٤)، لە ڕووی پایەی کۆمەڵایەتییەوە مەلا پیاوێکی خاوەن دیوەخان و میواندۆست بووە و ئاشنایەتی لەگەڵ شاعیران و پیاوماقووڵانی سەردەمەکەیدا هەبووە بە تایبەتی مەحموود پاشای جاف و شەریف چەلەوی سەرۆک هۆزی هەمەوەند و مەولەوی شاعیر و خەمناکی شاعیر...هتد. (ساڵەیی ٢٠٠٧، ل ١١)، شاعیر هەمیشە لەگەڵ پیاوە بەرز و عەشایەرەکاندا هەڵسوکەوتی کردووە و هاتوچۆ و سەردانی شاعیران و

والیيه‌کانی عوسمانی کردووه، ئەوانیش ڕێزێکی تایبەتیان بۆ ئەم شاعیرەی هۆزی جەباری هەبووە. (جباری ١٩٨٦، ل ١٤).

مەلا فەتاح نامەی ڕێنمایی و ئامۆژگاریی بۆ خەڵکی نوسیوە و ناردوە، بەدڵی ئەوکەسانەی، کە ئارەزوویان لە چ بابەتێکی شیعریی بویێت شیعری بۆیان نوسیوە و خوێندۆتەوە، بۆ ڕۆژانی هەینیی وتاری ئایینی ئامادەکردووە لەسەر ڕێبازی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، (محەمەد ٢٠١٨، ل ١٢-١٣). مەلای جەباری بە یەکێک لە هۆنەرانی گەورەی کورد دێتە هەژمار، هۆنراوەکانی ئەو گەلێ تەڕ و پاراو و جوان و شیرینن زۆربەی هۆنراوەکانی بە زاری گۆرانی هۆنیوەتەوە. (صفی زادە ١٣٧٥، ل ٥١٩-٥٢٧).

مامۆستا عەلائەدین سەجادی بەم جۆرە وەسفی مەلای جەباری دەکات و دەڵێت: پیری مەیخانە خەیاڵ شناسان، بادە ئەنۆشی لە جەرگەی خاسان، بینی هەناسەی شنەی شەماڵە، تێکەڵ بە بیری بەرزی خەیاڵە، ئاسۆی جەباری لە نیوەی شەودا، ئەنوێنێ وێنەی مەلا لە خەودا، بۆیە ناوبانگی جەباری هەیە، چونکە شاعیری وەک مەلای هەیە. (سجادی ١٩٥٢، ل ٢٧٧).

زۆرێک لە شیعرەکانی مەلای جەباری لەناوچوونە، شاعیر، تا لە ژیاندا بووە خزمەتێکی گەورەی بە زمان و ئەدەبی کوردی کردووە، دەرگای ماڵەکەی هەمیشە بۆ شاعیران و ئەدەبدۆستان و میوان کراوە بووە، هەمیشە مەجلیسی گەرم بووە. (جەباری ٢٠٠٥، ل ١٠)، مەلا سەرەڕای دەردەسەری و هەژاری لای پیاوە گەورەکانی کوردستان و تەنانەت تیرەو هۆزەکانی دراوسێی زۆر خۆشەویست بووە، مەحمود پاشای جاف هێندە خۆشی ویستووە، هەمیشە ناردویەتی بە شوێنی و میوانداری کردووە، دیاری و شتی بەنرخ و گران بەهای بۆ ناردووە، مەلاش زۆرجار کاغەزی نوسراوی شیعری بۆ ناردووە، مەلا پیاوێکی خواناس، چاو قایم، قسە لە ڕوو، ئازا، نەبەز، ڕاستگۆ، بووە، دەربارەی یەکێک لە تیرەکانی ناوچەکە،کە مزگەوتێکیان کردووە بە شوێنی بەخێوکردن و لەوەڕاندی بەراز و گاگەل، لە زمانی مزگەوتەکەوە سکاڵا نامەیەکی زۆر توندو تیژی بە هۆنراوەی فارسی بۆ پادشای ئەستەمبول ناردووە، کە ئاگری لە جەرگی دڵێران و نەبەردان بەر ئەدا. (ڕۆژبەیانی ١٩٤٥، ل ٣٣٧).

مەلا فەتاح لەگەڵ کاکی سەید قادر سەرۆک هۆزی جەباری ئەوکاتە بەردەوام ناڕێک و نەگونجاو بوونە و دانویان لەگەڵ یەکتر نەکولاوە، ئەویش لەبەرئەو هەڵسوکەوتە ناپەسندانەی سەید قادر بەرامبەر هەمەوەندەکان دەیکرد، کە مایەی بێزاربوونی مەلا فەتاح بووە، بۆیە مەلاش ئاوارەیی و دەربەدەری ناو هۆزەکەی پێ باش بووە و پەسەندیکردووە و بۆ ماوەیەک دورکەوتۆتەوە. (جباری، ١٩٨٦ ل ١٣)، لەم دورکەوتنەوەیەدا مەلا سەری خۆی هەڵگرتووە و چووەتە ناوچەی سەرتاف لە ئێران، سەید قادری برای هەواڵی بۆ ناردووە و چوونە بە شوێنیدا، بەڵام داواکەی ڕەتکردۆتەوە. (سەعید ٢٠٠٨، ل ١٣١)، مەلا یەکێکە لە شاعیرە پایە بەرزەکانی سەردەمی خۆی، جگە لە زمانی کوردی شیعری بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیش داناوە، بەرهەمە کوردییەکانی بە شێوەزاری ماچۆ داڕشتووە، کە زاری گۆران لەو سەردەمەدا زمانێکی باوی ناو ئەدەبی کوردی

بووه، جگە لە چەند پارچە شیعرێکی فارسی بەردەستن ئەوانی تری بە زمانی عەرەبی و تورکی فەوتاون، بەڵام زۆرێک لە شیعرە کوردییەکانی لە فەوتان ڕزگاریان بووە، شاعیر نازناوی (مەلا)ی بۆخۆی داناوە، بەڵام لە ناو خەڵکیدا بە مەلای جەباری ناوبانگی دەرکردووە، شاعیر زیاتر ئارەزوی خوێندنەوەی شیعرەکانی (سەید ئەحمەد ئیسماعیل)[1]ی مامی و مەولەوی کردووە و زۆریش کاریگەریان لەسەر مەلا هەبووە بۆ هاندانی لەسەر شیعر وتن. (کاکەیی ٢٠٠٥، ل ٦)، وەک بە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا دەردەکەوێ خۆشویستنی بۆ سروشت یەکێک بووە لە هاندەرەکانی مەلا بۆ شیعر نوسین. زۆرێک لە گۆرانیبێژو مەقامزانەکانی ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی گۆرانیبێژەکانی هۆزی جەباری شیعرەکانیان کردووە بە گۆرانی و مەقامی کوردی و وتویانەتەوە، شیعر و هەڵبەستەکانی شاعیر هێندە ناسک و پڕ سۆزن، بۆیە لە گەرمیاندا کراون بە گۆرانی و مەقامی کوردی ڕەسەن، وەک: ئای ئای، قەتار، ئەڵڵاوەیسی، خورشیدی خاوخۆش، خاوکەر، شاحوسێنی، حاجی سەید ڕەئوف سەید ئەحمەد یەکێک بووە لە پیاوە دەنگ خۆش و دانسقەکانی ناوچەی جەباری، زۆرێک لە شیعرەکانی مەلای جەباری، کە دەماودەم وەریگرتبوون، بە ئاوازو سەدایەکی خۆش بە قەتار و ئەڵڵا وەیسی و خاوکەر دەیوتەوە. (جەباری ٢٠١٩، ل ٢٨).

مەلای جەباری گەلێک شیعری تەڕو پاراوی لە بابەتەکانی خۆشەویستی (دڵداری)و وەسفی سروشت و جوانی ئافرەت، ئایینی، ستایش، سەرزەنشت، سکاڵا، داشۆرین، گاڵتەوگەپ، نامەی شیعریی، سکاڵا لە نسیبی...هتد نوسیوە، تا لەساڵی (١٨٧٦)ز لەتەمەنی (٧٠) ساڵیدا لە ئاوایی تاوێر بەرز کۆچی دوایی دەکات و دنیای کاتی جێدەهێڵێت، پاشان لەسەر وەسێتی خۆی دەبرێتەوە زێدی لەدایکبوونی، کە ئاوایی بانگۆڵە، لەوێ بە خاک دەسپێردرێ، بەم جۆرە مۆمی ژیانی یەکێک لە شاعیرە پایە بەرزەکانی کورد دەکوژێتەوە و ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی شیعرو ئەدەبی کوردیدا ئاوا دەبێت. (جباری ١٩٨٦، ل ١٢).

## پەیوەندیی مەلای جەباری و شاعیران:

### پەیوەندی مەلای جەباری و مەولەوی:

زۆر باسی ئەوە کراوە کە، مەلای جەباری و مەولەوی، وەک دوو شاعیر هاوسەردەمی یەکتر پەیوەندی دۆستایەتی لە نێوانیاندا هەبووبێ، شێخ سەردار جەباری بەڵگەی دۆستایەتی نێوان ئەم دوو شاعیرە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێنێتەوە ئەوانیش: لێکچوونی ڕوخسارو ناوەڕۆکی شیعریان، سۆز و پەیامی مەعریفی لە ناوەڕۆکی شیعری هەردوکیاندا دەبینرێ، وەک یەکتاپەرستی، لە ڕووی وەسفەوە بە تایبەت وەسفی سروشت یەک ئاراستەیان هەبووە، هاوسەردەمی یەک قۆناغی شیعری بوون، ئەویش قۆناغی شیعری کلاسیکی

[1]) شاعیرێکی نەخوێندەوارە لە ساڵی ١٧٧١ز لە ئاوایی بانگۆڵ لەدایک بووە و لەوێش کۆچی دوایی کردووە. (جباری ١٩٨٦، ل ١٣). ناوبراو مامی مەلای جەباری بووە و شاعیرێکی بە توانای ناوچەی جەباری بووە. (جباری ١٩٧٦، ل ٢٣).

کوردییە. (جەباری، ل ١٦)، بەڵام هیچ کامێک لەم خاڵانە گرنگ نین و ئەوە ناسەلمێنن کە پەیوەندی لە نێوان ئەم دوو شاعیرەدا هەبووبێت، ئەمانە نابنە بەڵگەی ڕاست و دروست.

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی باس دەکرێ، مەولەوی لە کاتی سەردانی بۆ لای مەلای جەباری لە ناوچەی جەباری، کە لە شەوێکی درەنگدا مەولەوی دەگاتە ناوچەکە و ئاوایی (تاوێربەرز)[١]، یاخود ئاوایی (قەڵاویژ)[٢] لە پاش هەواڵپرسین لە ماڵ و هەواری مەلا و دواتر نزیک بونەوە لە ڕەشماڵەکەی ماڵی مەلا، کە گوایە مەلای جەباری لە ڕەشماڵەکەدا بووە، مەولەوی لە دەرگای داوە و بەم شیعرەی بێسارانی دەستی بە گفتوگۆ کردووە و وتوویەتی:

شـــەوەن خەڵوەتەن ماڵ بێ ئەغیارەن

ئالەم گشت وەتەن دووس خەبەردارەن. (مەولەوی ١٣٩٨، ل ٢٠).

مەبەستی مەولەوی ئەوە بووە، کە کات درەنگانی شەوە و خەڵکی بە گشتی خەوتوون، بەڵام تەنها دۆست و خۆشەویستانی بەخەبەرن، کاتێک مەلا گوێی لەم شیعرە دەبێت ڕاستەوخۆ بە شیعرێکی ناسک وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

ئیرادەم ئیدەن وەی کـــــــەڵپوسەوە

شەو ناڵین وەشەن وەلای دووسەوە. (مەلای جەباری ١٩٨٦، ل ٢٠).

مەبەست لەم دێڕە شیعرە ئەوەیە: لەم کەڵپوسەدا نزاو پاڕانەوە و خواپەرستی بە درەنگانی شەو لەگەڵ خودا کارێکی باشە، پاش ئەم گفتوگۆ شیعرییە، مەولەوی چەند ڕۆژێک بە میوانی لای مەلای جەباری دەمێنێتەوە. مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس پێی وایە ئەم سەفەر و میوانداریيەی مەولەوی بۆ لای شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵص بووە نەک بۆ لای مەلای جەباری. (مەولەوی ٢٠٠٦، ل ١٧-١٨)، تا ئێستا هیچ بەڵگەو دەقێک و نامەیەک نەبووە ڕاستی و دروستی ئەم پەیوەندییە بسەلمێنن.

## پەیوەندی مەلای جەباری و غەمناکی بچووک:

غەمناکی بچووک، خەڵکی ئاوایی (قەیتول)ە و لە تیرەی زەنگنەیە، هاوچەرخی مەلای جەباری بووە، گەلێک هاتوچۆ و نامەی شیعری لە نێوانیاندا هەبووە. (موکریانی ١٩٤٥، ل ٤)، بە نامە شیعریەکانی غەمناکدا دەردەکەوێ، کە یەکێک بووە لە دۆستەکانی مەلای جەباری و گۆڕینەوەی نامەی شیعری و یەکتر بینین لە نێوانیاندا هەبووە، کاتێک مەلای جەباری لە نامەیەکی شیعریدا داواکارییەک بۆ دۆستەکانی دەنوسێت،

---

١) یەکێکە لە ئاواییەکانی ناوچەی جەباری.

٢) ئەمیش یەکێکە لە ئاواییەکانی ناوچەی جەباری، حاجی سەید عومەری کەسایەتی ناوچەی جەباری پێی وایە لە کاتی سەردانی مەولەوی بۆ لای مەلای جەباری، مەلا دانیشتووی ئاوایی قەڵاویژ بووە، نەک تاوێربەرز. (ملا موسی ٢٠١٥، ل ٧٣).

یەکێکیش لەو دۆستانەی مەلا غەمناکی شاعیر بووە، مەلا لە نامەکەدا بۆ داواکردن و خواستنی ئافرەتێک، داوای کارئاسانی دەکات.

مەلای جەباری لە شیعری (لەیلاخان)دا دەڵێت:

باد لەیلاخان، باد لەیلا خـــــــــــان

باد عەنبەر بود بورج لەیلا خـــــــان

...

نامەیەک نە شەرح دڵـەی پـڕ دەردم

شەرحی نە سەودای هەناسـەی سـەردم

...

بێ خێڵی وەختەن دوور کەفتەی زێدم

غەیر جەتۆ وەکەس نییەن ئـــــومێدم

نامەم بـگێلان وە هۆزانــــــــــــــەوە

بدەروش وە دەس دڵـسۆزانـــــــــــەوە. (مەلای جەباری ١٩٨٦، ل ٣٩).

بەم جۆرە مەلا لە وڵاتی غەریبی و دوور لە نیشتمانی لە نامەیەکی سکاڵا ئامێزدا داوا لە دۆستانی دەکات بێن بەهانایەوە لە بەدەستهێنانی خۆشەویستەکەی، ئەمەش زۆر کاریگەری لەسەر دڵ و دەرونی غەمناکی شاعیر دروستکردووە و بەم نامە شیعرییە وەڵامی داوەتەوە.

غەمناک لە وەڵامی مەلای جەباریدا لە شیعری (فەتاح فیتنەی لەیل)دا دەڵێت:

فەتاح فتنەی لەیل، فەتاح فتنەی لەیل

فــەتــاح فــەتــان، فتنەی فتنەی لـەیل

...

هەقت وە دەستەن فــەتاح فـــــــــهیم

وارث جان ئەرسطۆی حەکـــــــــــــیم

هام دەرد بهرام نەمەدپۆش چـــــــــین

فرهاد کۆکەن دێوانەی شیریــــــــــــن. (مەلای جەباری ١٩٨٦، ل ٢٢-٢٣).

بەم جۆرە غەمناکی شاعیر وەسفی مەلای جەباری دەکات، بە زانا و لێهاتوی سەردەمی خۆی و هاودەردی بەهرام و فەرهاد لە ئێش و ئازاری خۆشەویستی ...ناوی دەبات، لێرەدا دەردەکەوێت، کە مەلا چەند جێگەی سەرنجی غەمناکی شاعیر بووە و کاریگەری زۆری لەسەری هەبووە.

## پەیوەندی مەلای جەباری و کەسایەتییەکان:

### پەیوەندی مەلای جەباری و مەحمود پاشای جاف:

مەحمود پاشای جاف یەکێک بووە لە کەسایەتییە ناودارەکانی کوردستان بە گشتی و ناوچەی هەڵەبجە بە تایبەتی، ناوبراو پیاوێکی میواندۆست و قسەخۆش و دەست کراوە بووە بەرامبەر بە خەڵکی، دیارە مەحمود پاشا مەلای جەباری زۆر خۆشویستووە و سەردان و گفتوگۆ و شەوچەرە و کۆڕی شیعریان پێکەوە هەبووە، مەحمود پاشا حەزی بە کاردانەوە و قسە خۆشەکانی مەلای جەباری بووە، پەیوەندی نێوان مەلا و مەحمود پاشای جاف زۆر بە ڕونی و ئاشکرایی دەردەکەوێت، ئەویش لە ڕێگەی بەڵگە شیعرییەکانی ئەو دیارییانەی، کە پاشا بۆ مەلای ناردووە، کاتێک مەحمود پاشا جلێکی شڕی بۆ مەلا ناردووە مەلاش بە شیعرێک بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە.

شاعیر لە شیعری (مەحمود پڕ جوود)دا دەڵێت:

مەحمود پڕ جوود، غەزنەوی تەرزەم

کێناویت جلـــــی پەی دەفع لـەرزەم

....

ئافەرین میرزام خوات لێ بۆ ڕازی

تکذیبت نەکرد خـــــواجەی شیرازی. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٥١-١٥٢).

لە شیعرێکی تردا بە بۆنەی ئەوەی مەحمود پاشا گایەکی بێکەڵک بۆ مەلا دەنێرێت، مەلاش کاردانەوەی دەبێت و بەم جۆرە وەسفی گایەکە دەکات.

شاعیر لە شیعری (پاشام گامارۆ)دا دەڵێت:

پاشام گـا مارۆ، پاشام گـــــا مارۆ

بۆت بکەم تەعریف وێت گـــــــامارۆ

...

گایەکم مەبۆ جووانە گـــــــــا بۆ

مل کوڵ سینە پان هەم پیاڵە چـا بۆ

....

نەک لاشەی بێ ڕوح هەنامش گا بۆ

لە جفت بێزار بۆ، خەنیم وە کـــا بـــۆ. (مەلای جەباری ۲۰۱۸، ل ۱۵۳-۱۵٤).

مەحمود پاشا بە ئەنقەست جل و بەرگ و ئاژەڵی خراپ و بێکەڵکی بۆ مەلا ناردووە بە مەبەستی کاردانەوە و قسە خۆشەکانی مەلا، کە جێگەی دڵخۆشی مەحمود پاشا بوونە.

## پەیوەندی مەلای جەباری و شەریف چەلەوی هەمەوەند:

شەریف چەلەوی یەکێک بووە لە پیاوە ناسراوەکانی هۆزی هەمەوەند، بۆ ماوەیەک سەرۆکی هۆزی هەمەوەند بووە، لێرەدا مەبەست لە هۆزی هەمەوەندی باشوری کوردستانە، کە لەگەڵ ناوچەی جەباری هاوسنور و نزیکی یەکترن، دەبێت مەلای جەباری هاوڕێ و دۆستی شەریف چەلەوی بووبێت، چونکە مەلا بە نامەی شیعری داوای ئەوەی لێدەکات، کە بچێتە خوازبێنی خۆشەویستەکەی، بەڵکو ئەم ببێتە هۆکاری شادبوون و بە یەکتر گەیشتنیان، دیارە خەڵکی ناوچەکە ڕێزێکی زۆریان لە شەریف چەلەوی گرتووە و قسەیان نەشکاندووە، وا مـەلا بەوجۆرە ڕووی لێدەنێت و ئـەو داوایەی ئاڕاستـە دەکـات. (محەمەد ۲۰۱۸، ل ۳۳)، ئەمەش ئەو نامە شیعرییەیە، کە مەلای جەباری بۆ شەریف چەلەوی ناردووە.

شاعیر لە شیعری (خان خاس خەیاڵ)دا دەڵێت:

خان خاس خەیاڵ شای کـــــــــەمەر لالان

سەردار سوپای گشت سیا مـــــــــــــاڵان

سینەی کانە کەچ گەوهەر دانـــــــەی لال

فەرخونەی فەر بەخش سەحرای چەمچەمـاڵ

.....

والحاصڵ تۆمار دڵـــــــــــــەی پڕ دەردم

شرح ماجرای هەنـــــــــــــــــاسەی سەردم

...

مەلا شاد کەرای دیســــــــان هەم و هەم

خاسترەن لە حەج کـــــــــــــەعبەی مغظم. (مەلای جەباری ١٩٨٦، ل ٥٤-٥٥-٥٦)

لە نامەیەکی تری شیعریدا هەمان داوا لە شەریف چەلەوی دەکاتەوە.

شاعیر لە شیعری (میرزام داد من)دا دەڵێت:

میرزام داد من میرزام داد مـــــــــن

هیچ نامان جواب نامەی داد مـــــن

...

تۆمار تەعریف دڵەی ڕەنج وە بـــــــاد

کیانانم پەی خان خاس خاتەر شـــــاد

...

خۆ من نازانم شێواوە زەیــــــــــــــنم

عالەم گشت وە عام مەکەران مەیلم. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٠٥-١٠٦).

"وا پێدەچێت ئەمە دووەم نامەی شیعری مەلای جەباری بێت بۆ شەریف چەلەوی، بە مەبەستی داواکردنی دڵدارەکەی، کە شەریف چەلەوی ئەو کارەی بۆ بکات". (کاکەیی ٢٠٠٥، ل ٦٦).

لە باسی پەیوەندی نێوان مەلای جەباری و شاعیران و کەسایەتییەکان، تەنها مەبەستمان ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندی و دۆستایەتییانەی شاعیر بووە، نەک باسکردنی ناوەڕۆکی شیعرەکان، بۆیە تەنها گرینگیمان بە کورتە باسێک لەو بارەیەوە داوە و چەند نموونەیەکی دێڕە شیعرەکانیمان بە شێوەی پچڕ پچڕ هێناوەتەوە بۆ سەلماندنی ڕاستییەکان، نەک چونە ناو قوڵایی واتا و ناوەڕۆکی شیعرەکان بە شێوەیەکی ورد.

## تەوەرەی دووەم: بنیاتی هونەریی لە شیعرەکانی مەلای جەباریدا:

مەبەست لە بنیاتی هونەریی شیعر ئەو ڕەگەزانە دەگرێتەوە، کە بەشدارن لە بنیاتنانی دەقەکە لە ڕووی ڕووخسارەوە، ئەو لایەنانەش وەک: زمانی شیعریی، وێنەی شیعریی، ئاوازی شیعریی، کە خۆی لە ئاوازی دەرەوە و ناوەوەی شیعردا دەبینێتەوە. "بنیاتی شیعری کۆن لە چوارچێوەیەکی دیاریکرا و جێگیر و چەسپاودا چەقی بەستبوو کە گرنگترینیان ئەمانە بوون: مەبەستی شیعری- کێشی عەروز- دارِشتنــی زمانەوانی-پێکهاتەی وێــنەی شیعری". (سەعدون ٢٠٠٩، ل ٦١)، بەڵام شیعری کۆنی کوردی، (فۆلکلۆر و شیعری زاری گۆران) کێشی شیعری بەزۆری دەبێتە کێشی بڕگەیی، چەند شاعیرێکی کەمیش کێشی عەروزیان بەکارهێناوە.

### زمانی شیعریی:

زمان گەورەترین هۆکارێکە بۆ گفتوگۆ و لەیەکتر گەیشتنی مرۆڤەکان لە نێوان یەکتردا، هەر لە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوە خودای گەورە زمانی وەک هۆکارێک بۆ گفتوگۆ فێری مرۆڤایەتی کردووە[١]، تا ئێستا مرۆڤ لە ڕێگای زمانەوە خەریکی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە و نوسینە، دواتر بەپێی تێپەڕبوونی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی زمانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و زمان بۆ دەربڕینی هەست و سۆزو هەڵچونەکانی مرۆڤ بەکارهاتووە، بە تایبەت لە بواری شیعر و ئەدەبدا، هەر بە هۆی زمانیشەوە مرۆڤایەتی بەو جۆرەی ئێستا پێشکەوتووە و پەرەی بە زۆر لایەنی ژیان داوە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکرێت جیاوازی نێوان زمانی گفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵک و زمانی شیعرو ئەدەبە،کە هەر یەکەیان مەرج و یاسا و ڕێسای تایبەت و گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا چەمکەکانی زمان دابەش بوون بۆ چەند بەشێک، بۆ نموونە چەمکەکانی زانستیی و تەندروستیی و تەکنەلۆجیی و ئەدەبیی و کۆمەڵایەتیی و بازرگانیی و ...هتد هەر یەکێک لەم بەشانە کۆمەڵێک وشەو واتای جیاواز لەخۆدەگرن، دەشێت واتای وشەیەک لە بواری تەندروستیی جیاوازی زۆری هەبێ لەگەڵ هەمان وشە لە بورای ئەدەب، چونکە زمانی شیعر و ئەدەب پێویستی بە جوانکاریی و لادانی واتایی و ئەندێشە هەیە، بەڵام زمانی زانست ...هتد پێویستی بەو لایەنانە نییە، بایەخدان بە زمانی شیعریی و جیاکردنەوەی لە زمانی ڕۆژانەی خەڵک و دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی، کارێکە هەر لە کۆنەوە شاعیران پەیڕەویانکردووە. ئەرستۆ پێی وایە "زمانی شیعر جیاوازە لە زمانی گفتوگۆ، زمانی شیعریی دەبێت تایبەت و ڕوون بێت و لە زمانی ئاسایی دوربێت وە نابێ پەرپوت بێت، ئەگەر زمانەکە نامۆ و غەریبیش بوو دەبێ تێگەیەنەر بێت".(ارسطو ١٩٧٣، ص ٦١). "لەبەرئەوەی زمانی شیعریی لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی جیاوازە شەقڵی تایبەتی خۆی هەیە لە ڕووی کورت بڕی و لادان و داهێنان و نوێکارییەوە، بۆیە گرنگە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ

---

١) خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (وعلم ادم الاسماء كلها) واتا خودای گەورە ناوی هەمــوو شتێکی فێری ئادەم کرد، ئادەمیش یەکەم مرۆڤە کە هاتبێتە سەر زەوی. (القرآن الكريم، صورة البقرة، اية ٣١ ص ٦).

دەقی شیعریدا بە چاوێکی شیعریی و ئەدەبیانە تەماشـای ئەو دەق و بابەتـە شیعری و ئەدەبییانە بـکرێت". (جاسم ٢٠١٩، ل ٩٦)، بۆ هەڵسەنگاندنی دەقی شیعریی دەبێت بگەڕێینەوە بۆ زمانەکەی چونکە "زمان بنچینەیەو کۆڵەکەی بەهێزی شیعرە، ئەو ئامرازەیە، کە شاعیر هەست و سۆز و بیربۆچونەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت". (فەرهاد ٢٠١١، ل ٨٨)، "زمانی شیعریی بریتییە لە وشەو جۆری داڕشتن و ڕستە و سەنگی تەفعیلەکان و هـاوجۆری بڕگەکان". (حسین ١٩٨٧، ل ٧٠)، زمان ڕەگەزێکی گرنگە، هەر شاعیرێک دەسەڵاتی تەواوی بەسەر زمان و فەرهەنگێکی وشەی دەوڵەمەنددا نەبێت، ئەوە لە تاقیکردنەوەی شیعری پەکی دەکەوێت. (میراودەلی ١٩٧٣، ل ٨٥-٨٦)، "زمانی شیعریش هەمیشە تایبەتێتییەکی هەبووە، ئەگەر چیش ئەو تایبەتێتییە لە یەک قاڵب و یەک شێوەدا نەبووبێت". (شوان ١٩٧٦، ل ٩)، کەوایە دەکرێت بوترێت "شاعیر بە شیعرەکەی خۆی لە زماندا کارێک دەکات کە خوێنەر لە نێوان زمانی شیعری ئەو و زمانی ڕۆژانەدا جیاوازی دابنێ". (یەعقوبی ٢٠٠٥، ل ١٣).

بەهۆی کۆمەڵێ تایبەتمەندیی و جوانکاریی واتایی و وشەییەوە، کە لە زمانی شیعردا بەرجەستە دەبێت، هەموو کەسێ ناتوانێ ئەو زمانە بەکاربهێنێ و دەسەڵاتی بەسەریدا بشکێ، بۆیە وتراوە "شیعر ئەو زمانەیە کە لە دەست گشتمان نایا قسەی پێبکەین". (غالب ١٩٧٩، ل ٣)، "زمانی ئەدەبیی، زمانێکی تایبەتە هەر لەبەرئەوەش هونەری بەکارهێنانی تەنها لـە دەست ئـەو کەسانە دێت، کە بـەهرەی نووسین و شاعیرێتییان تیادا هەیە". (رشید ١٩٨٩، ل ١٤٨). جیاوازی زمانی شیعر و زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە بابەتێکی ڕاستەقینەیە و ناکرێ شاعیر بەهەمان شێوازی زمانی قسەکردنی ڕۆژانە شیعر بنووسێ، بەڵکو شیعر پێویستی بە کۆمەڵێ بنیاتی ناوەوە و دەرەوەی تایبەت بەخۆی هەیە.

یەکێک لە هۆکارەکانی نەمری و بە زیندوی هێشتنەوەی زمان شیعرە چونکە "زمان پێویستی بە بوژانەوەیەکی بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی وشک نەبێتەوە و نەزۆک نەبێت شیعریش ئەو سەرچاوە سەرەکییەیە، کە زمان دەپارێزێت و نوێی دەکاتەوە". (Austin Warren, Rene Wellek 1949، p 188)، لە ڕێگای زمانی شیعرییەوە تا ڕادەیەک نەمری و زیندوویییەک بۆ زمان دەمێنێتەوە، بە جۆرێک دەقێکی شیعریی سەدان و هەزاران ساڵ لەمەوبەر نوسرابن هەمان خاسیەت و تایبەتمەندیی زمانی ئەو سەردەمەی پێوە دیار دەبێت و دەمێنێ، ئەمەش دەبێتە هۆی هێشتنەوە و بە زیندوی ڕاگرتن و تایبەتمەندێتی ئەو زمانە، بەڵام بەهۆی گۆڕان لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی چەمک و واتا شیعرییەکانیش بەپێی سەردەمەکان دەگۆڕێن، وەک ئەوەی وشەیەکی شیعریی لە سەردەمانێک واتایەکی هەبووە، بەڵام لە ئێستادا واتایەکی نوێتری هەیە، "زمانی شیعر لە هەموو سەردەمێکدا کۆمەڵە خاسیەتێکی تایبەتی هەیە، بەڵام بە پێی ئەو بارودۆخە نوێیانەی، کە لە ئەنجامی یاساکانی گۆڕان و پەرەسەندنی ژیانەوە ڕوودەدەن، ئەویش لە هەر سەردەمێکدا مانای نوێ پەیدادەکات و تەعبیر لە دەلالەتێکی نوێ دەکات، کە لەگەڵ سەردەمەکەدا بگونجێت". (سابیر ٢٠٠٦، ل ٢٨٥).

کاتێ شاعیر دەگاتە ئاستێکی بەرز لە بواری هۆنینەوەی شیعردا، ئەوا بەهۆی بەکارهێنانی زمان و چۆنێتی مامەڵەکردنە لەگەڵ وشەدا، بەجۆرێک یاریکردن بە وشە و دەستەواژە و لادانی واتایی، کە شاعیر لێزانانە زمان بەکاردەهێنێ و دەیکاتە سەرەتا و کۆتایی کارەکەی، "شاعیر شارەزای هەموو تاکتیکەکانی زمانە لە سادە وساکارییەوە تا ئەوپەڕی ڕەوانبێژی، ئەمانە دەخاتە کار، لە مەیدانی مەجاز و درێژدادڕی و بەلادا بردن و دوبارە کردنەوە" (العوادی ١٩٨٥، ص ٢١).

سەبارەت بە بەکارهێنانی زارەکانی زمانی کوردی وتراوە: "هەموو دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی موڵکی شاعیر بوون". (عیزەدین ١٩٩٠، ل ٤٦)، شاعیرانیش بە پێی ئارەزو ویستی خۆیان، یاخود بەپێی بارودۆخ و پێویستی سەردەم، یان بە پێی پەیرەوکردنی ڕەوتێک بۆ زمانی شیعریی، کە زۆربەی شاعیران لەسەری ڕۆیشتوون لە قۆناغێکدا زمانی شیعرییان بۆخۆیان هەڵبژاردووە، وەک دەبینین چەندان شاعیری وەک مەولەوی و مەلای جەباری و فەقێ قادری هەمەوەند و ...هتد جیاواز و دوور لە زاری قسەکردنی خۆیان زاری گۆرانیان کردووە بە زمانی شیعرییان. ئەوەی تا ئێستا زانراوە و بەردەستە، یەکەمین کەس کە بە زاری گۆران و شێوەزاری (ماچۆ) شیعری وتبێ (مەلا پەرێشان) بووە لە سەدەی (١٤)ز. (کاکەیی، کاکەیی ٢٠١٩، ل ٩٦). مەلای جەباریش زاری گۆران و شێوەزاری (ماچۆی)ی بۆ هۆنینەوەی هۆنراوەکانی بەکارهێناوە، ئەمەش چەند هۆکارێکی تایبەتی خۆی هەبێت، بۆیە پێویستە ڕونکردنەوە لەو بارەیەوە بدرێ.

## مەلای جەباری و نوسینی شیعر بە شێوەزاری (ماچۆ)ی زاری گۆران:

نووسین بە زاری گۆران مێژوویەکی کۆنی هەیە، دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی نوسینی پەڕاوی ئایینی یارسانەکان. ئایینی یارسان (کاکەیی-ئەهلی حەق)، کە نوسینی دەقەکانیان بە زاری گۆران بووە گەیشتووە بە کەرکوک و ناوچەکە. (نبز ١٩٩٧، ص ١٠٣)، بەهۆی پەرەسەندنی دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵانەوە، خوێندەوارانی سنوری میرنشینەکە لەبەر هۆکاری بڵاوبونەوەی شیعری زاری گۆران پەیرەویان کردووە. یەکێکی تر لە هۆکارەکان، هۆکاری ڕۆشنبیری و ئەدەبی بووە کە،(سەید ئەحمەد)ی مامی مەلای جەباری شاعیر بووە و بە شێوەزاری (ماچۆ) شیعری نوسیوە، جگە لە شاعیرانی ناوچەکە پەیرەوکردنی شیعر بە زاری گۆران لەلایەن زۆرێک لە شاعیرانی کوردەوە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ بەردەوام بووە. (ڕۆژبەیانی ١٩٤٥، ل ٤٢٩). یەکێکی تر لە هۆکارەکان هۆکاری هونەرییە، زاری گۆران ڕیتم و ئاوازێکی خۆش و ناسکی بۆ هۆنینەوەی هۆنراوە هەیە، وشەکانی موسیقین. شیعر وتن بەو زارە کارێکی داهێنەرانە بووە، چونکە زمانی شیعری بووە. (سەعید ٢٠٠٨، ل ١٢٧)، سەرەڕای ئەوەی مەلای جەباری شیعرەکانی بە زاری گۆران و شێوەزاری (ماچۆ) نوسیوە، بەڵام "زمانی تێکەڵاوە هەرچەندە لە بنجدا دیالێکتی گۆرانییە بەڵام بە ڕوونی کاری کوردی ناوەڕاست بەسەرەوە دەبینرێ و وشە و ڕستەکانی سادە وئاسانن و لە شیعری میللی سەرزاری نەنوسراوەوە نزیکن". (خەزنەدار ٢٠٠٣، ل ٣٤٠)، زمانی ئەدەبی و دەسەڵات، یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ئەوەی، کە دەکرێت بوترێت

دانیشتووانی ئەو کاتەی ناوچەی جەباری لە زمانی ماچۆ تێگەیشتبێتن و بەو هۆیەوە توانیویانە لە شیعرەکانی مەلای جەباری تێبگەن، یەکێکی تر لە هۆکارەکان پێدەچێت پەیوەندی بە باڵادەستی زمانی ئەدەبیی و سیاسیی و دەسەڵاتی ئەو زمانەوە هەبووبێت لەو قۆناغەدا، کە زاری گۆران دەسەڵاتی ئەردەڵانەکان بووە، چونکە هەروەک چۆن لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زمانی لاتینی وەک زمانی باڵای دەسەڵات و ئایین و دەرباری زمانی خەڵکانی دەسەڵاتدار و چینی ئەرستۆکراتیی بووە، بۆیە دەکرێت ئەمە بۆ ناوچەی جەباریی و شێوەزاری ماچۆش بگوازرێتەوە، کە لەو قۆناغەدا بەهۆی باڵادەستیی ئەردەڵانەکان و زمانی ماچۆوە خەڵکە دەستڕۆیشتووەکەی ناوچەی جەباری و خێزانە ساماندار و باڵادەستەکانەوە وەک هۆکارێک بۆ خۆجیاکردنەوەی چینایەتی و هۆکارێک بۆ خۆنزیککردنەوەیان لە دەسەڵاتدارانی ئەردەڵان، زمانی ماچۆیان وەرگرتبێت و لەوێشەوە ئەم شێوازە قسەکردنە لە ڕێگەی چەند خێزانێکی دیاریکراوەوە بڵاوبووبێتەوە بە ناوچەکەدا، کە لە کۆتاییدا خەڵکەکە، هەرچەندە دەکرێت وەک زمانی قسەکردنی ڕۆژانە بەکاریاننەهێنابێت، بەڵام توانیویانە بە ئاسانی لێی تێبگەن. (مستەفا، ٢٠٢١).

پێویستە ئەوە بوترێ هیچ ئاسەوارێکی شێوەزاری (ماچۆ) بەسەر زاری خەڵکی ناوچەی جەبارییەوە جێنەماوە، کە پێمان بڵێت ناوچەی جەباری زاری قسەکردنیان گۆران و شێوەزاری ماچۆ بووە[١]، بەڵکو شێوەزاری قسەکردنیان نزیکە لەگەرمیانیی، ئەگەر لە ماوەیەکی زەمەنی کۆنیشدا ناوچەی جەباری بە شێوەزاری ماچۆ یا نزیک لە ماچۆ دوابێتن، ئەوا هیچ بەڵگەیەکی زانستیی و ڕاستودروست لەم بارەیەوە بەجێنەماوە، تا ئەو ڕاستییە بسەلمێنێ، بەڵام ناوچەکانی زەنگنە و شێخان و کاکەیی و شوان... هتد، نزیک و هاوسنوری جەبارین و بە شێوەزاری ماچۆ، یان نزیک لە ماچۆ گفتوگۆیان کردووە، ئەمەش وامان لێ دەکات وا بیربکەینەوە ناوچەی جەباریش دانەبڕین لە ناوچەکانی دەوربەری و بڵێین: ئەمانیش بە ماچۆ دواون، "کۆمەڵێک تیرەو عەشیرەتی کوردی وەک (باجەڵان و زەنگنە و ڕۆژبەیانی و سیامەنسوری) و کە ئەوانیش بە پەرشوبڵاوی لە کەرکوک و دەشتی گەرمیان نیشتەجێن و بە شێوەزارێکی گۆرانی دەدوێن وەک ماچۆ وایە". (ڕەسوول ٢٠٢٠، ل ١٩٤)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شێوەزارەی پێی دواون جیاوازە لەو شێوەزارەی، کە شیعری پێ نوسراوە، واتە زمانی گفتوگۆ و زمانی شیعریان جیاوازە، بەڵام تێگەیشتن لە شیعری شێوەزاری ماچۆ بۆ ئەوانەی بە ماچۆ دەدوێن وەک کاکەیی، زەنگنە، شێخان ...هتد ئاسانە. (کاکەیی، ٢٠٢١).

ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە واتە لەو ڕۆژەی، کە ئەدەبی نوسراومان هەیە پەیوەندییەکە بەهێزی لەگەڵ ئەدەبی فارسیدا هەبووە بە تایبەتی لە قۆناغی کلاسیکدا. (عارف ١٩٧٤، ل ٧٢)، ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان ئەدەب و زمانی فارسی و کوردیدا هەبووە، چەند هۆکارێکی هەبووە لەوانە: زمانی فارسی هەندێک نزیکی لەگەڵ کوردییا هەیە بیروباوەڕی شاعیرەکانمان لەگەڵ یەکتر ئەگونجێ، یەکێکی تر لە هۆکارەکان بەهۆی

---

١) چاوپێکەوتن (جەباری و جەباری، ٢٠٢٠).

ئەو داگیرکارییەی فارسەکانەوەیە بۆسەر ناوچە کوردییەکان و سەپاندنی زمان و ئەدەبیاتی خۆیان بەسەر گەلی کورددا ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی شاعیران و ڕۆشنبیران بکەونە بەر ئەو کاریگەرییەی فارسەکان.

یەکێکی تر لە هۆکارەکان جگە لە پەیوەندی نزیکی هەردوو زمانەکە بابەتەکانی خوێندنە لەو ناوەندانەی لێی دەخوێندران "لە کوردستانی ئێمەدا مەڵبەند و شوێنی خوێندەواری لە دوای بڵاوبونەوەی ئاییبنی ئیسلام مزگەوتەکان بوون و خوێندەوارەکانیشمان بە زۆری شێخ و مەلاکانی ئەو مزگەوتانە بوون، ئەمەش دوای تەواوکردنی قورئان بۆ ئەوەی فێری نوسین و خوێندنەوە ببن بە واتا فێری پەخشان و نوسین ببن، چەند کتێبێکی فارسی بووە کە خوێندویانە، بە تایبەتی (گوڵستان)ی شێخی سەعدی، وە لەبەر نزیکی دوو زمانی کوردی و فارسی لە یەک، خوێندنەوە و نوسینی فارسییەکەیان بەلاوە ئاسان بووە و زوو فێری بوون، لەبەرئەوە دەبینین تا دوای شەڕی جیهانی یەکەم زۆربەی خوێندەوارەکانمان لەگەڵ ئەو بەشەیانا کە لە قوتابخانەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی تورکییان زانیبوە، فارسییان بە نوسین و خوێندنەوە زانیوە". (موتابچی ۱۹۷۳، ل ۱۳).

یەکێکی تر لە هۆکارەکان نزیکی و ژینگەی هەردوو ناوچەکەیە، کە شاعیرانی کورد و فارس تیایدا ژیاون و زەمینەی بۆ کارتێکردنی ئەدەبیاتی فارسی لەسەر ئەدەبیاتی کوردی خۆشکردووە. "شوێن و ئاوهەوای کوردستان و جۆری بیروباوەڕ و لێکدانەوەی شاعیرە کوردەکان و ئەو شوێن و دەورو پشتەی تیایدا ژیاون ئەوەندە جیاوازی نەبووە لەگەڵ بیر و شوێن و دەوروپشتی شاعیرە فارسەکان". (موتابچی ۱۹۷۳، ل ١٤)، هۆکاری سیاسی، گەشت و پەیوەندی بۆناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فارس، باڵدەستی کلتور و ڕۆشنبیری فارس... بوونە بەهۆی ئەو تێکەڵبوون و نزیک بوونەوەیەی، کە لە نێوان ئەدەبی فارسی و کوردی لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی زۆرێک لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی و بە تایبەتیش شاعیرانی زاری گۆران دەبینرێ و ڕەنگی داوەتەوە و بووە بە هۆی بەکارهێنانی چەندین وشە و دەستەواژەی فارسی لە ناوەخنی شیعرەکانیاندا.

ئەگەر چاوێک بە دیوانی زۆرێک لە شاعیرانی قۆناغی کلاسیک بخشێنینەوە، دەبینین دیاردەی بەکارهێنانی وشەی بێگانە بە تایبەتی وشەی فارسی و عەرەبی و تورکی لە شیعرەکانیاندا ڕەنگیانداوەتەوە، مەلای جەباریش یەکێکە لەو شاعیرانەی ئەم دیاردەیە لە شیعرەکانیدا دەبینرێت، وشەی فارسی تێکەڵ بە شیعرەکانی کردووە لەبەرئەوەی زاری گۆران زیاتر لە فارسییەوە نزیکترە، بۆیە زمانی فارسی کاریگەری زیاتری لەسەر شیعر و ئەدەبی زاری گۆران و ناوچەی گۆران جێهێشتووە، وەک لە چامە شیعرییەکانی شاعیرانی ئەم زارەدا دەردەکەوێت، بۆ پیشاندانی کاریگەری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر زمانی شیعریی مەلای جەباری چەند دێڕێک لە شیعرەکانی شاعیر وەک بەڵگە دەهێنینەوە.

مەلای جەباری لە شیعری (شای شیرین دەستوور)دا دەڵێت:

شای شیرین دەستوور، شای شیرین دەستوور

دیدەش سیا کەرد وە سوورمەی کـۆی تور. (مەلای جەباری ۲۰۱۸، ل ٥٦).

شاعیر وشەکانی (دیدە، سیا)ی فارسی لەجیاتی وشەکانی (چاو و ڕەش) بەکارهێناوە.

مەلای جەباری لە شیعری (ئەزم کارێ بیم)دا دەڵێت:

جەبین رشتەی سونــع لیقای ئیلاهی

تەن وە تۆی تافتەی سفیــدی شاهی. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٧٤).

شاعیر وشەکانی (تن، تافتە، سفید، شاە)ی فارسی لە جیاتی وشەکوردییەکانی (لەش، جل و بەرگ، سپی، پاشا) بەکارهێناوە.

مەلای جەباری لە شیعری (نەوبەهار)دا دەڵێت:

شەو سەرگەردانان سەر ئازاد کــــەرۆ

شبان وە (وادی ایمن) شـــــــاد کـەرۆ

مەر (مەلا)یش نیشو شەو نە دەیجوردا

نە تیرەی تـاریک سیای بێ نــــــوردا. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٣٢).

شاعیر وشەکانی (شبان)ی فارسی بەکارهێناوە، لە بری وشەی (شوان)ی کوردی و لە وشەی (شاد)دا هاوبەشن.

شاعیر لە شیعری (لەیلا خان)دا دەڵێت:

بی خەیلی وەختەن دوورکەفتەی زێدم

غەیر جە تۆ وەکــەس نییەن ئومێدم. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٣٩).

وشەی (خیلی) فارسییەو بەرامبەر وشەی (زۆر)ە لە کوردیدا و وشەی (ئومێد)یش هاوبەشە لە نێوان هەردوو زمانەکەدا.

مەلای جەباری لە شیعری (شیرین سەر زەمین)دا دەڵێت:

وە سینەی سفید ســەرنج سافەوە

وە دوو لیمۆی پڕ شەفــــــافەوە. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٤٦).

شاعیر لە بری وشەی سپی وشەی (سفید)ی فارسی بەکارهێناوە.

مەلای جەباری لە شیعری (بەهار)دا دەڵێت:

بەزمێ چون مجلس بەهمەن وەکام بو

گا حدث جەم گا باسی جــــــــام بـو. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٣٦).

شاعیر وشەی (جام)ی فارسی بەکارهێناوە بە واتای (پیاڵە) دێت. بەکارهێنانی دەستەواژەی جامی جەم لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت، کە ئەمیش لە ئەدەبی کلاسیکی فارسییەوە بۆ ناو ئەدەبی کوردی گواستراوەتەوە.

مەلای جەباری لە شیعری (ئەزم کاریَ بیم)دا دەڵێت:

داخـــــــــــم نە مەنەن نەوشیروان دەور

هوون خەسرەو سانۆ وەک بەوران بە جەور. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٧٥).

شاعیر ناوی (نەوشیراون)ی وەک ڕەمزی ئازایی و پاڵەوانی سەردەمی خۆی بەکارهێناوە، نەوشیروان دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی بوو، دواین ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەی فارسەکان بووە لە پێش ئیسلامدا.

مەلای جەباری لە شیعری (لەو بەیانەوە)دا دەڵێت:

دەس و پا ڕەنگین وێنەی کـەوەنی

تەڵای دەس وەشا کەی خوسرەوەنی. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٤٤).

جگە لە چەندین وشەی فارسی ناوی پاشا و ناودارانی فارس و چەندین ڕەمز و ئەفسانە و چیرۆکی خۆشەویستی و قارەمانێتی تێکەڵ بە شیعری شاعیرانی کلاسیک بووە، مەلای جەباریش لە باسی پاڵەوان و بەسەرهاتی پاشا و ناودارانی فارس و عەرەب بێبەش نەبووە، ئەوەتا باسی یەکێک لە شاکانی ئێرانی کۆن بە ناوی (بەهرام) و ئازایی و نەبەردی (نەوشیروان)ی دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی و باسی جامی جەم، کە ئاوێنەی (جەمشید)ە دەکات، کە لە ئەدەبیاتی کلاسیک و ئەفسانە دێرینەکاندا زۆر جار ناوبراوە و دەنگدانەوەی زۆری هەبووە، باسی ڕازاوەی و ڕەنگینی خێزانی کەی خوسرەوی پاشای ئیمپراتۆریەتی ساسانی دەکات، ئەم کاریگەربوونەی شاعیر بە ئەدەبیات و شیعری فارسی، ڕەنگە بەهۆی خوێندنەوەی دیوانە شیعر و مێژوو و شارەزایی لە کلتور و ڕۆشنبیری ناودارانی فارسەوە بوویێت.

سەبارەت بە کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبی لە سەر ئەدەبی کوردی ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە، گرنگترینیان بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام و نزیکی سنوری هەردوو ئەدەبیاتەکە، هەروەها دەوڵەمەندی فەرهەنگ و زمانی عەرەبی، کە ڕۆشنبیرانی کورد بە هۆی خوێندنەوەی قورئان و بابەتە ئایینیی و ئەدەبییەکانی عەرەب کاریگەربوون و لە شیعرەکانیاندا ئەو کاریگەرییە دەبینرێن، ئەویش بە بەکارهێنانی وشەی باوی عەرەبی و ناوهێنانی کەسایەتی چیرۆکە ئایینی و خۆشەویستییەکانی گەلانی عەرەبی و موسڵمان، ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی چەندین وشە و چەمکی عەرەبی و ئایینی لە ناوەخنی شیعری کلاسیکی کوردی و زاری گۆران جێگەی خۆی بکاتەوە و بووە بە بەشێک لە زمانی شیعرەکانیان.

ژیانی شاعیرانی نیوەی یەکەمی سەدەی (١٩) ز لە کوردستان بە گشتی و سلێمانی و کەرکوک بە تایبەتی لە ڕووی دەسەڵاتی سیاسییەوە، یان سەر بە عوسمانی یان سەر بە قاجاری فارس بووە، ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە گەورەیە لە ڕووی ئایینەوە سەر بە ئایینی ئیسلام بوون، "ئەمە بووە بەهۆی ئەوەی، کە زمانی ڕەسمی لە کوردستاندا بە زمانی ئەوان بێت، زمانی عەرەبیش زمانی ئایینی ئیسلام بووە و کوردستانیش یەکێک بووە لەو ناوچانەی بە گشتی موسڵمانن، ئەمەش هۆیەکی سەرەکی بووە بۆئەوەی زمانی ئەدەب و ڕۆشنبیری گەلی کورد یان بە عەرەبی بێت یان بە زمانی دراوسێکانی بێت". (کاکی ٢٠٠٨، ل ٦٤).

"زمانێکی وەک زمانی عەرەبی لە سەردەمەکانی پێشودا، واتە لەسەردەمی ئەدەبی کلاسیکی کوریدا بەهۆی ئایینەکەوە کەوتۆتە سەرزاری هۆنەر و ئەدیبەکانی کورد و هێناویانە موفرەداتی ئەو زمانەیان بە تەواوی لەگەڵ زمانی کوردیدا جۆشداوە و لە قاڵبی هۆنراوە یا ڕستەدا دایان ڕشتووە، ئەو موفرەداتانە وایان لێهاتبوون بە پاژێکی زمانەکە و لەوانەیە بووشبن بە کوردی، بەڵام چەمکەکانی ئەو موفرەداتانە بە پێی چەرخ و ڕۆژگار گۆڕان". (سجادی ١٩٧٥، ل ٩٤)، "بە بەراورد لەگەڵ نەریتە ئەدەبییەکانی تری ئەدەبی کوردی، ژمارەی وشە عەرەبییەکان لە نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵاندا زۆر کەمترە" (سەجادی ١٣٩٥، ل ١٣٥)، واتە بەکارهێنانی وشەی فارسی زیاترە لە شیعری زاری گۆران، هەرچەندە هەندێک وشەی عەرەبیش دەبینرێن، بەڵام هەندێک لەو وشانە بووبن بە موڵکی زمانی فارسی و بەکارهێنانی بۆ قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵکی لە هەندێک لە زارەکانی زمانی کوردیدا، وەک ئەوەی لە زاری کوردی ناوەڕاست ئەم دیاردەیە زیاتر هەستی پێ دەکرێت، کە وشەیەکی زۆری زمانی عەرەبی لە قسەکردن و زمانی شیعیریدا بەکارهاتووە، ئایینی ئیسلام کاریگەری لەسەر زۆربەی شاعیرانی کلاسیک و لە ناویشیاندا شاعیرانی زاری گۆران هەبووە، ئەم کاریگەرییەش لەسەر زمانی شیعری مەلای جەباری بەڕوونی هەستی پێدەکرێت.

بە پێداچوونەوەیەک بە نێو شیعرەکانی مەلای جەباریدا، هەندێک وشە و دەستەواژەی عەرەبی و ئیسلامی دەبینرێن بە تایبەتی لە شیعرە ئایینیەکانیدا، وەک لەم نموونە شیعرییانەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێدەکەین.

مەلای جەباری لە شیعری (شیرین تاتا کرد)دا دەڵێت:

یان وە عەسای دەست (کلیم الله) کرد

یان وە طلسم کوی گەنج کـجا کـــرد

قامەت تەرز تول سەول ساوا کــــــــرد

ئەوسا وا مأوای جنت ئـــــاوا کـــــرد. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٣٤).

شاعیر وشە عەرەبییەکانی وەک: (عصا، کلیم الله، قامت، مأوی، جنت)ی بەکارهێناوە کە گشتیان وشەی عەرەبی و زیاتر ئایینین، تێکەڵ بە زمانی شیعریی کردووە.

مەلای جەباری لە شیعری (بەهارد)دا دەڵێت:

ئەی ساقی دەخیل من وەی زامەوە

التفاتی کـــــــــەر بو وەلامەوە

عیلاجی پێم دەر سود مـــــەندم بو

باعث حیات قەید بـــــــەندم بـو. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٣٧).

شاعیر وشەکانی (التفات، عیلاج، باعث، حیاة)، کە سەرجەمیان وشەی زمانی عەرەبین تێکەڵ بە وشە کوردییەکانی ناو شیعرەکەی کردووە.

مەلای جەباری لە شیعرێکی بێ ناونیشاندا دەڵێت:

هەرچی لە نەوەی قەومی جافی یەن

سەناشان مەکەن جافی کـــافی یەن. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٥٠).

شاعیر وشەکانی (قوم، کافی)، کە دوو وشەی زمانی عەرەبین لەگەڵ وشە کوردییەکانی ناو شیعرەکەی تێکەڵ کردووە.

مەلای جەباری لە شیعری (نزای باران بارین)دا دەڵێت:

وە کردەی مەخلوق نەحس و بەد کـردار

عـاصـی عصیانبار شووم و شەرمــــەزار

نـــــەیـــەری جـــەزای عـــەبد ڕوو ســـیاه

مـــردود مـــذنب، مـــــلعون و گـــوم راه

غـفار الذنوب هـــەر تـــــۆی پـــــەنامان

غـەیر جـــــە قاپی تـۆ نییەن ڕەجامـان. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٢٤).

لەم شیعرە ئایینییەدا شاعیر وشەکانی وەک: (مخلوق، نحس، عاصی، عصیان، جزا، عبد، مذنب، ملعون، غفار، ذنوب، غیر، رجاء)ی بەکارهێناوە، شیعری ئایینی کلاسیکی کوردی و شیعری کلاسیکی زاری گۆران زۆرترین وشەی عەرەبی تێدابەکارهاتووە.

مەلای جەباری لە شیعری (نەو وەهار)دا دەڵێت:

نەو فیض فتوح نەو وەهـــــارەوە

نەو بیضای ئەنوار کۆی دڵدارەوە. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١١٩).

شاعیر وشەکانی (فیض، فتوح، بیضا، انوار)ی عەرەبی تێکەڵ بە وشە کوردییەکانی ناو شیعرەکەی کردووە.

مەلای جەباری لە شیعری (سمێڵ)دا دەڵێت:

ئیلتیجا بەردەم وە تـــــەکیە داری

لە خالق نەترس لە حـــــەق بێزاری

...

کەلیمەی تەوحید وە زۆر پێم واچان

وە زۆر سمێڵمیان تەمـــام وەرقاچان. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٣٠).

شاعیر وشەکانی (التجاء، خالق، حق، کلیمە، توحید)ی عەرەبی تێکەڵ بە وشە کوردییەکانی ناو شیعرەکەی کردووە.

مەلای جەباری لە نامەیەکی شیعری دا دەڵێت:

ئا نە قەیس پەی لەیل من پەی کێ وێڵم

پەی کێ وێران ماڵ کـــــەڵپوس وەپێڵم. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٠٣).

مەلای جەباری لە شیعری (شیرین قەراردا)دا دەڵێت:

مەلا تەجروبەی خـــــــاڵی لەیلش بی

مەجنوون بەرنشین کۆی دوجەیلیش بی. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٦٣).

شاعیر لە ڕێگەی ناوهێنانی (لەیل و مەجنون) یان (قەیس و لەیل) ئاماژە بە چیرۆکێکی خۆشەویستی دەکات، کە لە ناو عەرەبەکان باوە بووە، لە مێژوو و ئەدەبی عەرەبەوە وەرگیراوە، کورد و فارسیش وەک ڕەمزی خۆشەویستی، یان ئێش و ئازاری خۆشەویستی بەکاریانهێناوە.

بەشێک لەو وشە عەرەبی و فارسیانەی، کە شاعیران بەکاریانهێناون، بوون بە بەشێک لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵک، هەندێک وشە هەیە، کە کورد و فارس و عەرەب تیایدا هاوبەشن و هەندێکجار بۆ یەک واتا و هەندێکجاریش بە واتا و مەبەستی جیاوازا بەکاریدێنن، مەلای جەباریش وەک یەکێک لە شاعیرانی

کورد هەندێک لە وشە هاوبەشەکانی بەکارهێناوە، بەکارهێنانی وشەی بێگانە لای شاعیر بەهۆی لاسایکردنەوە بووە، کە زۆرێک لە شاعیرانی کوردی پێش مەلای جەباری ئەم دیاردەیە لە شیعرەکانیاندا دەبینرێن، شاعیریش نەیویستووە لە کاروانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی بە تایبەت شاعیرانی زاری گۆران لابدات و توانا خۆی لەم ڕێگەیەوە پیشانداوە، ئەمەش ئەوە پیشاندەدات کە وتراوە: "زمانی شیعری دەبێت سیمای سەردەمەکەی خۆی هەڵگرێ" .(گەردی ٢٠٠٤، ل ٦٥).

## وێنەی شیعریی:

شاعیر و وێنەی شیعری دووانەیەکی لێکدانەبڕاون، چونکە شیعر بە بێ وێنەی شیعری دروست نابێت، وێنەی شیعری هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی دەقی شیعری کە لە ڕێگەی زمانەوە پیشاندەدرێت، وێنەی شیعریی یەکێکە لە بنیادە سەرەکییەکانی پێکهاتەی دەقی شیعریی، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ شاعیر لە ڕێگەی وشە و زمانەوە، وێنە و دیمەکانی ژیان لە سروشتی گیاندار و بێگیاندا بە شێوەیەکی واقعی دەگوازێتەوە و پیشانی خوێنەری دەدات. "جگە لە زمان وەک گرنگترین هۆکار، ئەندێشە سەرچاوەیەکی گرنگی دروستبوونی وێنەی هونەرییە، کە لە ئەنجامی سۆزو هەستی شاعیرەوە لە خەیاڵ و هزریدا دەخوڵقێت". (سەعدون ٢٠٠٩، ل ٢٥٢).

لە پێناسەی وێنەی شیعریدا زۆر ڕاوبۆچوون هەیە، لێرەدا هەندێک لەوانە ئاماژە پێدەدەین کە وتراوە "وێنەی شیعریی، نیگار کردنە، بنەماکەی وشەی بارگە کراوون بە هەست و سۆز". (سی-دی لویس ١٩٨٢، ص ٢٣). "وێنەی شیعریی لە سادەترین واتایدا وێنەیە بە وشە، وەسف و خوازە و لێکچوون وێنە دروست دەکەن". (سی-دی لویس ١٩٨٢، ص ٢١)، سی دی لیوس پێیوایە لە ڕێگای وێنەی شیعرییەوە شاعیر وێنە و نیگارێک بە وشە دەکێشێت بەڵام تێکەڵ بە هەست و سۆزی دەکات و هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەبنە هۆی دروستبوونی وێنەی شیعریی.

"وێنەی هونەریی زمانی ئەندێشە و هەموو ئەو دیاردە هەست پێکراو و هەستە دەروونی و بۆچوونە ئەندێشەیی یە بەرجەستەکراوانە دەگرێتەوە، کە بەهۆی زمانەوە بۆ خوێنەر و گوێگر ئەنجام دەدرێ، بەم پێیەش دەشێ وێنەکە وشەیەک بێت، یاخود ڕستەیەکی لێکدراو بێت، یەخود سەرجەمی هەڵبەستەکە بۆخۆی بە شێوەی وێنەیەک ئەنجام درابێ". (عەلی ١٩٩٨، ل ٤٧)، "وێنەی شیعریی ڕەگەزێکی گرنگی بنیادی پێکهاتەی شیعرە، کەرەستە بەکارهاتووەکانی ئەو وشانەن، کە لە خەیاڵ و دەرونی شاعیردا هەن، کە بە شێوەی تابلۆیەکی شێوەکارانە بە وشە دایان دەڕێژێت". (فەرهاد ٢٠١٥، ل ٤٧)، "وێنەی شیعریی جەوهەری هونەری شیعرە و واتای سەرەکی لەوەوە دروست دەبێت، شاعیر بە یاریدەی خەیاڵ و بە هۆی وشەوە وێنەی بیرۆکەکانی خۆی دەکێشێت". (حسێن ٢٠٠٨، ل ٩٤)، لێرەدا خەیاڵ و دەرونی شاعیرکراوە بە بنەمای کێشانەی وێنەی شیعریی. "وێنەی شیعریی یەکێکە لەو ڕەگەزە سەرەکییانەی، کە بەشدارە لە بنیاتی دەقی شیعریدا و ڕۆڵی هەیە لە جوڵاندنی هەست و بەخشینی چێژ و دەبێتە هۆی بەرجەستە کردنی هەست و بیری شاعیر بە شێوەیەکی ڕوون و بەرچاو".

(عەلی ٢٠١٥، ل ١٩٠)، لەم باسەدا جولاندنی هەست و سۆز و بەخشینی چێژ پەیوەست کراوە بە وێنەی شیعرییەوە.

"شیعر لە کایەی زماندا ئەرکی نیشاندانی وێنەیە". (مەحمود ٢٠١٥، ل ١٠٥)، لەم پێناسەیەدا زمان وەک هۆکاری پیشاندانی وێنە گرنگی پێدراوە، کە لە ڕاستیشدا زمان گەورەترین هۆکاری بنیاتەکانی شیعرە. "وێنە بریتییە لە (درکاندنی وشەکان)،چ وشەی هەستی بن یا واتایی ڕووت لە هەردوو دۆخەکەدا، چەند وێنەیەک پێکدێت لە ئەنجامی وشەو واژەکان". (ئەمین ٢٠٠٢، ل ١٦).

"وێنە لە شیعردا وێنەیەکە خەیاڵی شاعیر بە وشە دروستی دەکات، شاعیریش وەک نیگارکێش وایە وێنە دەکێشێ، بەڵام کەرەستەی وێنەکێشانی شاعیر جیاوازە، شاعیر بەهۆی زمان و هونەرەکانی ڕوانبێژیی و شێوازگەرییەوە، لەتەک پشت بەستن بە خەیاڵ، وێنە دەکێشێت، بۆیە دەوترێت شیعر وێنەیەکی قسەکەرە و تابلۆش شیعرێکی بێدەنگە". (ئەسوەد ٢٠٠١، ل ٩٤). "شیعر وێنەکێشانە". (رسول ١٩٨٩، ل ١٩)، لەم بارەیەوە وتراوە شاعیرو وێنەکێش هاوبەشی و لێکچوونی زۆریان لە بیر و خەیاڵ و واقیع و سۆز و هەست و نەستدا هەیە، کە ئەمانە هۆکار و هەوێنی دروستبوونی تابلۆ و شیعرن، جیاوازیشیان لەوەدایە شاعیر بە هۆی وشەوە وێنە دەکێشێ بەڵام کەرەستەی وێنەکێشان جیاوازە. (سڵێوە ٢٠٠٩، ل ٢١)، "وێنەی شیعریی لە خەونە قوولەکانی شاعیرەوە لەدایک دەبێت و لە ڕێگای وشە و ڕیتمەوە دەبێتە نووسین". (مەلا ٢٠٠٥، ل ٢٦)، لەم پێناسانەدا خەون وخەیاڵ کراوە بە بەشێک لە دروستبوونی وێنەی شیعریی کە، شاعیر خەون و خەیاڵەکانی خۆی یا گەلەکەی لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا بە یارمەتی زمان دەکات بە وێنەی شیعریی. "ئەوەی وێنەکێش دەیکات، تەنیا کێشانی وێنەی واقیعە، واقیعی بێ گیان، بەڵام شاعیر بە وێنەی شیعریی، وێنەیەک دروستدەکات واقع لە ئاستی خۆی بەرزتر دەکاتەوەو پلەیەک دەیجولێنێ". (سڵێمان ٢٠١٤، ل ٤٥)، "وێنە سەرەڕای ئەو ڕۆڵەی کە لە بنیاتی شیعردا دەیبنێ جوانییەکی تایبەتیشی هەیە، بەڵام سەرچاوەی جوانی وێنە بەو خوازانە دروست نابێت کە تیایەتی، بەڵکو جوانییەکەی لەوەوە هەڵدەقوڵێ کە وێنەیە و بەس". (گەردی ٢٠٠٤، ل ٢٦).

لە ئەنجامی ئەو پێناسانەی بۆ وێنەی شیعریی کراون دەکرێت بڵێین: وێنەی شیعریی گواستنەوە و کێشانی دیاردەکانی سروشتە جا وێنەکان بەرجەستە بن یا ژیریی، شاعیر هەستیان پێدەکات و تێکەڵ بە خەیاڵی دەکات، دواتر لە ڕێگەی دەربڕینە زمانییەکانەوە دەیکاتە ناو چوارچێوەی دەقی شیعرییەوە. کەواتە وێنەی شیعریی ئامرازێکە بۆ گواستەوەی ئەو پەیام و مەبەستەی شاعیر لە چوارچێوەی دەقێکدا بە خوێنەر و گوێگری دەگەیەنێت و دەبێتە بنەمایەکی گرنگ لە بنەما هونەرییەکانی شیعر.

لێرەدا ئاماژە بە دوو جۆر وێنەی شیعریی دەدەین "یەکەمیان: وێنەی ڕاستەوخۆ کە بە تەنیا واتای ڕاستەوخۆی وشە و دەربڕینەکان خۆیان دەگەیەنن، بێ ئەوەی پشت بە زانستی ڕەوانبێژی بەسترابێ، دووەمیان: وێنەی

هونەریی کە بریتین لەو وێنانەی کە بە مەبەست و بە شێوەیەکی کارامە و هۆشیارانە ئەنجامدەدرێن و بە هۆی بابەتەکـانـی لێکچواندن و خـــوازە و خواستن و درکەوە، کە زمــانی دەربڕینی ئەندێشەن ســـازدراون" (عەلی ١٩٩٨، ل ٤٧).

"لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بایەخێکی یەکجار زۆر بە خەیاڵ و ئەندێشە دراوە، کە لە چوارچێوەی شیعرەکەدان و بابەتی شیعری دەوڵەمەند کردووە، بە جۆرێک لە کاتی چواندندا وێنەکانی خەیاڵ زۆر ڕازاوە و جوان دێنە بەرچاو وەک ئەوەی چاو بە نێرگس، بەژن بە سەرووی ڕەوان، ڕوومەت بە پەڕەی گوڵ، ڕوو بە مانگ و ڕۆژ، سینە بە باخی سێو، دان بە دانەی مرواری، مەمکەکان بە سێو و هەنار، فرمێسک بە دەریای خوێن، ئە شوبهێنرێ، بەڵام لێرەدا ئەبێ ئەوە لە یاد نەکەین، کە ئەمانە هەموو لاسایکردنەوەی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی ئێرانی و عوسمانییە و هەڵێنجانە لە سەرچاوەی جوانی سروشت". (محەمەد ١٩٨٠، ل ٥).

لە شیعرەکانی مەلای جەباریدا، گرنگی زۆر بە وەسفی سروشت و خۆشەویستی دراوە، وەسفیش پێویستی بە لێکچوواندن و خواستن هەیە بەو شتانەی، کە لە سروشتدا هەن، بۆیە مەلای جەباری کەمترین وێنەی شیعریی سادەو ساکارو ڕاستەوخۆی هەیە، کە وشەکانی بە واتای فەرهەنگیی بەکاردێت، بەڵکو زۆربەی وێنە شیعرییەکانی مەلای جەباری تێکەڵ بە خەیاڵ و ئەندێشە و بیری وردو جوان کراون و بەهۆی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە وەک لێکچواندن و خواستن و ...هتد وێنەی شیعریی زۆر جوان و بەرزی دروستکردووە.

**لێکچوواندن:** "بریتییە لە چواندنی شتێک بە شتێکی دیکە، لەبەر هەبوونی سیفەتێک، یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو شتدا". (عەبدوڵا ٢٠١١، ل ١١٨). بۆ نموونە: ڕووی وەک مانگە. لەبەر هەبوونی سیفەتی جوانی و ڕوناکی لە نێوان کەسێک و مانگدا، ڕووی کەسەکە بە مانگ چوێنراوە.

**خواستن:** "دانانی وشەیەکە لە غەیری مانای ڕاستەقینەو فەرهەنگی ئەو وشەیە بەو مەرجەی نیشانە یا بەڵگەی لێکچوون لە نێوان هەردوو ماناکەدا هەبێ" (پارسا ١٣٩٧، ل ٧١)، بۆ نموونە: گوڵەکەم هات. هەموو دەزانین گوڵ پێی نییە تا بێت و بڕوات، واتا وشەی گوڵ بەواتای فەرهەنگی بەکارنەهێنراوە، بەڵکو بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ کەسێک بەکارهاتووە، لێکچوواندنەکەش جوانیی نێوان گوڵ و کەسەکەیە، کە مرۆڤ چوێنراوە بە گوڵ، لە بارەی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژییەوە وتراوە "ئەگەر شیعر بریتیبێ لە کێشانی وێنە و وێنەسازی بـــکات لە زماندا، ئەوە شیعر پێویستی بە هەموو ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی هەیە". (مەحمود ٢٠١٥، ل ١٠٥).

شاعیر وەک شارەزایەکی بە توانا لە وەسفی سروشت و خۆشەویستەکەی، لە ڕێگەی بەرپاکردنی ئەندێشە و خەیاڵ و بە بەکارهێنانی هونەرەرەکانی ڕەوانبێژی چەندین وێنەی شیعریمان پیشانەدات.

شاعیر لە شیعری (شای شیرین دەستوور)دا دەڵێت:

لەب لەعل و یاقووت قـرمزی گوڵنار

ناسکەن چوون گوڵ هـەڵاڵەی کۆسار. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٥٦).

مەلای جەباری لە ڕێگەی بەکارهێنانی هونەری لێکچوواندنەوە ئەو وێنەیەمان پیشاندەدات کە لێوی یارەکەی لە جوانیدا لە بەردی پیرۆزی سور و یاقوت دەچێت و ڕەنگە سورەکەی، وەک، گوڵی سوری بۆنخۆش وایە و ناسکی لێوی وەک گوڵی ناسک وایە لە چەشنی هەڵاڵەی چیاکان، شاعیر بۆ پیشاندانی ئەم وێنەیە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی تێکەڵ بە خۆشەویستی و سروشت کردووە و جوانی خۆشەویستەکەی بە شتە جوان و بەنرخەکانی ناو سروشت پیشانداوە و ئەو شتانەی زۆر بە نرخ و درەوشاوەن لە سروشتدا چوواندویەتی بە لێوی یارەکەی و وێنەیەکی جوانی لە ناو سروشتەوە پیشانداوە.

شاعیر لە شیعرێکی تردا بۆ پیشاندانی جوانی ئەو کیژەی بینیوێتی، خەیاڵی چیرۆکێکی ناوداری خۆشەویستی بە بیردا هاتووە و تێکەڵ بە شیعرەکەی کردووە.

مەلای جەباری لە شیعری (چراغم فەردم)دا دەڵێت:

کودی و کەڵپۆسی وە هــــم هــــــاوردم

من (شێخ سەنعان) بیم ئەزم حــج کـەردم

وە شـەو عیبـادەت وەرۆ رەفتـــــــــەی ڕا

یا هـوو یـا مەنهوم پەی خانەی خــــــــودا

ناکاو ئەو خەوەر نـــەو گوواریێ دیــــــــم

یەک قـامەت نەتەرز مەلەک چاریێ دیم

ئەو مەلەک چارە مەرد دڵ دێــــــــوەن

تۆبەو ئــاسافــار سۆفیان شێــــــــــــوەن. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٨٩).

شاعیر لەم شیعرەدا دەیەوێ بڵێت: منیش وەک شێخی سەنعان، کاتێک لە دنیای خواپەرستی و پاڕانەوە و داوای لێخۆشبون کردندا بووم، هاوشێوەی زیکر و خواپەرستی دەروێشەکان، بەڵام لە ناکاو و لە بێئاگایی خۆمدا کچێکی تازە پێگەیشتتوم بینی، کە قەد و باڵا و ڕوخساری فریشتە ئاسا بوو، بە بینینی ئەم دیمەنەش پەشیمان بوومەوە لەوەی حەج بکەم و بچمە ماڵی خودا، شاعیر بە ناوهێنانی شێخی سەنعان ئەو وێنەیەمان پیشاندەدات، کە ئەمیش لە تاو بینیی خۆشەویستەکەی ئارامیی لێهەڵگیراوە و ڕەنگە بووبێتە هۆی لە بیرچوونەوەی نزاو

پاڕانەو و خواپەرستی شاعیر، گوایە شێخی سەنعان بەهۆی بینیی کیژێکی جوانەوە لە ڕێگای حەجکردن وازی لە سەفەری حەج هێناوە و لە دەوروبەری ماڵی کچە ماوەتەوە و بووە بە خزمەتکاریان، لەم وێنە شیعرییەدا هونەری ڕەوانبێژی بەکارهاتووە، کاتێک مەلای جەباری حاڵی خۆی ئەچوێنێ بە شێخی سەنعان.

مەلای جەباری لە شیعری (شکار وە بەختەن)دا دەڵێت:

یە (مەلا)ن نە عەشق شۆخ خەرامان

جەرگش سیاهەن وەک قـەرەخەرمان. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٠١).

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا، کە باسی خۆشەویستی و دڵداریی خۆی دەکات و ئازاری خۆشەویستی و دڵداریی خۆی دەچوێنێ بەو گوڵە گەنمە نیمچە سوتاوەی، کە دەکرێت بە قەرەخەرمان، شاعیر سوتان و ڕەشبوونی جەرگی خۆی بە دیمەنی سوتان و ڕەشبوونی قەرەخەرمان چوواندووە، کە هۆکارەکەی دڵداریی و خۆشەویستییە، شاعیر تێکەڵکردنی هەردوو دیمەنی خۆشەویستی و سوتاندنی لە ڕێگای بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە کردووە بە وێنەیەکی شیعریی و پیشانی خوێنەر و بیسەری داوە، بە جۆرێک وێنەکە لە دوو شتی جیاوازەوە وەرگیراون، ئەوانیش سوتانی دڵ و سوتانی ئاسایی، سوتانی دڵیش مەجازە و بۆ ئێش و ئازارو ناسۆری دڵ بەکارهاتووە.

مەلای جەباری لە شیعری (شای شیرین دەستوور)دا دەڵێت:

ئەبرووان چوون قەوس یەک شەوەی هیلال

مەگـــــەر دەس دەستان بینای بێ زەواڵ. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٥٦).

شاعیر برۆی یارەکەی بە کەوانی مانگی یەک شەوە چوواندوە، کاتێک مانگ لە سەرەتادایە و پێی دەوترێ مانگی یەک شەوە، شێوەی باریکەو کەوانەییە، شاعیر برۆی یارەکەی لە جوانی و ڕێکیدا بەو شێوەی مانگە چوواندووە و کردویەتی بە وێنەیەکی شیعریی زۆر جوان، ئەویش بە چوونە ناو دنیای خەیاڵ و پیشاندانی مانگ لە ئاسمان و بەستنەوەی ئەو دیمەنە بە برۆی یارەکەیەوە.

مەلای جەباری لە شیعری (شای شیرین دەستوور)دا دەڵێت:

لەب لەعل و یاقووت قرمزی گــوڵنار

ناسکەن چوون گوڵ هەڵاڵەی کۆسار. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٥٦).

شاعیر بۆ پیشاندانی وێنەیەکی جوان و ناسک لە خەیاڵی خۆیدا لێوی یارەکەی بە بەردی بەنرخ لە جۆری گرانێت و مرواری و گوڵی سووری بۆندار چوواندووە، کە چەند مادەیەکی دەگمەن و ناوەزن لە ڕەنگ و جوانی

و درەوشاوەیدا، دووبارە لێوی بە هەڵاڵەی چیاکان چوواندووە لە ناسکیدا، ئەمانەش لە ئەنجامی خەیاڵ و بیرکردنەوە دروست دەبن.

مەلای جەباری لە شیعری (شای شیرین دەستوور)دا دەڵێت:

سینە سینی ساف خـــــــــــولاسەی بێگەرد

مـــــەدرەوشۆ چە تەرح زوهرەی شەفەق زەرد. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٥٦).

شاعیر سینگی یارەکەی بە سینی ساف و بێگەرد چوواندووە، دووبارە درەوشانەوەی سینگی یارەکەی لە سپێتی و جوانییا بە زەردەی خۆری بەیانی چوواندووە، ئەمەش بۆ پیشاندانی وێنەیەکە بە خوێنەر یان بیسەر، کە چۆن ڕەنگ و درەوشانەوەی سینگی یارەکەی بە جوانترین شێوە پیشاندەدات.

مەلای جەباری لە شیعری (شای شیرین دەستوور)دا دەڵێت:

فیدای باڵات بم قۆخ دڵ پەسەن

عومرت بمانۆ تا هـــــەزارو هەن. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٥٧).

شاعیر لێرەدا لە جیاتی ناوهێنانی خۆشەویستەکەی وشەی قۆخی بەکارهێناوە، ئەویش بە مەبەستی زیاتر هونەری و جوان پیشاندانی دەقە شیعرییەکە و دروستکردنی وێنەیەکی جوان، خۆشەویستەکەی و سروشتی تێکەڵ بەیەک کردووە، ئەمەش لە ڕێگەی هونەری خواستنەوە، شاعیر لە ڕێگەی وەسفکردنی داری قۆخ و بەرزی باڵای دارەکە چووەتە ناو باسی وەسفکردن و پیشاندانی دیمەنی جوانی و بەژن و باڵای خۆشەویستەکەی و تەمەنای تەمەن درێژی بۆ خواستووە.

مەلای جەباری لە شیعری (وە کوردە ماڵان)دا دەڵێت:

دیم کە نیشتەوی یـــــەک ماهـ تابان

شەوقش مەدرەوشۆ وە گشت ڕاگەوبان. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٩٤).

شاعیر باسی دانیشتنی مانگ دەکات هەموو ئەوە دەزانین، کە مانگ دانانیشێ، بەڵکو شاعیر لە ڕێگەی هونەری خواستنەوە وشەی (ماهـ)ی بۆ ناوهێنانی خۆشەویستەکەی بەکارهێناوە، ئەمەش بە مەبەستی زیاتر جوانکردن و ڕازاندنەوەی وێنە شیعرییەکەی، شاعیر لێردا ئەو وێنەیەمان پیشاندەدات، کاتێک خۆشەویستەکەی دانیشتووە ڕوناکی و گەشی ڕووی یارەکەی ڕێگەوبانەکەی ڕۆشنکردۆتەوە، دووبارە شاعیر ڕووی یارەکەی بە ڕووناکی چواندووە، کە ئەمیش وێنەیەکی هونەریی جوانی لە ڕێگەی خواستن و لێکچوواندنەوە دروستکردووە.

مەلای جەباری لە شیعری (نازدار)دا دەڵێت:

ئەوسا مارانت پەشتا مار تـــــوول بی

زوڵفت کرژ نەوی، لوول بی مەلوول بی. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٩٩).

شاعیر لەجیاتی پەلکەکانی پرچی یارەکەی وشەی (ماری) بەکارهێناوە، هەموو هەست بەوە دەکەین هیچ بەشێکی ئەندامی لەشی مرۆڤ ماری پێوە نییە، بەڵکو شاعیر لێرەدا بۆ پیشاندانی وێنەیەکی جوان وشەی ماری بۆ پەلکی یارەکەی خواستووە، مەبەستی شاعیر لە پیشاندانی مار بە پەلکەکانی خۆشەویستەکەی، یان ئەو کچەی بینیوێتی بە هۆی جوانی و بریسکەی پەلکە ڕەشەکانییەوە بووە، ئەمەش وێنەیەکی شیعریی جوانە، کە شاعیر لە ڕێگەی هونەری خواستنەوە وەسفی سەرو پرچی خۆشەویستەکەی دەکات و بە جوانترین شێوە پیشانیدەدات.

شاعیر لە پای ناردنی دیارییەکەی مەحمود پاشا بەم جۆرە وەسف و هەجووی پاشا دەکات.

مەلای جەباری لە شیعری (مەحمود پڕ جوود)دا دەڵێت:

مەحموود پڕ جوود غەزنەوی تـــەرزەم

کیناویت جلێ پەی دەفع لـــــــەرزەم

...

خوداوەند ئەزەل نیک و بـــــەد شانا

پەی تۆ تەوق زەڕ پەی من جـل کیانا

ئافەرین میرزام خوا لێت بــــو ڕازی

تکذیبت نەکرد خواجە شیـــــــرازی. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٥١-١٥٢).

شاعیر بە شێوزازێکی هونەریی زۆر جوان چەند وێنەیەکی شیعری لەم پارچە شیعرەدا پیشانداوە، کە لە سەرەتادا وەسفی مەحمود پاشای دۆستی دەکات و دەیباتە ئاستی سوڵتان (مەحمود)ی غەزنەوی ئەویش لە ڕێگای بەکارهێنانی هونەری جوانکاریی پۆشین. لە هونەری پۆشیندا وشەیەک بۆ دوو واتا بەکاردەهێنرێ، واتایەکی نزیک و واتایەکی دوور. (عەبدولا ٢٠١٢، ل١٤٠)، دواتر شاعیر لە دێڕی دووەمدا ئاماژە بە شیعرێکی خواجە شیرازی دەکات، کە وتویەتی:

اسپ تازی مجروح شده بەزیـــــر پالان

توق زرین همه در گردنی خـرمی بینم. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٥٢).

واتە: ئەسپی تازەی ڕەسەن پشتی برین بووە لە ژێر باردا و تەوقی زێڕێش بە ملی کەرەوەیە، شاعیر دەڵێت: خودا هەر لە سەرەتاوە باش و خراپی دروستکردووە، ئەوەتا دەبینین تەوقی ئاڵتون لەملی تۆدایە و بۆ منیش جلی داناوە، مەبەستی شاعیر لە هێنانەوەی دێڕە شیعرەکەی خواجە شیرازی ئەوەیە، کە شاعیر نایەوێ ڕاستەوخۆ مەبەستەکەی دەرببڕێ، تا جوانییەک ببەخشێ بە شیعرەکەو تێڕامانێک لای خوێنەر بۆ دەستکەوتنی واتای شیعرەکە دروستبکات و بەم جۆرە وێنەیەکی جوان پیشانبدات، مەبەستی سەرەکیش ئەوەیە، کە شاعیر، مەحمود پاشا بە کەر و خۆی ئەسپ پیشانبدات، شاعیر بەهۆی زۆری وەسفکردنەوە، زۆرترین هونەری لێکچوواندن و هەندێک هونەری تری ڕوانبێژی لە شیعرەکانیدا دەبینین، کە ئەم هونەرانەش جێگەی گرنگی و بایەخی زۆری بوونەو لە ڕێگەیەوە چەندین وێنەی شیعریی جوانی پیشانداوە.

هەندێکجار شاعیر بێ پەنابردن بۆ هونەری ڕەوانبێژی و خەیاڵ وێنەی شیعریی دروستکردووە و بە شێوەیەکی سادە و ساکار وێنەکانی پیشانیداوە.

مەلای جەباری لە شیعری (من وەی کرماشان)دا دەڵێت:

ئارۆ ڕام کەفتن من وەی کرماشان

چینی کۆنێ دیم زەوی نەقاشـــــان

واتم چینی کۆن قەدیم زەمـــــــانە

ئاڕۆ رام کەفتن وەی کـــۆنە خانە. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٦١).

شاعیر لە سەردانی شاری کرماشاندا باسی کەلەپور و ئەو نەخش و نیگارەی، کە لە زەوی نەخشێنراوە دەکات و لەگەڵ شارەکە گفتوگۆ دەکات و دەڵێت: ئەی کۆنە شاری پیری زەمانە ئەمڕۆ ڕێم کەوتۆتە لای تۆ، وەک دەبینین شاعیر لە ڕێگەی دەربڕینی وشەی سادەو ساکارو ڕاستەوخۆوە وێنەیەکی جوانی شیعریی دروستکردووە بەبێ بەکارهێنانی هونەری ڕەوانبێژی، کە تیایدا دیمەنی دەست ڕەنگینی و ئەندازیاری کۆنی نەخش و نیگاری شارەکەی تێکەڵ بە شیعرەکەی کردووە و واتای وشەکان گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بەمەش وێنەیەکی شیعریی دوور لە خەیاڵ و ئەندێشە دروستبووە و پیشاندراوە.

شاعیر لە شیعرێکی تردا، کە سکاڵا لەنسیبی خۆی دەکات و واتای فەرهەنگیی وشەکانی بەکارهێناوە.

مەلای جەباری لە شیعری (شانامەی بەختە)دا دەڵێت:

وەی شیعر داستان، وەی شیــــــعر داستان

یاران گۆش بدێ وەی شیــــــــعر داستان

ئیمساڵ بەختەیەم گرتەوی چـــــە دان

سەرش بوورڕم پـــــەرێ ئـــــــایلەکان

...

واتش (شێخ ئەولا) واســــەش فەرمایی

تەشریف باوەری بەی وە ســــــەر شایی

خۆ منیش وە قورِ گیـــــــــراوی ماڵم

دەستم کەفتەوی وە دەســـــــــت زاڵم

هەرچەنێ گەڕیام پەی ســــورانەی شێخ

ناعیلاج بەختەم کەردەوە چـــــــە مێخ. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٥٥).

شاعیر لەم شیعرەدا سکاڵا لە نسیبی خۆی دەکات و دەڵێت: ئەمساڵ بە نیازی سەربڕینی ئاژەڵێکی باشی ئەسپ ئاسا بووم، کە زۆر خزمەتم کردووە وکاوجۆی زۆرم پێداوە، بەڵام لە ناکاو میوانداریی سەر شایی و ئاهەنگ کراین و دەبێت بچین و ئەو ئاژەڵەی بۆ خۆمانم دانابوو بیبەم بۆ خاوەنی شایی و ئاهەنگەکە، ئەمەش کلتورێکی کۆنی کوردەوارییە، کە خواردن و ئاژەڵ دەبرێت بۆ خاوەن شایی، شاعیر لە ڕێگەی دەبڕینی واتای ڕاستەقینەی وشەکانەوە وێنەی شیعریی پیشاندەدات، وێنەکەش دڵتەنگیی و سکاڵا و گازندەیە لە نسیبی شاعیر، کە دەوروبەر چۆن ناهێڵن خۆی و منداڵەکانی حەزو ویستەکانیان بە دڵی خۆیان بێت و ئەبێت هۆکارێک بێتە پێش بۆ نەهاتنەدی ئاواتەکانیان، شاعیر لە ڕێگەی واتای ڕاستەقینەی وشەکانەوە، وێنەیەکی شیعریی جوانی لە نەریت و کەلەپوری کوردی بە سادەو ساکاری دروستکردووە و پیشانیداوە.

شاعیر لە شیعرێکدا، کە سکاڵا دەکات، بە بەکارهێنانی واتای فەرهەنگیی و ڕاستەوخۆی وشەکان.

مەلای جەباری لە شیعری (میرزام داد من)دا دەڵێت:

میرزام داد من مـــــــیرزام داد مـــن

هیچ نامان جواب نـــــامەی داد مـــن

...

یە خەیلی وەختەن نییەن نـامـــەی دڵ

شەرح ماجەرای دەروون پـــــــڕ چـڵ

تۆماری تەعریف دڵە ڕەنـــج وە بـــاد

کیانانم پەی خـان خاس خــــاتر شـاد

واتم بەڵکم تۆش چوون کـەیخەسرەوان

یەڵغاز مەکەری چـــە نیوەی شـــەوان. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٠٥-١٠٦).

شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی سادەو ساکار بە واتای فەرهەنگیی، باسی ئەوە دەکات، کە بۆچی ماوەیەکی زۆرە نامەت نییە و هەواڵی دڵم ناپرسی، یاخود لە دەردەدڵ و لێکدانەوە ئاڵۆزەکانی دەرونی پڕ لە ناسۆر و ناخۆشیم ناپرسی، تۆماری دڵەی ڕەنج بە با چووم هێناوەتە بەردەم تۆی باش و خانەدان، وتم بەڵکو تۆش وەک پاشاکان بەفریام کەوی لە نیوەی شەودا، واتە لە کاتی پێویستیدا، شاعیر ئەم نامەیەی بە وشەی سادە و دەربڕینی ئاسایی بۆ کەسی بەرامبەر ناردووە، کە تیایدا وێنەی خەم و پەژارەو دەردە دڵی خۆی پیشاندەدات و داوای بە هاناوە چوون دەکات، دەبینین وشەکان بە واتای ڕاستەقینەی خۆیان بەکارهاتوون دور لە ئاڵۆزی، شاعیر وێنەیەکی شیعریی ڕاستەوخۆی دروستکردووە، کە سکاڵاو ناخۆشی بەسەر وێنەکەدا زاڵە.

## ئاوازی شیعریی:

کێش و سەروا ئەو دوو بنەما ئاوازەییە گرنگەن، کە شاعیرانی کۆن بە مەبەستی مۆسیقی کردن و دەربڕینی سۆزە هەڵچووەکانی خۆیان لە بنیاتی شیعرەکانیاندا بەکاریانهێناوە و گرنگییان پێداوە، کێش و سەروا بووە بە بەشێک لە پێکهێنانی و دروستکردنی ئاوازی دەرەوەی شیعر، زۆربەی شاعیرانی کلاسیک پەیوەست بوون بە بەکارهێنانی کێش و سەرواوە و جێگەی بایەخیان بووە.

هەر لە کۆنەوە شاعیرانی کورد بەهۆی هەردوو دیوی ئاوازی ناوەوە و دەرەوەی شیعرەوە، توانیویانە ئاوازێک پێکبهێن، کە سۆزی هەڵچوونی دەروونیان بە خوێنەر بگەیەنن، ئەویش بەهۆی ئەو ئاوازە جۆراوجۆرەی، کە کێش و سەروا وەک دوو بنەمای گرنگی ئاوازی پێکیدەهێنن. (عەلی ١٩٩٨، ل ١٦٣)، "لەقۆناغی ئەدەبی کلاسیک تەنانەت بەشێکیش لە ڕێبازی ئەدەبی ڕۆمانتیکیدا، بیروڕای شاعیر و پسپۆڕانی مەیدانی شیعر وابوو، کە کێش و سەروا دوو بنەمای بنەڕەتیی شیعرن، چونکە کاریگەری گەورەیان لـە پێکهێنانی مۆسیقای شیعردا هەیە" (بایز ٢٠٠٣، ل ١٨١).

## أ- کێشی شیعر:

کێش یەکێکە لە بنیادە هونەرییەکانی شیعری کۆنی کوردی، ڕۆڵێکی سەرەکی لە دروستکردنی مۆیسقای دەرەوەی شیعردا دەگێڕێت، کێشی شیعری کۆنی کوردی دوو جۆر بووە، کێشی (عەرووز و بڕگەیی)، لە پێناسەی کێش وتراوە: "کێش تایبەتییەکی بنچینەیی ناسینەوەی شیعرە، کە ئەمە لە پەخشاندا نییە یا بەو جۆرە نییە". (گەردی ١٩٩٩، ب. ل ٦٧)، "کێشی شیعر ئاوازە، ئاوازی شیعریش لە دەنگەوە دێت". (گەردی ٢٠١٤، ل ٩)،

"کێش بریتییە لەسەرجەمی ئەو دەنگانەی دێڕە هەڵبەستێک دروستی دەکەن، لە عەرووزی عەرەبیدا تەفعیلەی پێدەڵێن". (بیمار ١٩٩٢، ل ١٠)، گۆرانی شاعیر بەم جۆرە باسی کێشی کردووە و دەڵێت: "مەرجی هەڵبەست تەنیا کێش و قافییە نییە، بەڵام هەبوونی مۆسیقایەکی ڕەوان و جۆرە کێش و قافیەیەک هەرە گرنگی پێویستییەکانی هەڵبەستە". (گۆران ١٩٧١، ل ٧)، کێش ڕەگەزێکی گرنگی مۆسیقای شیعرە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستبوونی مۆسیقای دەرەوەی شیعر. (محەمە ٢٠١٣، ل ٤٥)، کێش ئەو ڕەگەزە گرنگەی شیعرە، کە بوونی ئاواز و مۆسیقایەکی خۆش دەبەخشێت بە دیوی دەرەوەی شیعر.

کێشی بڕگەیی، بە کێشی خۆماڵی یا نەتەوەیی و کێشی پەنجەش ناودەبرێ، بەم جۆرە باس کراوە، شێخ نوری شێخ ساڵح پێی وایە کێشی بڕگەیی ژمارەی پارچەکانی نیوە دێڕی یەکەم هێندەی پارچەکانی نیوەدێڕی دووەمە، واتا ژمارەی بڕگەکانی نیوەی یەکەم چەند بێت دەبێت نیوەی دووەمیش ئەوەندە بێت. (حسێن ٢٠٠٨، ل ٨٦)، ئەم جۆرە کێشە لەسەر بنەمای یەکسانبوون لە ژمارەی بڕگە دەنگییەکاندا دادەمەزرێت لە نێوان هەردوو نێوە دێڕی هەمان دێڕە شیعر. (عبدالفتاح ١٩٩٥، ص ٢٠).

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕووخساری شیعری زاری گۆران بریتییە لە بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی، کــە کێشێکی ڕەســەن و خۆماڵییە و لە بنەڕەتدا لــەگەڵ کــێشی عـــەروزدا نـــاتەبایە. (سەجادی ١٣٩٥، ل ١٣٥)، "لە کێشی ژمارەییدا حیساب تەنیا بۆ ژمارەی بڕگەکانی دێڕە شیعر و دابەشبوونیان بەسەر پێدا دەکرێ، گوێ بە جۆری بڕگە (کورتی و درێژی)و چۆنێتی ڕیزبوونیان نادا، ئەمە کێشی ڕەسەنی کوردییە، هەموو شیعری میللی کوردی بەم جۆرە کێشە گوتراوە، هەروەها نزیکەی هەموو شیعری زاری گۆران بەم جۆرە کێشە نووسراوە، جگە لە زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکە شیعرییە باوەکانی کوردەواری و چیرۆکە ئایینییەکان". (گەردی ٢٠١٤، ل ١٢٩).

کێشی دە بڕگەیی، یەکێکە لە بەربڵاوترین کێشی شیعری کوردی، زۆربەی شاعیرانی فۆلکلۆرو شاعیرانی زاری گۆران ئەم کێشەیان لە بنیاتی شیعرەکانیان بەکارهێناوە، هەر لەبەرئەوەشە زۆر جار بە کێشی نەتەوەیی ناودەبرێ، "ئەم کێشە لە هەڵبەستی کوردیدا ئەوەندە باوە پیاو زۆر بە ئاسانی ئەتوانێ ناوی لێ بنێ کێشی نەتەوەییی گەلی کورد". (گۆران ١٩٧١، ل ١)، لە کێشی دە بڕگەییدا پێویستە بڕگەی پێیەکان بە ژمارە بەقەد یەکتربن و هەر پێیەی (٥) بڕگەیە کە سەرجەمیان واتا هەردوو نیوە دێڕەکە دەکاتە (٢٠) بڕگە، لەدوای هەموو پێیەکەوە جێگەی پشوودانە یان جێگای نەبرەو قورسکردنە. (حەمەخان ٢٠٠٤، ل ٩١).

مەلای جەباری، وەک یەکێک لە پەیڕوکەرانی شیعر و ئەدەبی زاری گۆرانی ناوچەی کەرکوک، کێشی عەرزووی عەرەبی لە شیعرەکانیدا بەکارنەهێناوە، بەڵکو سەرجەمی کێشی شیعرەکانی بڕگەیی و بە تایبەت لە جۆری دە بڕگەیین وەک وتراوە: "کێشی خۆماڵی دە سیلابە، زۆربەی شیعرەکانی وەستانیان لە ناوەڕاستەوەیە" (خەزنەدار ٢٠٠٣, ل ٣٤٠).

مەلای جەباری لە شیعری (شیرین سەرزەمین)دا دەڵێت:

شیرین سەر زەمین، شیرین سەر زەمیـــــن (5×5)

خێزیا پەی سەیران ساراو سەر زەمیـــــــن (5×5)

دەس بەرد پەی زوڵف و حاشیەی جـــەمین (5×5)

وەڵاو کەرد لە ڕووی مای دوو هەفتەمین (5×5)

(مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٦٤).

شی-رین-سەر-زە-مین / شـــــی-رین-ســـــەر-زە-مین

خێز -یا -پەی -سەی -ران / سا -راو —سەر-زە —مین

دەس-بەرد-پەی-زوڵ-فو / حـــــا-شی-ەی-جـــــە-میـن

وە-ڵاو-کەرد-لە-ڕووی / مای-دوو-هەف-تـــــــە-میـن

هەریەک لە نیوە دێڕەکان لە (١٠) بڕگە پێکهاتوون و هەر نیوە دێڕێک، دوو پێنج بڕگەییە بە جۆرێک وەستانیان دەکەوێتە ناوەڕاستەوە.

مەلای جەباری لە شیعری (بەهار)دا دەڵێت:

ســـــاقی ســــــادەی شـی وەهـــــار ئـــامـاوە (5×5)

گـــــوڵان ســـەرکێشان نـــەتـــۆی سەحراوە (5×5)

هـــــەوای دڵـــگوشاد ئـــــەرد بەهەشتەن (5×5)

فەڕ وەڕوی سەحرای گەرمە سەیر وەشتەن (5×5)

(مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٣٥).

ســا-قــی-ســا-دەی-شــی / وە-هــار-ئـا-مــــــا-وە

گو-ڵان-سەر-کێ-شان / نە-تۆی-ســـــــــەح-را-وە

هە-وای-دڵ-گو-شاد / ئە-رد-بە-هـــــــــەش-تەن

فەڕ-وە-ڕوی-سەح-رای / گەر-مە-سەیر-وەش-تەن

هەریەک لە نیوە دێڕەکان لە (١٠) بڕگە پێکهاتوون و هەر نیوە دێڕێک، دوو پێنج بڕگەییە بە جۆرێک وەستانیان دەکەوێتە ناوەڕاستەوە.

مەلای جەباری لە شیعری (وە کوردە ماڵان)دا دەڵێت:

وە کوردە ماڵان، وە کـــــوردە ماڵان (٥×٥)
رۆیێ راگەم کەفت وە کــوردە ماڵان (٥×٥)
دیم کوردە مـــــاڵان هەزار وە هەزار (٥×٥)
سەرکردە شان بی مەحموود شای نازار (٥×٥)

(مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٩٤).

وە-کور-دە-ما-ڵان / وە-کور-دە-مـــــــا-ڵان
رۆ-یێ-را-گەم-کەفت / وە-کور-دە-مـــا-ڵان
دیم-کور-دە-ما-ڵان / هە-زار-وە-هـــــــە-زار
سەر-کر-دە-شان-بی / مەح-موود-شای-نـا-زار

هەریەک لە نیوە دێڕەکان لە (١٠) بڕگە پێکهاتوون و هەر نیوە دێڕێک، دوو پێنج بڕگەییە بە جۆرێک وەستانیان دەکەوێتە ناوەڕاستەوە.

مەلای جەباری لە سەرجەمی شیعرەکانیدا کێشی دە بڕگەیی و دەستە پێی (٥+٥) بەکارهێناوە و وەستان لە ناوەڕستدایە، سەرجەمی بڕگەی هەر دێڕە شیعرێک دەکاتە (٢٠) بڕگە. "ئەم کێشە لە هەموو کێشە ژمارەییەکانی کوردی باوترە و لە هەموویان زیاتر لە شیعری ستوونی بەکارهاتووە". (گەردی ٢٠١٤، ل ٢٤٧).

**ب- سەروای شیعر:**

سەروا یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی بنیاتی مۆسیقای شیعر، "دەوری سەرەکی بینیوە لە پێکهاتنی لایەنەکانی ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستدا و توانیویەتی گەلێ ئاوازی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی گشتی هەڵبەستەکەدا ئەنجام بدات". (عەلی ١٩٩٨، ل ٩٥)، سەروا دەنگە لەیەکچووەکـــانی کۆتایی دێڕە شیعرە، (شێخ سالح ١٩٢٦، ل ١)، سەروا "دێڕە شیعرەکانی شیعر بە وشەیەک دواییان دێ ئەم وشانە لەلایەن کێش یان ئاوازەوە لەیەکتر ئەکەن، وە بەلای کەمەوە ئەبێ تیپی دوایی هەموو ئەم وشانەی دێڕە شیعرەکان یەک بن، ئەم وشانە قافییەیان پێ ئەڵێن، ئەمە بەنسبەت ئەو شیعرەی یەک قافیەی هەبێ، بەڵام ئەگەر هاتوو لە شیعرێکدا قافییەکان گۆڕان ئەوکاتە هەر بەشە قافیەیەکی لە یەکچوو، وتەی سەرەوەی بەســـەرا تەتبیق ئەکرێ". (خەزنەدار ١٩٦٢، ل ٥٦)، "سەروا بریتییە لەو دەنگە یا کۆمەڵە دەنگانەی لە کۆتایی وشە سەرواداراکان دووبارە دەبنەوە، ئەمە بەتایبەتی لە کـۆتایـی لەت یـان دێـڕە شیـعر و هەندێـک جـار لـە نـاوەوەش دێـت". (گەردی ١٩٩٩، أ. ل ٢٦)، سەروا "دەنگێ یا زیاتری دووبارە کراوەی ناو بنیاتی هەڵبەستێکە و بەگشتی

دەکەونە کۆتایی دوا پێی ئەو دانە ئاوازییانەی، کە هەڵبەستەکەی لێ پێکدێت، وەک دێڕ و بەیت و ڕستەی هۆنراوەیی ئەرکیشیان پێکهێنانی نەغمەیەکی دڵکێشە و بەشێک لە ئاهەنگ و ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستەکە بەدیدەهێنن". (عەلی ۱۹۹۸، ل ۱۰۲)، دڵشاد عەلی دەبارەی قافییە دەڵێت: " گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی، کە دەبێ وەک دەنگ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت نەک وەک تیپ".(عەلی ۱۹۹۸، ل ۱٦۳)، واتە سەروا دەنگە، ئەو دەنگەی لە کۆتایی نیوە دێڕەکانی شیعرەوە گوێبیستی دەبین. "سەروا شێوازێکی تایبەتی و دەستپێکی سەرەتای مۆسیقایە" (حمد ۲۰۱۸، ل ۲۹٦)، یەکێک لە ڕێگاکانی دروستکردنی مۆسیقای شیعر، سەروایە، ئەمیش لە ئەنجامی دووبارەکردنەوە دەنگە لێکچووەکانی کۆتای نیوە دێڕەکان دروست دەبێت. (کەلاری ۲۰۱۱، ل ۷۰).

لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو پێناسانەی بۆ سەروا کراون گەیشتینە ئەو بڕوایەی، کە سەروا بریتییە لەو دەنگ و پیتانەی لە کۆتایی نیوەدێڕی شیعرەکان دووبارە دەبنەوە و ڕۆڵێکی گرنگیان لە دروستبوونی مۆسیقا و ئاوازی شیعری هەیە.

لە ئەدەبی زاری گۆراندا زۆربەی کاتەکان قاڵبی بەکارهێنراو جووت سەروایە و قاڵبی زاڵی نەریتی ئەدەبی زاری گۆرانە، بە دەگمەن قاڵبی غەزەل دەبینرێ. (سەجادی ۱۳۹۵، ل ۱۳۷)، سەروای شیعرەکانی مەلای جەباری جووت سەروا یان سەروای یەکگرتووە. (خەزنەدار ۲۰۰۳، ل ۳٤۰).

شاعیر چەند جۆرێک لە سەروای بەکارهێناوە، بە گشتی لەم چەشنە سەروایانەدا شیعرەکانی خۆی نوسیوە.

۱- **جووت سەروا**: شیعری جووت سەروا "بریتییە لەو شیعرەی هەموو دێڕە شیعرێک سەروایەکی تایبەتی دەبێت". (خەزنەدار ۱۹٦۲، ل ٦۳)، واتە هەردوو نیوە دێڕی شیعرێک یەک سەروایان هەیە، زۆربەی شیعرەکانی مەلای جەباری جووت سەروایە.

مەلای جەباری لە شیعری (ئەزم کارێ بیم)دا دەڵێت:

یەک ڕۆ ڕاویار ئەزم کارێ بیـــــــم

چە گوزەرگای عێل چەم خوماریێ دیم

جەبین رشتەی سونع لیقای ئیلاهـــــــی

تەن وە تۆی تافتەی سفیدی شـــاهـــــی. (مەلای جەباری ۲۰۱۸، ل ۷٤-۷٥).

شاعیر بۆ هەریەک لە دێڕەکان یەک سەروای بەکارهێناوە، واتە دێڕی یەکەم لە هەردوو نیوە دێڕەکەدا، سەرواکەی بە بڕگەی (یم) کۆتای هاتووە، لە دێڕی دووەمدا هەردوو نیوە دێڕەکەی سەرواکەی بە بڕگەی (هی) کۆتایی هاتووە، بەم جۆرە سەروایە دەوترێ جووت سەروا.

مەلای جەباری لە شیعری (سمێڵ)دا دەڵێت:

ئیلتیجا بەردەم وە تـــــەکییە داری

لە خالق نەترس لە حــــــەق بێزاری

هەروام پەروا کەرد چوومە تـاسەوە

دیم دەستێ ئاماو وە مــــــەقاســەوە. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٣٠-١٣١).

هەریەک لە دێڕەکان یەک جۆر سەروا بەکارهاتووە، لە دێڕی یەکەمدا هەردوو نیوە دێڕەکەی، سەرواکەی بە بڕگەی (اری) کۆتایی هاتووە، لە دێڕی دووەمدا هەردوو نیوە دێڕەکەی سەرواکەی بە بڕگەی (ەوە) کۆتایی هاتووە، بەم جۆرە سەروایە دەوترێ جووت سەروا.

مەلای جەباری لە شیعری (هەناسان سەرد)دا دەڵێت:

هەناسان سەرد، هەناسان سەرد

کزەی شەماڵی هەناسان ســەرد

دەخیلەن بڕۆ تـۆ وە دڵــــشادی

بارەوە نامەی گـەردن ئــــازادی. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٧٦).

لە دێڕەکانی شیعرەکەدا یەک جۆر سەروا بەکارهاتووە، لە دێڕی یەکەمدا هەردوو نیوە دێڕەکەی، سەرواکەی بە بڕگەی (سەرد) کۆتای هاتووە، لە دێڕی دووەمدا، هەردوو نیوە دێڕەکەی سەرواکەی بە بڕگەی (ادی) کۆتای هاتووە، بەم جۆرە سەروایە دەوترێ جووت سەروا.

لە سەرجەمی ئەو شیعرانەدا شاعیر پەیڕەوی جووت سەروای کردووە بە جۆرێک هەردوو نیوە دێڕێک یەک جۆر سەروای هەیە، واتە هەر دێڕە سەروای تایبەت بە خۆی هەیە.

٢- **سەروای یەکگرتوو:** بریتییە لەو سەروایەی، کە هەموو دێڕەکانی شیعرەکە لە سەرەتاوە، تا کۆتای یەک جۆر سەروایان هەیە و سەروای هەموو نێوە دێڕەکان وەک یەکن.

شاعیر ئەم جۆرە سەروایەی لە بنیاتی شیعرەکانیا بەکارهێناوە و چەند شیعرێکی بەم جۆرە سەروایە داڕشتووە.

مەلای جەباری لە شیعری (نەوەهار نۆ)دا دەڵێت:

نـــەو وەهـــار نـۆ نـەو وەهـــار نـــــۆ

قـــــدومـت وەخـێر نـــەو وەهـــار نـــۆ

سەبزیت بپۆشـــۆ ساراو هەردو کۆ

وە ئـەنواع گـــوڵ ئــــــارایش بـــدۆ. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٢١).

شاعیر بۆ گشت دێڕ و نیوە دێڕەکانی شیعرەکە یەک جۆر سەروای بەکارهێناوە، سەرواکەش بە (ۆ) کۆتایی هاتووە.

مەلای جەباری لە شیعری (شیرین بەستەوە)دا دەڵێت:

شیرین بەستەوە، شیریــــــــن بەستەوە

شیرین ئەساسەی سەرویـــــن بەستەوە

دەست ئاوەرد وەو زوڵف سیـــا رەستەوە

پەخشان کەرد وە دەور دیدەی مەستەوە. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٥٨).

شاعیر بۆ گشت دێڕ و نیوە دێڕەکانی شیعرەکەی یەک جۆر سەروای بەکارهێناوە، سەرواکەش بە بڕگەی (ستەوە) کۆتایی هاتووە.

**٣- پاش سەروا:** "ئەو وشەیە یان دەستەواژە یان ڕستەیەیە، کە لەدوایی وشەی سەروا لە کۆتایی لەت یان دێڕە شیعر بە هەمان مانا دووبارە دەبێتەوە" . (گەردی ١٩٩٩، ل ١٦٣).

مەلای جەباری لە شیعری (گیسووی قەڵخیی)دا دەڵێت:

ئاگریجان سیا چین زوڵــــف سیا

لوول گیسووان ســەر وە حەلف سیا

ئابروان سیا عــەین زاخــــــی سیا

تەڕەی تای دەستماڵ قـەڵاخیی سیا

بینای عـەین سیا، پـای مـوژان سیا

یەنش سەر مەودای خـەندەگان سیا . (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٨٠).

شاعیر لەم شیعرەدا پاش سەروای بەکارهێناوە، کە وشەی (سیا)یە، کە لە کۆتایی هەموو دێڕەکاندا بە هەمان واتا دووبارە بوونەتەوە، لەبەرئەوەی دێڕەکانی شیعرەکە سەروای خۆیان هەیە لە پێش وشەی (سیا) سەرواکانی هەر دێڕە بە جۆرێکە، سەروای دێڕی یەکەم بە (ف) کۆتایی هاتووە، سەروای دێڕی دووەم بە (خی) کۆتایی هاتووە، سەروای دێڕی سێیەم بە (ان) کۆتایی هاتووە، وشەی (سیا) سەروای دووەمی دێڕە شیعرەکانە،

بەم جۆرە بەکارهێنانەی سەروا دەوترێ پاش سەروا، واتا لەپاش سەروای شیعرەکە، وشەیەک دێت کە لەسەرەتا تا کۆتا وەک یەکە و یەک واتاشی هەیە.

شاعیر لە شیعری (گیسووی قەڵخیی)دا دەڵێت:

گوڵ بەندی گوڵی، عەرەق چین گـوڵی

ژێر جامە لاکی، کـــــەمەرچین گوڵی

دوگمەی مەم گـوڵی، لـوول ناف گوڵی

تافتەی پیراهەن حـــــــەریر باف گوڵی. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٨١).

شاعیر لەم شیعرەدا پاش سەروای بەکارهێناوە کە وشەی (گوڵی)یە، کە لە کۆتایی هەموو دێڕەکاندا بە هەمان واتا دووبارە بوونەتەوە، لەبەرئەوەی دێڕەکانی شیعرەکە سەروای خۆی هەیە، لە پێش وشەی (گوڵی) سەرواکانی هەر دێڕە بە جۆرێکە، سەروای دێڕی یەکەم بە (چین) کۆتایی هاتووە، سەروای دێڕی دووەم بە (اف) کۆتایی هاتووە، وشەی (گوڵی) سەروای دووەمی دێڕە شیعرەکانە، کە بە پاش سەروا ناودەبرێ.

مەلای جەباری لە شیعری (شیرین خەیاڵ کەرد)دا دەڵێت:

گەردن چوون هیلال یەک شەوە خەم کرد

چین نە قەوس عەدل پیشانی جــــــەم کرد

قیامدا قامەت نە قەوشەن بـــــــــەش کرد

گەردن وە یاتاغ سوپای حـــــــــەبەش کرد

دوو ڕز بە نەچین داخل وە چـــــــــین کرد

چین وەست نە قەبل هەوای مـــاچین کرد . (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٦٧).

شاعیر لەم شیعرەدا پاش سەروای بەکارهێناوە، کە وشەی (کرد)ە، کە لە کۆتای هەموو دێرەکاندا بە هەمان واتا دووبارە بوونەتەوە، لەبەرئەوەی دێڕەکانی شیعرەکە سەروای خۆی هەیە، لە پێش وشەی (کرد) سەرواکانی هەر دێڕە بە جۆرێکە، سەروای دێڕی یەکەم بە بڕگەی (ەم) کۆتایی هاتووە، سەروای دێڕی دووەم بە بڕگەی (ەش) کۆتایی هاتووە، سەروای دێڕی سێیەم بە (چین) کۆتایی هاتووە، وشەی (کرد) سەروای دووەمی دێڕە شیعرەکانە، کە بە پاش سەروا ناودەبرێ.

مەلای جەباری لە ڕێگەی بەکارهێنانی پاش سەرواوە ئاوازێکی خۆشی بە بنیاتی شیعرەکانی بەخشیوە، واتە جۆرێک مۆسیقای لە بنیاتی شیعرەکەدا دروستکردووە، خوێنەر یا بیسەر بە خوێندنەوە شیعرەکان هەست بە خۆشی و چێژوەرگرتن دەکەن.

**٤- تێکەڵکردنی دوو جۆر لە سەروا:** لێرەدا شاعیر هەردوو جۆری جووت سەروا و سەروای یەکگرتوو تێکەڵ بەیەک دەکات، بە جۆرێک هەندێکجار سەروای یەکگرتوو پێشدەکەوێت و هەندێکجاریش جووت سەروا پێشدەکەوێت.

**أ- تێکەڵکردنی سەروای یەکگرتوو لەگەڵ جووت سەروا:**

مەلای جەباری لە زۆربەی شیعرەکانیدا دوو دێڕی سەرەتا، واتە چوار نیوە دێڕی سەرەتای سەرواکەی بە سەروای یەکگرتوو دەستپێدەکات و پاش ئەوە سەرواکەی دەکاتەوە بە جووت سەروا ئەم نەریتە بە شێوەیەکی زۆر فراوان لە شیعری مەلادا بەرچاودەکەوێت.

مەلای جەباری لە شیعری (شیرین قەراردا)دا دەڵێت:

شیرین قەراردا، شیـــــــــرین قـــەراردا

شیرین ئەساسەی ســــــەروین قـــەراردا

دەس ئاوەرد وە زوڵف تار عـــــــــەتاردا

چون تەڕەی فەرمان شاو خـــــــونکاردا

دەستەی دام وە یەز دەیجور شـــــۆڕەنگ

تاڵیش پڕ پێچ سەر مەودای چل چەنگ. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٦٢)

شاعیر لەسەرەتای شیعرەکەیدا سەروای یەکگرتووی بەکارهێناوە، سەروای دێڕە شیعرەکانی بە بڕگەی (اردا) کۆتایی هاتووە، بەڵام دواتر بە دوایدا جووت سەروای بەکارهێناوە، جووت سەرواکە بە بڕگەی (نگ) کۆتایی هاتووە.

مەلای جەباری لە شیعری (باد لەیلا خان)دا دەڵێت:

باد لەیلا خان، باد لەیلا خـــــــــان

باد عەجلەر باج، بورج لەیلا خـــــان

شەینار تای دیز بەرەزای شاخــــــــان

مەشاتەی گیسووی بڵند دەمـــــاخان

مەحرەم مابین مەجنوون خـــــەیاڵان

شارەزای سوقەی شەوبۆی نەو خـــاڵان

یە خەیلیٚ وەختەن دورکەفتەی زێــدم

غەیر ئەرتۆ وەکەس نییەن هــومێــدم. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٩١-٩٢).

شاعیر لەسەرەتای شیعرەکەیدا سەروای یەکگرتووی بەکارهێناوە، سەروای دێڕە شیعرەکانی بە (ان) کۆتایی هاتووە، بەڵام دواتر بە دوایدا جووت سەروای بەکارهێناوە، جووت سەروا، کە بە بڕگەی (ێدم) کۆتایی هاتووە.

مەلای جەباری لە شیعری (گێسووی قەڵخی)دا دەڵێت:

گیسوو قەڵاخیی، گیسوو قـــــەڵاخی

سەوزەی سیا چەم گیسووی قــــەڵاخی

ئابرۆ موژەو عەین چین زوڵف زاخـــــی

زاخی تەر جە ڕەنگ لوولی قـــازاخیی

پرچ لوول زوڵف لوول لوولی گیسوو لوول

لیف دەسماڵ لوول لولاوی مــــــەفتوول. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٨٠).

شاعیر لەسەرەتای شیعرەکەیدا سەروای یەکگرتووی بەکارهێناوە، سەروای دێڕە شیعرەکانی بە (اخی) کۆتاییان هاتووە، بەڵام دواتر بە دوایدا جووت سەروای بەکارهێناوە، جووت سەروا، کە بە بڕگەی (وول) کۆتایی هاتووە.

تێکەڵکردنی سەروای یەکگرتوو بە تایبەت لە سەرەتای شیعرەکەوە شتێکی باو بووە لای شاعیر، چونکە لە زۆرێک لە پارچە شیعرەکانیدا ئەم کارەی کردووە، کە ئەمەش ئاواز و مۆسیقا و خۆشییەکی چێژبەخش دروستدەکات.

**ب- تێکەڵکردنی جووت سەروا لەگەڵ سەروای یەکگرتوو:**

مەلای جەباری لە شیعری (بەهار)دا دەڵێت:

ســـاقی ســـادەی شی وەهـــار ئـــامــــاوە

گـــــوڵان ســــەرکێشان نـــەتـۆی سەحراوە

هـــەوای دڵـــگوشاد ئـــەرد بەهـــەشتەن

فەڕ وەڕووی سەحرای گەرمەسەیر وەشتـەن

وادەی بـــــادەی ناب ســـــەیـــر وەهــــارەن

ســـــەرزەمین مەزهـــــەر لـقای دڵــــــدارەن

زەمــزەمـــەی مـــەزاق دڵ ئـــەفــگارانـــەن

ســـەدای تـــــەپـــــڵ تیــپ دەردە دارانەن. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٣٥).

شاعیر لە شێوازی داڕشتنی ئەم جۆرە سەروایەدا، شیعرەکەی بە جووت سەروا دەستپێدەکات و دێڕەکانی دواتر بە سەروای یەکگرتوو، لەم شیعرەدا شاعیر لە دێڕی یەکەمدا جووت سەروای بەکارهێناوە، بە جۆرێک سەروای دێڕی یەکەم بە (ە) کۆتایی هاتووە، دواتر شاعیر سەروای یەکگرتووی بەکارهێناوە، بە جۆرێک سەروای دێڕەکان بە (ە) کۆتاییان هاتووە، ڕەنگە ئەمەش پەیوەندی بەو شێوازە تایبەتەی شاعیرەوە هەبووبێ، کە بە ویست و ئارەزووی خۆی سەرواکان ڕێکبخات، بە مەبەستی زیاتر مۆسیقی کردنی شیعرەکانی.

**پ- تێکەڵکردنی پاش سەروا لەگەڵ سەروای یەکگرتوو:**

مەلای جەباری لە شیعری (جواب میمکە ڕەحان)دا دەڵێت:

مەلا تالای مـــــن مەلا تـالای من

بنواڕە کتێب پـــــــەی وە تالای من

هۆرمێکم دیەن وێم بـــــــــە وێمەوە

ئەر خێر ئەر شەڕ هــــــــاتە ڕێمەوە

دیم مش مشە دێ لە خوار جێمەوە

هێواش هۆریزا نـــــــــــــیا پێمەوە. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٤٧).

لەم جۆرە تێکەڵکردنەدا شاعیر پاش سەروای تێکەڵ بە سەروای یەکگرتوو کردووە، بە جۆرێک لە دێڕی یەکەم شاعیر پاش سەروای (من)ی بەکارهێناوە و سەروای دێڕی یەکەمی شیعرەکە بە (تالای)ی کۆتایی هاتووە، دواتر سەروای یەکگرتووی بەکارهێناوە و بە جۆرێک سەروای دێڕەکان بە (ەوە) کۆتاییان هاتووە.

مەلای جەباری، یەکێکە لە شاعیرە پایە بەرزەکانی زاری گۆران و شێوەزاری ماچۆ، کە زۆر لێزانانە وردەکاری لە زماندا کردووە، بە جۆرێک شیعرەکانی پێ ڕازاندۆتەوە، کە ببێتە هۆی نەمریی و بەزیندوویی هێشتنەوەی بەرهەمە شیعرییەکانی، شاعیر لە داڕشتنەوەی زمانی شیعریی و وێنەی شیعریی و کێش و سەروادا

هونەرییانە مامەڵەی لەگەڵ زماندا کردووە و نەیویستووە لە ڕەوتی شاعیرانی گۆران لابدات، بە جۆرێک، زمانەکەی وەک شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی تێکەڵ بە زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی کردووە، لە بواری وێنەی شیعرییدا هەردوو جۆرە وێنەی بە وشەی فەرهەنگیی سادەو ساکار و لادانی شیعریی بە هۆی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە دروستکردووە، سەبارەت بە کێش و سەرواش بە هەمانشێوەی شاعیرانی زاری گۆران کێشی بڕگەیی و جووت سەروا و سەروای یەکگرتووی بەکارهێناوە، شاعیر توانای خۆی لە مەیدانی شیعردا پیشانداوە و بووە بە یەکێک لە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی شیعری کۆنی کوردی و زاری گۆران.

# بەشی سێیەم:

## بابەتە شیعرییەکانی مەلای جەباری

## بابەتە شیعرییەکانی مەلای جەباری:

شیعر ئەو بابەتەیە کە مرۆڤ لە ڕێگایەوە هەست و سۆزو هەڵچوونەکانی خۆی پێ دەربڕیوە، کردویەتی بە هۆکارێک بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی، "لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە، مرۆڤایەتی خولیای نەمری کەوتووەتە سەرو ڕێگای جۆراوجۆری بۆ بەدەستهێنانی ئەو خولیایە گرتووەتەبەر، یەکێک لــەو هەولانە شیعر بووە". (عارف ٢٠١٠، ل ٧)، "ئەگەر ئاوڕێک لە دنیای شیعر بدەینەوە دەبینین ئەم ژانەرە بەشێکی گەورە و گرنگی لە ئەدەبیاتی گەلانی دنیا داگیر کردووە، سەرچاوەکان شیعر بە سەرەتای دەستپێکردنی ئـەدەبی دادەنێن و کۆنترین دەقـی ئـەدەبی بـۆ شیعر دەگێڕنەوە". (ئەبوبەکر ٢٠١٥، ل ٣٩)، پەیدابوونی شیعر بە یەکەم دیاردەی ئەدەبی لەقەڵەم دەدرێت، چونکە پەیوەندی بە هەست و سۆزو ئەندێشەی مرۆڤەوە هەیە و دەبێتە هۆی جێهێشتنی کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵ. (حسێن ١٩٩٠، ل ١٦-١٩)، هەندێکیش ڕۆڵ و گرنگی و بایەخی شیعر لە پێش ژانەرەکانی دیکەوە دەبینن، هەر لە سەردەمی ئەرستۆ و ئەفلاتۆن لای یۆنانییەکان و دواتر لای عەرەب و... گەلانی تریشەوە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی فراوانی بۆ کراوە و بە گرنگی و بایەخێکی زۆرەوە باسی ژانەری شیعر کراوە.

(ئەرستۆ) گرنگی و بایەخی بە شیعر داوە و پێی وایە شیعر سود بە کۆمەڵ دەبەخشێ و کتێبێکی لەبارەی شیعرەوە بە ناوی (پیۆتیکا) نووسیوە. (بەسیر ٢٠١٥، ل ٨٣)، هەروەها فەیلەسوفی ئەڵمانی (مارتین هایدگەر) لە بارەی گرنگی و بایەخی شیعرەوە دەڵێت: ئەوەی من لە ڕێی فەلسەفەوە وتوومە، دەمێکە (مالارمێ) بە شیعر وتوویەتی. هەندێکیش وەک (ئەفلاتۆن) ژانەری شیعری بە بێ بایەخ داناوە و لە کۆمارەکەی دەریکردووەتە دەرەوە لەبەرئەوەی پێی وابووە شیعر دورکەوتنەوەیە لە ئەقڵ. (افلاطون ١٩٧٤، ص ٥٥٦)، هۆنینەوەی شیعر کۆمەڵێ مەبەست و ئامانجی لە پشتەوەیە، کە شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی بابەتە شیعرییەکانەوە ئەو مەبەست و ئامانجانە باسبکات و دەریببڕێت، تا خوێنەر و گوێگر پێی ئاشنا بن و لە مەبەستی شاعیر تێبگەن.

"بەرهەمی ئەدەبی کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە تێکڕای زارەکانی زمانی کوردی دەکرێت بە دوو بەشەوە ئەوانیش: (لیریک و ئیپیک) واتا شیعر و داستان یا چیرۆکە شیعر، لیریک: پارچە شیعرێکی کورتە لە مەبەستەکانی دڵداری، جوانی سروشت، کۆمەڵایەتی، سیاسی، دانایی، ئایینی.....پێکدێت، لە ئەدەبی کوردیدا بەگشتی لیریک دەکرێت بە دوو بەشەوە: لیریکی خۆماڵی و لیریکی ئیسلامی، شیعری لیریکی خۆماڵی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەر یەکێکە لەگەڵ لیریکی ئیسلامیی تەنها لەڕووی ڕوخسارەوە جیاوازن، بەوەی لیرکی خۆماڵی بە شێوەیەک لەسەر کێشی بڕگەیی دەهۆنرێنەوە و بایەخێکی زۆر بە یەکێتی قافیە نادرێ و هەروەها وشە و ڕستە و تەعبیری لیریکی ئیسلامیی تیادا بەکارناهێنرێ، ئەم لیریکە خۆماڵییە تایبەتە بە زارەکانی گۆران و لوڕ و کرمانجی سەروو، لە زاری کرمانجی خواروودا نابینرێ، لە ئەدەبی فۆلکلۆردا نەبێ، ئەوەی گرنگە بزانرێ لیریکی خۆماڵی زیـاتر لە زمانی ستانداردی کوردییەوە نزیکترە". (خەزنەدار ٢٠٠١، ل ١٧٣).

شاعیرانی کوردیش بە گشتی لە کاتی هۆنینەوەی شیعرەکانیاندا کۆمەڵێ مەبەست و ئامانجیان هەبووە لە ڕێگەی دەربڕینە شیعرییەکانەوە باسیانکردووە و وروژاندویانن، ئەو مەبەست و ئامانجانەش لە شیعری شاعیرانی زاری گۆراندا بە جوانی ڕەنگیداوەتەوە، بە شێوازێک، کە لەگەڵ بارودۆخی ڕۆژگاری کۆمەڵگای کوردیدا بابەتەکانیان بگونجێنن، بە مەبەستی بەرەوپێشچوون و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا، یاخود هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئەو هیواو ئامانجانە، جا لەو ڕۆژگارەدا بوبێت یان لە پاشەڕۆژدا.

مەلای جەباریش وەک شاعیرێکی کلاسیکی زاری گۆران، کۆمەڵێ مەبەست و ئامانج لە نێو دەقە شیعرەکانیدا هەیە، کە بە مەبەستی باشکردن و بەرەوپێشبردنی بارودۆخ و گوزەران و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی لە ڕێگەی بابەتە شیعرییەکانەوە باسی کردوون، ئەو بابەتانەش وەک: وەسفی سروشت و جوانی ئافرەت و خۆشەویستی و دڵداری، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ئایینی، داشۆرین، گاڵتەوگەپ...هتد، کە شاعیر بە شێوازێکی جوان ئەم بابەتانەی لە ڕێگەی دێڕە شیعرەکانەوە لە پاش خۆی بەجێهێشتووە، بەو هیوایەی گوێگر و خوێنەر لە مەبەست و ئامانجەکانی تێبگەن. زۆربەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە دڵدارییە واتە وەسفی خۆشەویست و وەسفی سروشتە، هەرچەندە لە هەندێ پارچەی تردا مەبەستی تریشی هەیە، بەڵام لە مەبەستی دڵداری و وەسفی سروشتدا زۆرجار ئەم دوو مەبەستە تێکەڵ بە یەکتر دەبن. (خەزنەدار ٢٠٠٣، ل ٣٤٠)، هەروەها ئەم مەبەستە شیعرییانە ڕێگەیەک بووە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و بیر و هەڵچوونەکانی شاعیر.

بە گەڕان و خوێندنەوەیەکی ورد بەناو شیعرەکانی مەلای جەباریدا، مەبەستە شیعرییەکانی شاعیر دیاری دەکرێن، پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین، ڕەنگە نەتوانین بۆ هەموو بابەت و مەبەستە شیعرییەکان، سەرجەم شیعرەکانی شاعیر بەسەر بکەینەوە و هەموو نموونەکان بەکاربێنین، بەڵکو بەگوێرەی پێویستیی کارەکەمان چەند دێڕێک لەو شیعرانەی پێویستن دەیانخەینە بەرچاو و ڕونیدەکەینەوە.

**بابەتی وەسف:**

وەسف یەکێکە لە بابەتە گرنگ و دیارەکانی بواری شیعر، بەردەوام وەسف لای شاعیران لە گەشەو گۆڕاندا بووە، شاعیران هەر لە کۆنەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان وەسفیان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە و کردویانە بە هەوێنی زۆر چامەی شیعریی، ئەگەر چاوێک بە پەڕەکانی ئەدەبی کوردی و عەرەبی و فارسی و ...هتد بخشێنینەوە بە تایبەتی ژانەری شیعر، دەبینین وەسف یەکێک بووە لە بابەتە سەرەکییەکان، وەسف وەک بابەتێک پانتاییەکی گەورەی لە نێو دنیای شیعردا داگیرکردووە، شاعیرانی کوردیش بە تایبەتی شاعیرانی دەوری کلاسیک وەسف بە شێوازێکی فراوان لە شیعرەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە، زیاتر کەرەستەکانی وەک سروشت و جوانی و لێهاتویی و ئازایەتی ئافرەتی کوردیان کردووە بە هەوێنی وەسفکردن، بۆیە وەسف بووە بە بابەتێکی دیار و سەرەکی شاعیران و شیعرەکانی خۆیان بە سروشتە جوانەکانی کوردستان و وەسفی ئافرەت و جوانی ئافرەت ڕازاندۆتەوە.

وەسف "دەرخستن و پەردە لەڕوو هەڵماڵینە". (الشايب ١٩٩١، ص ٨٢)، یاخود وەسف "لاسایی کردنەوە و نواندنی شتێکە بە پیشاندانی ڕەفتارەکانی". (بو ملحم ١٩٧٠، ص ٦٦)، "وەسف بۆ مەبەستی وێنەگرتنی دلبەر لەڕووی جوانیی ئەندامی لەشیەوە بەکاردەهێنرێ، هەروەها باسکردن و کێشانی دیمەنی سروشت، جێگەیەکی دیاری لە هونەری وەسفدا هەیە، جگە لەوە وەسف خەریکی هەموو ڕوداوەکانی سروشتیشە، وەک ئاژەڵ و زیندەوەر و ڕووەک، بۆ جەنگ و سوارچاکیش بەکاردەهێنرێ". (خەزنەدار، ل ١٧٥)، بواری وەسف زۆر فراوانە و شاعیرانی کلاسیک بەپێی حەزو ئارزووی خۆیان زۆر لایەنی ژیانیان وەسفکردووە، بە تایبەتی وەسفی سروشت و مرۆڤ، کە زۆرجار سروشت و مرۆڤ تێکەڵاوی یەکتر دەبن و یەکتر تەواو دەکەن، ئەوەی گرنگە دەبێت بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ وەسفی ئافرەت و شیعری دڵداریدا بکەین لە شیعری کلاسیکدا، چونکە تێکەڵاویی و بەیەکداچوونی زۆری هەیەو زۆرجار توشی کێشەمان دەکات، شیعرێک کە وەسفی ئافرەت دەکات "لەگەڵ شیعری دڵداریدا تێکەڵ دەبێت بە تایبەت ئەگەر شیعرەکە پەیوەندی بە وەسفی جوانی یارەوە هەبێ". (خەزنەدار ٢٠٠١، ل ١٧٥)، بۆ دورکەوتنەوەش لەم کێشەیە پێویستە بەوردی لە ناوەڕۆکی شیعرەکە تێبگەین، واتە ئەگەر ناوەڕۆک تایبەت نەبوو بە خۆشەویستی و تەنها ئافرەتی تێدا وەسفکرابوو، ئەوا دەکرێ ئەو شیعرە بخرێتە چوارچێوەی بابەتی وەسفی ئافرەتەوە، ئەگەر باس و وەسفی خۆشەویستی و دڵداری کرابوو، ئەوە دەبێتە بابەتی دڵداری و خۆشەویستی. وەسف تەنها لە بواری ئەدەبدا بەکار نەهاتووە، بەڵکو ئەم چەمکە لە چەندین بواری جیاجیای ژیاندا کارپێدەکرێت، بەڵام وەسفی ئەدەبی پەیوەندی بە جوانی و ڕوداوی سروشت و مرۆڤەوە هەیە "مەبەست لەم وەسفە وەسفێکی ئەدەبییە کە سروشت و مرۆڤ و شوێنانی بەنرخ و شتی جوان و کارەسات ئەگرێتەوە، ئەو شتەش کە ئەم وەسفە وا بەم جۆرە دێنێتە ناوەوە، ئەو دیمەنە بە شکۆ هەیە، کە لە دیمەنە ڕواڵەتییەکەدا هەیە و دەبێتە هۆی سەرسامیی هونەرەکە و بە پێی ئەو کارتێکردنە کە کاری تێکردووە بۆی دێتە وتن". (سەجادی ١٩٦٧، ل ١٦٠)، وەسفی ئەدەبی یان بۆ جوانی سروشت و ڕوداوەکانێتی یان وەسفی مرۆڤە، تێکەڵکردنی مرۆڤ و سروشت لای زۆرێک لە شاعیرانی زاری گۆران ڕەنگی داوەتەوە و لە پەڕەی دیوانەکانیان تۆماریان کردووە.

**وەسفی سروشت:**

سروشت هەموو ئەو دیاردانە دەگرێتەوە، کە خودای گەورە دروستیکردون و هەستیان پێدەکرێت و دەبینرێن جگە لە مرۆڤ. "لە ئەدەبی ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی و کوردیدا....و ئەدەبی زۆربەی گەلانی تریش هەر لە سەرەتای بونیانەوە سروشت بۆتە ناوەڕۆکی زۆر پارچەی ئەدەبی بەرز". (میراودەلی ١٩٧٣، ل ٥٨). سروشتیش دەکرێت بە دوو بەشەوە نازیندوو زیندوو، سروشتی نازیندوو وەک: زەوی، ئاسمان، ئەستێرە، دەریا، ڕووبار، دەشت، شاخ، دۆڵ، گرد.....هتد. (مەجید ٢٠٠٧، ل ١٥)، سروشتی زیندوو وەک: باڵندە و ڕووەک و ئاژەڵ و گیانلەبەران دەگرێتەوە جگە لە مرۆڤ. (الزيدی ١٩٨٠، ل ٨-٩)، "جوانی سروشتی وەکو لەشی ئادەمیزاد و دیمەنەکانی سروشت و گیانلەبەر و شتەکان.....هتد بونێکی بابەتییان هەیە و کاردەکەنە سەر

ئادەمیزاد، کارێک، کە دەشێت بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو کارتێکردنەی مۆسیقا، وێنە یان شیعر هەیەتی دەشێت پرۆسێسی گەیاندنی شیعری بەهۆی ئەو شتانەوە ڕووبدات".(میراودەلی ١٩٧٩، ل ١٥).

شاعیرانی کورد بە تایبەتی شاعیرانی دەوری کلاسیک هەر لە (بابا تاهیری هەمەدانی و مەلای جزیری و مەلا مەنسوری گیرگاشی و مەلای باتێ و پرتەو هەکاری) و شاعیرانی ناوچەی زاری گۆران، بەتایبەتی (بێسارانی و سەیدی و کۆماسی و حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە و مەولانا خالید و مەولەوی و مەلای جەباری) و.....هتد وەسفی سروشت لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. (مەجید ٢٠٠٧، ل ١٧-٢٣)، شیعری زاری کوردی ناوەڕاستیش (نالی) وەک نموونەی سەرمەشقی شاعیرانی ئەو زارە وەسفی سروشت و خۆشەویستی ئافرەت... لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. (سەید مینە ٢٠٠٨، ل ٦٨).

سروشت لای شاعیرانی زاری گۆران، وەک (مەولەوی و بێسارانی و مەلای جەباری) و....بە شێوەیەک تێکەڵی شیعرەکانیان بووە، کە زۆرجار پێویستی بە وردەکاری و خوێندنەوەیەکی قوڵ و فەلسەفی دەبێت، تا لە مەبەستی شاعیر تێبگەین، مەلای جەباریش لێزانانە لە بواری سروشتدا سوودی لە هەردوو جۆرەکەی سروشت زیندو و نازیندو وەرگرتووە و لە وەسفەکانیدا بەکاریهێناون.

مەلای جەباری وەک یەکێک لە شاعیرە پایە بەرزەکانی زاری گۆران و ناوچەی کەرکوک بابەتی وەسف بە شێوەیەکی فراوان لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، شاعیر لە دوو لایەنەوە لە دەرگای ئەم بابەتەی داوە، وەسفی سروشت بە تایبەتی سروشتی وەرزی بەهار و وەسفی جوانی خۆشەویستەکەی، کە هەردووکیان (سروشت و خۆشەویستەکەی) تەواوکەری یەکترن. (سەعید ٢٠٠٨، ل ١٣٤)، ناوەڕۆکی زۆربەی شیعری مەلای جەباری وەسفی خۆشەویست واتا دڵدار و وەسفی سروشتە، هەرچەندە لە هەندێ شیعردا دەکرێ مەبەستێکی دیاریکراو بەدی بکرێ. (خەزنەدار ٢٠٠٣، ل ٣٤٠).

ئەو ژینگەیەی شاعیری تێداژیاوە جوانی دیمەنی هەرد و هەڵەت و دەشت و کێو و کۆسار و باخ و باخات و سەوزی بەهارو گژوگیا و دەنگی باڵندە و ئاژەڵ و خوڕەی چەم و دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی بوونە بە تابلۆ لە زەینیدا و دواتر ئەم تابلۆیانەی کردووە بە هەوێنی سەرچاوەی شیعری خۆی، کە لە ڕێگەی وەسفەوە ئەو وێنە ڕەنگینانەی سروشتی کوردستانی کێشاوە و کردویانێتی بە وێنەی شیعری زۆر بەرز و جوان.

وەرزی بەهار لە دیدی شاعیرەوە ئەو وەرزە جوان و سەرنجڕاکێشەیە، کە دەشتودەر و درەختەکان سەوز دەبن و مرۆڤ و گیانلەبەرانیش تیایدا چالاکن و خەڵکی حەز بە ئاو هەوای دەرەوە دەکەن و دەچنە گەشت و سەیران ئەمەش دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشە بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە لە جوانی سروشتی بەهار، مەلای جەباری گرنگیەکی زۆری بە وەرزی بەهار داوە و لە چەند پارچە شیعرێکدا باسی سروشت و سەوزی و گەشی جوانی بەهار دەکات.

مەلای جەباری لە شیعری (بەهار)دا دەڵێت:

ســـاقی ســـادەی شی وەهـــار ئـــامـــــاوە

گـــــوڵان ســـــەرکێشان نـــەتـــۆی سەحراوە

هـــــەوای دڵـــگوشاد ئـــەرد بەهـــــەشتەن

فەڕ وەڕووی سەحرای گەرمەسەیر وەشتـەن

وادەی بـــــــادەی ناب ســـــەیـــر وەهـــارەن

ســـــەرزەمین مەزهــــــەر لـقای دڵـــــدارەن. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٣٥).

شاعیر لێرەدا مەبەستی لە ساقی خودای گەورەیە، مەبەستی مەلای جەباری ئەوەیە، کە دوای وەرزی سەرماو زستان سەرەتای هاتنی بەهارە و گوڵە جوان و بۆن خۆشەکان لە زەوییەوە سەردەکێشنە دەرەوە و دەگەشێنەوە ڕەنگی زەوی جوان و سەوز دەکەن، هەواو شنەبایەکی پاک، وەک هەوای بەهەشت بڵاودەبێتەوە خێروبێر ئەڕژێتە سەر زەوی و ناوچەی گەرمەسێر و ئەبێتە هەوارگەی بەهەشت، ئیتر کاتی نۆشینی بادەی بێخەوشە و سەیرکردنی دیمەنی جوانی بەهارە و سەر زەوی دەبێتە جێگای بینین و بەیەکگەیشتنی ئەو خەڵکانەی بە خۆشی وەرزی بەهارەوە ڕوو لە دەشتودەر دەکەن و یەکیان خۆشدەوێت و خۆشەویستی یەکترن، شاعیر بە شێوازێکی هونەریی زۆر جوان زەوی و دارودرەخت ئاووهەوا خۆشەکەی وەرزی بەهار ئەچوێنی بە بەهەشت و جێگای بینینی ئەوانەی خۆشەویستی یەکترن و وێنەیەکی شیعریی ناسکی لەو دیمەنە دڵڕفێنە دروستکردووە.

درەختـــــــــەن ســـەوزەن شنۆی شــــەتـــــــاوەن

نـــــــەورۆزەن ســـــــۆزەن هـــەوای پای کاوەن

مـــــەیـــــــەن مەعشوقەن مـۆبەتەن مەیلەن

خــــــەمان لــــــــەب ڕێزەن پیاڵان کــەیـلەن. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٣٥-٣٦).

لەو سروشتە جوانەدا، کە درەختەکان سەوزن و گوێت لە خوڕەی ئاوی کانی و چەمەکان دەبێت لە نەورۆزدا، مەبەستی لە سەرەتای دەستپێکی بەهارە، واتە لە ڕۆژێکی نوێدا، سۆزی ئەو شنەبا خۆشەی لە دامەنی کێوەکانەوە دادەبەزن و درەختەکان دەجوڵێن و دیمەنێکی جوان پیشاندەدەن، مرۆڤ هەست بە خۆشی و شادی دەکات و چێژ لە بینینی وەردەگرێت، دڵدارەکان مەبەستی لە کۆبونەوەی خەڵکی و ئەوانە یەکتریان خۆشدەوێت، کاتێک بادە ئەنۆشن، خەم و پەژارەیان دەڕەوێتەوە بەوەی کاتێک لێویان دەخەنە سەر پیاڵەی پڕ و سفرەی ڕازاوە و ڕاخراو و بینینی ئەو دیمەنە سەرنجڕاکیشانەی نەورۆز تاسەیان دەشکێنێ.

مەلای جەباری لە شیعری (نەوبەهار)دا دەڵێت:

مـــیرزام ! یـــە وەعـــدەی نـــەو وەهـــارانەن
ســـــەرەتـــای تـــەڵمیت خـاتـر دارانـــەن
فـــەصڵ وەصـــڵ دۆست سەیـــر هەردانەن
لـــــــەرەی لــــــەرزانـــەی زەنـەخ دارانەن
زمــــــزەمـــــەی بـــولبول، دەبدەبەی گوڵەن
نـــــەزارەی هـــوزار دەروون پـــڕ چـــڵـــەن
نـــــەپرشـــەی شـــەونـم نـــەڕووی پـەردەوە
نـــــەرگز مـــەست چـــەم وەڵاو کـــەردەوە. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٣٠).

مەلای جەباری لە ڕێگەی وەسفی سروشتەوە باسی ئەوە دەکات کاتی بەهارێکی نوێیە و سەرەتای کۆچوباری خۆشەویستان و کاتی تەماشاکردنی هەردو هەڵەت و بەرزاییەکانە، هەروەها کاتی چالاکی و نمایش و گەشت و سەیرانە و لەرەی ملوانکە و خشڵەکانی ئافرەتانە، کە زیاتر بۆ ڕازاندنەوەی خۆیان لە چەشنی زێڕ و زەرد بەکاریدەهێنن، لە لایەکی ترەوە شنەی پەڕەی گوڵەکان و دەنگی خۆشی بولبولە کاتێک دەخوێنێ و بەو دەنگە خۆشەی دەرون پڕ لە ئارەزو و خۆشی دەکات و ئارامی دەبەخشێ، دواتر دیمەنی جوانی درەوشانەوەی شەونم لە نێو پەڕەی گوڵەکان و نێرگزیش پشکتووە واتا گوڵی نێرگز چرۆی تەقیوە و بۆنی خۆشی بڵاودەکاتەوە، کە ئاماژەیەکە بۆ سەرەتای وەرزی بەهار.

نـــەقـــارەی مینقار تـەیـران سـوب خیـــز
بیزەنـــان نـــــەغمەی نـەکـــیسای پەروێـز
چـریکەی چەکاوس چون حەنجەرەی عـود
مەر دەنگ چل چەنگ پەنجەی بارە بوود
هـــوو هـــووی بـــــایەقوش شەو وە هـەردەوە
زام دەردیـــــنـــــان تـــــــازە کـــــــــەردەوە
دەنـــــگی قیرەی قـــاز نە سەحـرای سوس
مـــەر مۆزیقەی مەشق شەهەنشای عەروس

تیـــپ تیـــپ قـولّینگان قـەتارەی قـازان

مـــیـــــرزام تـــــــاوەڕۆ ئـــاوات مـــەوازان. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٣٠-٣١).

جریوە و دەنگی ئەو باڵندانەی کە بەیانیان بەڕێدەکەون و تێکەڵ بە شەپۆل و شنەبای ئاسمان دەبن دەچوێنێ بەو مۆسیقا و بوقی سەربازییەی، کە لە دیوانی خەسرەوی پەروێزدا لێدەدرێت، ئاوازی باڵندەی (چەکاوس)[1] کلاوکوڕە دەچوێنێ بە ژێی تار (عود)و دەڵێت: مەگەر تەنها دەنگی (چل چەنگ)[2] ئەو ئاوازە خۆشەی لێ ببیستری، دەنگ و هو هوی بایەقوش، کە باڵندەیەکی شەوگێڕە بە هەردەکاندا دەگەڕێ برینی دەردەداران نوێ دەکاتەوە، دەنگ و ئاوازی قاز لە بیابانی (سوس)[3] مەبەستی لە هەردی چۆڵە مەگەر تەنیا مۆسیقای شاهانە بەو جۆرە خۆش بێت، یاخود پێ دەچێت مەبەستی شاعیر لە موزیکی شاهانەی ڕووس بێت واتا قەیسەری ڕووس، پۆل پۆل قاز و قولّینگ ڕیز دەبەستن و گەرمیان و کوێستان دەکەن هەتا ڕۆژ دەبێتەوە ئاوات دەخوازن، ئەم جۆرە لە قازو قولّینگ بۆ گەشتەکەیان شەوان بە پۆل دەفرن، بە تایبەت لە نیوەی شەودا.

شاعیر خۆی لەناو ئەو سروشتە جوان و زیندوەدا بووە و وێنەیانی گرتووە، بۆیە ئەم دیمەنانەی لە بیرنەکردووە و کردویانێتی بە شیعرو بەجۆرێک وەسفی ئەو سروشتەی کردووە، کە پێشتر کاریگەری لەسە دڵ و دەرونی بەجێهێشتووە، مەلا دەنگی تەیر و باڵندەکانی بە مۆسیقا خۆشەکان وەسفکردووە و تێکەڵ بە سروشتی سەوز و گوڵ و دارودرەختی بەهار کردووە.

شاعیر لە چامەیەکی شیعری تردا بە ناوی نەوبەهاری نوێ کە بۆ هاتنی وەرزی بەهاری نوسیوە، بەم جۆرە باسی وەرزی بەهار دەکات.

مەلای جەباری لە شیعری (نەوبەهاری نو)دا دەڵێت:

نـــەو وەهـــــــار نـۆ نـــەو وەهـــار نـۆ

قـــــــدومت وەخــــێر نــــەو وەهـار نـۆ

ســـەبـزیت بپۆشـــۆ ســــاراو هەردو کۆ

وە ئـەنواع گـــــوڵ ئــــــــــارایش بـــدۆ

وەنـــــەوشە و نێرگس خاشخاش و شەوبۆ

خونچەی نەشکوفتەی ئەشرەفی وەش بـۆ

١) باڵندەیەکی دەنگ خۆشە کە لە بەشی سەرەوەی سەری کلاوێکی پەڕین هەیە و باڵندەکە بە ئەندازەی چۆلەکە یا بولبولێک دەبێت، لە هەندێک ناوچەش بە کلک هەڵتەکێنە ناو دەبرێ.

٢) ئامێرێکی مۆسیقییە.

٣) بیابانێکە لە ڕۆژهەڵاتی شاری عەمارەی باشوری وڵاتی عێراق. (جەباری، ل ٤٦).

بــــــەرزە درەختـــــان شکـــوفان جـە نۆ

ســــایۆ ســــــەرمەردار نـــارنج و لــیمۆ. (مەلای جەباری ۲۰۱۸، ل ۱۲۱).

شاعیر لە وەسفی هاتنی وەرزی بەهاردا باسی ئەوە دەکات، کە سەرەتای بەهار خێروخۆشی و بەرەکەت دەهێنێت و دەشتودەرو کێوەکان سەوزدەبن و بە هەموو جۆرە گوڵێک دەڕازێنەوە، گوڵەکانی وەنەوشە و نێرگزو (خشخاش)[1] و شەوبۆ و خونچەی نەکراوەی ئەشرەفی، کە جۆرێکی گوڵە بۆنی خۆشیان بڵاودەبێتەوە و تێکەڵ بە هەوای وەرزی بەهار دەبن، دارودرەختە باڵابەرزەکان سەرلەنوێ چرۆی تازەیان دەتەقێ و دەبوژێنەوە هەروەها سێبەری ئەو دارانەش خۆش دەبن کە بەردارن وەک نارنج و لیمۆ کە دەشێت بە هۆی خۆشی بۆنەکەیانەوە باسی خۆشی سێبەری ئەم دارانەی کردبێت، سروشتی وەرزی بەهار لای مەلای جەباری زۆر تایبەت بووە و جێگەی سەرنجی وردی بووە و کەرەستەو سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی شیعرەکانی بووە، شاعیر چێژێکی تایبەتی لە دیمەنە جوانەکانی سروشتی کوردستان بە گیاندارو بێگیانەوە وەرگرتووە و کردونی بەو وێنە جوانانەی، کە لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

"بابەتی وەسف لای شاعیرانی کەرکوک دوو خانەیە، خانەی یەکەم وەسفی ئافرەت-ژن وەک بەهایەکی پیرۆز و ڕەسەن، وەک باسی خۆشەویستی و دڵداریی، خانەیەکی تر وەسفی سروشت و ژینگە و وەسفی نیشتیمانە، کوردستان وەک شوێن وەک کاتیش وەرزەکان واتە لە ڕووی شوێن و کاتەوە ڕوانیویانەتە کوردستان و لە وەسفەکانیاندا بەرجەستە بوون و بوون بە سەرچاوەی شیعرییان و ئەمجار تێکەڵکردنی هەردوو بابەتەکە بەبیری نیشتیمانی و نەتەوەییەوە" (سەعید ۲۰۰۸، ل ۲٦۹)، زۆربەی شاعیرانی زاری گۆران و لە ناویشیاندا شاعیرانی ناوچەی کەرکوک وەک زەنگنە و جەباری و ... خاوەنی هەست و ئامانجی نەتەوەیین، هەوێنی شیعرەکانیان بەرگرییەکی دڵسۆزانەیە، لە زمانی کوردی و مافی نەتەوەیی و خۆشویستن و بە پیرۆز زانینی خاکی کوردستان، وەک خانای قوبـادی، فـەقێ قـادری هـەمەوەنـدی، خـەلیل منـەوەر، مـەلای جـەباری.... (ئاگرین ۲۰۱۳، ل ۲۷۲).

"شیعری سروشت بە هەموو جۆرەکانی یەوە ئاوێتەی ژیانی مرۆڤ دەکات، بە خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانی و سیاسییەوە دەیبەستێتەوە". (جەمال ۱۹۹۸، ل ٥۹). "هەر لە سەرەتاوە شیعر وتن بە زمانی کوردی و شێوەی گۆرانی خۆی لە خۆیدا هەڵوێست و گیانی نیشتیمان خوازانەیە". (سەعید ۲۰۰۳، ل ۱۳٥).

---

۱) ئەو جۆرە گوڵە سورەیە کە لە سەرەتای وەرزی بەهار دەدەچێت و بە گولیلکە سورە یا بە گوڵاڵە سورەی بەهار بە ناوبانگە، شاعیران بە خشخاش و گولیلکە سورە و گوڵاڵە سورەش ناویان بردووە وەک لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر دەڵێت:

**چەپڵە لێدەن بـەهارە**

**گولیلکە سورە دیارە.** (جەباری ۲۰۲۰، ل ۲۲).

شاعیر دیمەنەکانی سروشتی کوردستان لە ڕووی شوێنەوە بەخۆش و پیرۆز وەسف دەکات و تێکەڵ بە هەستی نیشتمان پەرەوەری دەکات و شیعرێکیدا کە دەڵێت:

ئایا ئەو شوێنە وادی ئەیمەنە[1]؟!

یا دەشتی کوردە پڕ لە دیمەنە!؟ (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٥٨).

شاعیر ئەوەندە دیمەنەکانی دەشت و کێو و دارودرەخت و خوڕەی ئاو و چەم و گوڵ وگوڵزار و سەوزایی بەهاری کوردستانی لا پیرۆز و جوان بووە، بە سەرسامییەوە دەپرسێ ئایە ئێرە دۆڵی ئەیمەنە، کە مەبەستی لە دۆڵی ئەیمەن خاکی پیرۆز و کێوی تورە، شوێنی گفتوگۆی نێوان خودا و پێغەمبەر موسا بوو درودی خوای لەسەر بێت، یاخود ئەوە دەشتودەرو خاکی کوردستانە، کە پڕن لەو دیمەنە جوانانە، دەتوانین ئەم دێڕە شیعرە جگە لە بابەتی وەسفی سروشت و جوانی، بیخەینە قاڵبی خۆشەویستی نیشتمان و نیشتمان پەروەرییەوە، کە شاعیر خاک و ئاو و نیشتمانی خۆی هێندە لا خۆشەویست بووە، کە بە شوێنێکی پیرۆز و هاوشێوەی جێگای گفتوگۆی خوداو موسای پێغەمبەر وەسفی بکات و بیدات بە ڕووی بێگانەکانی وەک تورکی عوسمانی و فارسەکان، کە بەردەوام شەڕیان بووە لە ناو خاکی کوردستاندا و ئەو خاکە جوانەیان کردووە بە گۆڕەپانی ململانێکانی خۆیان و داگیریان کردوە و لە نێوان خۆیاندا دابەشیانکردووە.

مەلای جەباری چامەی شیعری تایبەت بە نیشتمان پەروەری نییە، یاخود هەیبووە و وەک چەندین پارچە هۆنراوەی تری لەناوچووە و نەتوانراوە بپارێزرێ و بگاتە بەردەستی خوێنەر و گوێگر، بەڵام شاعیر لە ڕێگەی وەسفی سروشتەوە ئەو هەستەی خۆی دەبڕیوە و سروشت و خاک و نیشتمانی تێکەڵ بەیەکتر کردووە تا لە ڕێگەیەوە نیشتمانی خۆی بە بەرزو پیرۆز وەسف بکات.

## دڵداری و خۆشەویستی:

کاتێک باسی بابەتی خۆشەویستی و دڵداری دەکەین ڕاستەوخۆ بیر و هۆشمان بۆ ئافرەت و جوانییەکانی دەچێت بەتایبەت لە ئەدەبی کوردیدا، چونکە شیعری خۆشەویستی و دڵداری ڕاستەقینە بۆ ئافرەت و وەسفی لەش و لاری نوسراوە، شیعری دڵداری ئەو بابەتە بووە، کە شاعیرانی کورد وەک شاعیرانی نەتەوەکانی تر بایەخیان پێداوە و بووە بە یەکێک لە پایەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، (سارتەر) وای بۆ دەچێت خۆشەویستی جۆرێک بێت لە غەریزەی موڵکدارییەتی تەنیا لەبەرئەوەی عاشق بەردەوام دەخوازێت مەعشوقێکی

---

١) خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی قەصەصدا دفەرموێت: (فَلَمَّا أَتَاهَا نُودِيَ مِن شَاطِئِ الْوَادِ الْأَيْمَنِ فِي الْبُقْعَةِ الْمُبَارَكَةِ مِنَ الشَّجَرَةِ أَن يَا مُوسَىٰ إِنِّي أَنَا اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ). (القرأن اكريم، صورة قصص، اية ٣٠).
دۆڵی ئەیمەن ئەو شوێنە پیرۆزەیە کە پێغەمبەر موسا درودی خوای لەسەربێ لەگەڵ خودا گفتوگۆی کرد. (ئەمین ٢٠٠٤، ل ٣٩٨).
بە زمانی عەرەبی ئەو شوێنە بە (الأراضي المقدسة) واتا زەوی پیرۆزە ناودەبرێت، لە هەموو کتێبە ئاسمانیەکاندا بە قورئانیشەو باس کراوە، کە دەکەوێتە خاکی سیناوە لەوڵاتی میسر.

تایبەتی هەبێت، بە تەواوەتی کۆنترۆڵی هەردوو لایەنی جەستەی و مەعنەوی بکات و قبوڵیشی نەکات جگە لە خۆی هیچ کەس عاشقی بێت. (عوسمان ١٩٩٨، ل ٧٣)، (فرۆم) دەربارەی خۆشەویستی دەڵێت: خۆشەویستی ئەو پەیوەندییە سۆزدارییەیە، کە مرۆڤ دوای ئەوەی هەست دەکات دابڕاو نامۆیە لەسروشت، بەو هۆیەوە سەرلەنوێ هەوڵی دروستکردنی هاوئاهەنگی دەدات لەگەڵ بونی دەرەکیدا، پاشانیش بە هۆیەوە خۆی لە تەنیایی ڕزگار بکات. (عوسمان ١٩٩٨، ل ٧٣)، دڵداری و خۆشەویستی حەزو ئارەزوی مرۆڤە بۆ ئەو کەسەی خۆشیدەوێت و بە بینیی دەرونی ئارام دەبێتەوە، خۆشەویستەکان خۆشەویستی و پێکەوە بەردەوامی دان بە ژیان ئامانجییانە. "مەم و زینی کوردی، ڕۆمیۆ و جولێتی ئینگلیزی، کۆمیدیای یەزدانی ئیتالی، یوسف و زلێخای میسری، لەیلێ و مەجنونی عەرەبی، عوزار و وامیقی فارسی و دەیان و سەدانی وەک ئەوانە لە ناو ئەدەب و کلتوری میللەتاندا پاڵنەری خۆشەویستی هێناونییەتە بەرهەم". (هەورامی ٢٠١٣، ل ٣٣١)، "خۆشەویستی ئارەزوکردنی دڵە بۆ شتێ، هەر کە ئەو ئارەزوو کردنە بەردەوام بوو و چەسپا پێیدەگوترێت عەشق، لەو کاتەدا عاشق ئامادەیە لە پێناو مەعشوکەی هەموو شتێک بکات". (شوان ٢٠١٣، ل ١٣٣).

لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا سێ جۆر شیعری دڵداری هەیە ئەوانیش: "لاسایکردنەوەو ڕاستەقینەو سۆفیگەرییە". (ڕەسول ١٩٧٩، ل ٥٢)، بابەتی خۆشەویستی و دڵداری لای شاعیرانی کلاسیکی کورد یەکێک بووە لە بابەتە بەربڵاوەکانی شیعری کوردی، بەشێکی زۆری دیوانی شاعیرانی کلاسیک ئەم بابەتەیە. (عەلی ١٩٨١، ل ٢٠)، شاعیرانی کورد بە شێوەیەکی فراوان ئاوڕیان لە بابەتی خۆشەویستی و دڵداری داوەتەوە، کاتێک سەیری دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردیش بکەین دەیان نموونەی خۆشەویستی دڵداری دەبینین، ئەم بابەتەش لە شیعر و ئەدەبی زاری گۆراندا پێگەیەکی بەرزو تایبەتی هەیە. "هەندێک لە شاعیرانی کلاسیک لە بەرئەوە ئاوڕیان لە ئافرەت و شیعری دڵداری داوەتەوە، چونکە بابەتێکی باوی ئەو سەردەمە بووە، ڕەنگە شاعیرێک شیعری دڵداری نەبووبێ وەک شاعیرێکی بێ توانا یا نەزان سەیر کرابێ". (عەلی ١٩٨١، ل ٢٠). هەروەک ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت: "شاعیر و چامەی شیعری بەبێ سۆزی دڵداری ناگونجێن". (ڕەسول ١٩٧٩، ل ٥٢)، هەندێکیشیان وەک ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیانی خۆیان شیعری دڵدارییان نوسیوە، واتا لاسایکردنەوە نەبووە.

شیعری دڵداری، یاخود پێشی دەوترێ خۆشەویستی لای زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کورد و شاعیرانی کلاسیکی زاری گۆران ڕەنگیداوەتەوە مەلای جەباریش چەند چامەیەکی شیعری بۆ خۆشەویستی و دڵداری نووسیوە، کە ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیانی ڕاستەقینەی دڵداری و خۆشەویستی خۆی بووە، نەک لاسایکردنەوە، کە لە زۆربەی چامەکانیدا بە (شیرین) ناوی هێناوە، دەشێت ناوی ڕاستەقینەی دڵدارەکەی شاعیر (شیرین) بوبێ، کە بەوشێوازە فراوان و بەو جۆش و خرۆشە گەرمەوە ناوی هێناوە و بە بەشێک لە ڕوح و جەستەی خۆی زانیوە، یاخود دەشێت هەر ئەم شیرین ناوە بووبێ بە هۆکاری کردنەوەی دەرگای شیعری خۆشەویستی و دڵداری لای شاعیر، چونکە ناوی (شیرین)ی کردووە بە سەرمەشقی زۆربەی ئەو چامانی کە بۆ خۆشەویستی و دڵداری نووسیەتی، هەندێ جاریش بە نازدار و چراغ، واتا بەناز و نوور و ڕوناکی ناوی هێناوە.

"گەلێ لە شاعیران هەرچییان دەربارەی دڵداری و پیاهەڵدانی جوانان وتوە وایان بۆ لەقەڵەم دەدرێ کە بابەتی سۆفیگەرییە و بۆشێخانیان وتوە و دڵدار و مەبەستیان هەر شێخەکانیان". (قەرەداغی ١٩٨٣، ل ٢٤)، بەڵام مەلای جەباری زۆربەی شیعرە دڵداری و خۆشەویستییەکانی بۆ دڵدارەکەی خۆی نوسیووە.

شاعیر لە هۆنینەوەی شیعری دڵداریدا دەستێکی باڵای هەبووە، وا دیارە شاعیر هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە کەوتۆتە داوی خۆشەویستی کچێکی شۆخ و شەنگەوە، لەبەرئەمەیە شیعرە دڵدارییەکانی ئاگر لە دڵ و دەرونی مرۆڤ بەردەدەن، هەندێ کەس پێیان وابووە خۆشەویستەکەی مەلا ناوی (شیرین) بووە کە مەلا لە زۆربەی شیعرەکانیدا ناوی هێناوە. (سدیق ٢٠٠٨، ب. ل ٦٠٤).

مەلای جەباری لە شیعری (شیرین)دا دەڵێت:

شیرین تاتا کرد، شیرین تـاتـا کـــــــــەرد

تـای تـوغرای تۆمار زێڕش تـاتـا کـــــــەرد

کۆکۆ، کۆی کەڵاف عەنبەر وەڵاکـــــەرد

خەرمەن خەرمەن میسک خوتەن وەبا کەرد

پـەنجە بـرد پەرچین نـەهەم جیاکـــــــــەرد

تـەخت پیشانیش بـەدر دوجـا کـــــــــــەرد

حـاجیان دوو قــــەوس پایەی سەما کـــەرد

موژان تـەور تیر توشنەی غـەزا کـــــــەرد

گیسوی سـەراوێز چـون بەرەزا کــــــــــەرد

سـەر نـەتۆی جامەو دوگمەی قەبا کــــــەرد

سـاق ستوون سیم تـازە جـەلا کـــــــــــەرد

خـڕەی خـڕخاڵش خـەڵای بـاڵا کـــــــــەرد

دەم نـوکتەی مـەدهۆش لایـەجزا کــــــەرد

لـە لولەی گـەوهـەر لؤلؤی لالا کـــــــــەرد. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٦٩-٧٠).

واتا شیرین پرچی تاڵ تاڵ کردەوە و پەلکە هۆنراوەکانی کردەوە و ختستییە بەرچاو، کە وەکو ئاڵتونی زەردو جوان بوو، ئەو پەلکە جوانەی، کە پێکەوە پێچابووی و کلافەی کردبوو بە کردنەوەی بۆنێکی خۆشی هاوشێوەی بۆنی میسک و عەنبەری بڵاوکردەوە، دەست و پەنجەی برد پەرچەمی ئالاوی لێکتر جیاکردەوە و تەختی نێو

چەوانی دەرکەوت، کە لە مانگی (١٤) دەچوو، شاعیر ڕووی یاری خۆی بە مانگی (١٤) وەسفکردووە، هەردوو برۆی کەوانەی ڕووی لە ئاسمان کرد، برژانگی وەک تیر ئاراستەی جەنگ کرد، زۆڵفەکانی وەک بەرەزای شاخەکان بە شنەی شەماڵ جولاوە و لەنجەی کردووە، کاتێ دوگمەی کراسەکەی ئەترازا نێوانی سینگی بەدەر دەکەوت، بازۆڵەی ناسکی بازنی تێهەڵکێشاوە و بە جوڵاندنی نازی پێکردووە، خڕەی خڕخاڵەکانی پاو پوزی جوان و سەرنجڕاکێش بووە پێشکەشی باڵای کردووە، دەم و لێوی داخست و بە هیچ جۆرێ گفتوگۆی نەکرد، لێوەکانی وەک گەوهەرە، شاعیر کۆمەڵێ وەسفی جوان و ڕازاوەی خۆشەویستەکەی دەکات و لە چەندین لاوە دەیچوێنێ بە شتی جوان و بەنرخ و بۆنخۆش، مەلا دەیەوێت بەو وەسفانە پلەی جوانی و بۆنخۆشی خۆشەویستەکەی لەو ئاستەدا دابنێ، کە خۆی مەبەستێتی.

مەلای جەباری لە شیعری (شیرین بەستەوە)دا دەڵێت:

شیرین بـەستەوە، شیرین بـەستـــــــــەوە

شیرین ئـەساسەی سەروین بـەستـــــــەوە

دەس هـاوەرد وە زوڵف دەستە دەستـــــەوە

پەخش کەرد وە دەوران دییەی مـەستـەوە

پـەخش نـە خـــۆر ئـێـــــــــــــــوارەوە

چـون تـوڕەی تـەیمور نە تۆمـــــــــارەوە

خـاڵ نـە حاشییەی زەنج و دەمـــــــــدا

چـون هندی نــە دەور چـای زەمزەمـــدا

چـەم نـەشئەی دییەی دەلیلەی ڕەمـــدا

خەسرەو خەڵتان کەرد نە دەخمەی دەمدا. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٦٢).

شاعیر لەم شیعرەشدا ناوی شیرینی خۆشەویست و دڵداری کردووە بە ناونیشان و سەرەتای دەستپێکردنی شیعرەکەی کاتێک دەڵێت: شیرین بەستەوە، شیرین سەرپێچ و کەلوپەلەکانی، کە لەوانەیە مەبەست لە کەلوپەلی سەروبەستە و کڵاو و لەچک بێت، دەستی هێنا بە پرچیا، کە دەستە دەستە بڵاو و شۆڕبونەتەوە سەر چاو و برۆی مەستی، ئەو پرچە جوانانەی بە ڕووی خۆری ئێوارەدا پەخشکردو پیشانیدا، کە وەک مۆری سەر دراوی زێڕی پاشا (تەیمور) وایە، کە تۆمار کراوە، پێدەچێت شاعیر بریسکەی پرچی شیرینی دڵداری بە جوانی و بریسکەی زەردی ئەو دراوە زێڕ و بەنرخەی تەیمور وەسفکردبێ، خاڵی نێوان دەم و چەناگەی شیرین وەک هندی، هندییەکان زۆر گرنگی بە کوتانی خاڵ لە سەر ڕوخساریان دەدەن، لە دەوری چای زەمزەم مەبەستی سەرچاوەی

ئاوی زمزمە، کە دەمی یارەکە بەو سەرچاوەیە وەسفکردووە، چاوی پڕ نەشئەی وەک تیری ناو ڕم خەسرەوی خەڵتانی خوێن کرد، مەبەستی لە تێڕوانین و تەماشاکردنی یارەکەی بەو چاوە پڕ نەشئانەوە وەک ئەوە وایە بتکوژێ، مەبەست لەم کوشتن و خوێنەش مەجازییە، کە شاعیر چاوی مەستی یارەکەی بە تیروکەوان وەسفکردووە.

شاعیر هەندێکجار پەنای بۆ چیرۆک و بەسەرهاتە ئایینیەکان بردووە، لە باسی خۆشەویستی دڵدارەکەیدا و ئەو چیرۆک و ڕوداو و بەسەرهاتانەی بە هەمان بارودۆخی ژیانی خۆشەویستی و دڵداری خۆی چواندوە.

مەلای جەباری لە شیعری (شیرین جە لاتەن)دا دەڵێت:

شیرین جە لاتەن، شیرین جە لاتەن

ماچان دەوای دەرد دییەم جە لاتەن

دییەم وە دییەت حەکیمان واتان

دەرمانی دییەم گەرد لای پاتەن

چەن حەکیم دەوای دەردم نەوەردەن

ماچان دووری تۆن تاسیر لێش کەردەن

جە لای دین و دۆست نییەن تێشەیا

دەردی دوری تۆن شیبەن پێشەیا

بەڵام وەفات بام جای غەم کوراسان

دەوا بەخش دەرد دییەی ئێش داران

مەر نەژنەفتەنی یەعقوب چون نەبی

لە دوری یوسف دییەش چون من بی

ناگا نەسیمی نە جامەی دڵسواز

داش نە دەماغش دییەش کەرد وە باز. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٥١).

شاعیر لەم شیعرەدا کە ناوی شیرینی دڵداری هێناوە، دەڵێت: شیرن دەڵێن لای تۆیە دەوای دەردی دییەم (چاوم)، حەکیمان یان پزیشکەکان پێمیان وتوە دەرمانی چاکبوونی چاوم بینیی تۆیە، یاخود لای تۆ بم چاوم چاک دەبێتەوە، تۆزو گەردی ژێر پێی تۆ دەرمانی چاکبوونی چاومە، چەند دکتۆر و حەکیم هاتن و چارەی دەردی منیان نەکرد، چونکە دەڵێن دووری تۆ کاری لێکردووە، لە لای زانا و دۆستەکان چارەسەری چاوم نەبووە

و دەردی دووری تۆ، بووە بە ڕێگر لەبەردەم چاکبوونم، بەڵام من بە وەفای تۆ بم (جای غەم کوراسان)، شوێنی خەم خۆران، دەوا بەخشی ئەوانەی چاویان دێشێ و ئازاری چاویان هەیە، مەگەر نەت بیستووە (یەعقوب)ی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێ لە دووری (یوسف)، وەک من توشی نابینایی و ئازاری چاوەکانی بوو، نەسیمی شنەبا بۆنی کراسەکەی یوسفی هێنا و یەعقوبی پێغەمبەر بۆنیکرد، بووە هۆی چاکبوونی چاوەکانی ، لێرەدا مەلای جەباری چیرۆکی خۆی بە چیرۆکی پێغەمبەر یەعقووب دەچووێنێ، کە مەلاش بە هێنان یان بینین و تەماشکردنی شیرینی خۆشەویستی بینایی بۆ چاوەکانی دەگەڕێتەوە چاکدەبێتەوە، ئەم باسە بە دڵنیاییەوە مەجازییە، چونکە شاعیر لە ژیانیدا توشی نابینای نەبووە بەڵام دەشێ توشی ئازاری چاوەکانی بووبێت و ئەم چیرۆکی خۆشەویستییەی خۆی بە چیرۆکی یەعقوبی نەبی چواندووە و خۆشەویستەکەی خۆی بە پێغەمبەر یوسف چواندووە.

شاعیر لە شیعرەکانیدا زیاتر وەسفی خۆشەویستەکەی (دڵدار)ەکەی خۆی دەکات و دیمەنی خۆڕازاندنەوەی خۆشەویستەکەی پیشاندەدات و وەسفێکی جوان و ناسکی دەکات زۆرجاریش تێکەڵ بە سروشتی دەکات.

مەلای جەباری لە شیعری (شیرین سەرزەمین)دا دەڵێت:

شیرین سەر زەمین شیرین سەر زەمیـــــــن

خێزیا پەی سەیران سەحـراو سەرزەمیـــــــن

دەس بەر پەی زوڵف حـاشی یە و جەبیـــــن

وەڵاو کەرد لە ڕووی مـای دوو هەفتەمیـــن

دەس بەردی عەرەق چین توهمەی تـاقەچین

قەراردا جە فەرق کڵافچەی مشکیـــــــن

قەتارەی قوڵەنگ تورمەی سورمـــــەی زەڕ

ئاوێزان نـەدەور چەفییەی خورشید فـــــەڕ. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٤٥).

کاتێ خۆشەویستەکەی شاعیر ڕووی لە دەشتودەر و سەیران کردووە، دەستی بۆ پرچی بردووە، بە مەبەستی لادانی پرچی لەسەر ڕوخساری و دەرخستنی ڕووی، کە شتێکی باوە لە نێو ئافرەتاندا، مەلا ئەم دیمەنەی بە مانگی (١٤) وەسفکردووە، عەرەقچینەکەی نایە سەر زوڵفی، کە وەک مشکی وایە، ڕیزێ گوڵەنگی سورمەی زێڕ بە دەوری چەفییەکەیدا ئـاڵاندبوو، کە وەک خۆر دەدرەوشایەوە، مەلای جەباری بە شێوەیەکی زۆر جوانی کوردەواریی بە سەرو پرچ و چەفیەو کڵاو جلوبەرگی کوردەواریی وەسفی جوانی خۆشەویستەکەی دەکات، کە

چۆن خۆی ڕازاندۆتەوە و شێوازێکی جوانی پیشانداوە، مەلاش ئەم دیمەنە جوانەی دڵدارەکەی تێکەڵ بە سروشت کردووە.

شاعیر لە بەردەوامی وەسفی یارەکەیدا، کۆمەڵێ تایبەتمەندی و جلوبەرگی یارەکەی بە کۆمەڵی کەلوپەل و شتی بەنرخ و گرانبەها وەسفدەکات و دەڵێت:

وەی دەستەی گـوڵان لای سەروینـــــــــەوە

وەی نـم نیگای نـاز ئـاهوی چینــــــــەوە

وەی سینـەی سفید سـەرج سافــــــــــەوە

وەی دوو لیمۆی تـەڕ پـڕ شەفافــــــەوە

وەی جام جەبین نـور پـەی وەشتــــــــەوە

وەی چەشمەی حەیات کەس نەچەشتـەوە

وەی ساقەی نەسیب سونعەت ژەنـــــــەوە

وەی خڕەی خڕخاڵ تـەلا بـەنــــــــــەوە

ڕیشەی جەرگەکەم پێکا وە پـــــــــــاوە

سەرپەنجەش وە هون جەرگ مــــــەلاوە. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٤٦-٤٧).

بەو دەستە گوڵەی لای سەری یارەکەیەوەیە و نازونیگا دەکات، بەجۆرێک تێڕوانین و تەماشای خێرای یارەکەی بە ئاسکی چینی وەسفکردووە، لە گورجوگۆڵیدا، بەو سینگە سپی و بێگەردەی، کە وەک زینی ئەسپ وایە و هەردوو مەمکی لەسەر داناوە ناسک و بێگەردە، شەفاف واتە ڕون و جوانە، بەو ئاوێنەیەی ڕووی، ڕوخساری یارەکەی بە نور (ڕوناکی) وەسفکردووە، لیکی دەموليێوی بە ئاوی حەیات وەسفکردووە، کە کەس نەینۆشیوە، بەو پوزو لاق و باسکەی خودا پێیبەخشیوە کە بە خڕخاڵ و زێڕ ڕازاندویەتییەوە هەر بە پێوە ڕیشەی جەرگی دەرکردوم، سەرپەنجەشی دەری ئەخات کە بە خوێنی جەرگی مەلاوەیە، پێ دەچێ یارەکەی سەر پەنجەی لە خەنە گرتبێت، کە زۆرجار ڕەنگێکی سوری تۆخ پیشاندەدات، مەلاش ئەو دیمەنەی بە خوێنی جەرگی خۆی وەسفکردووە.

شاعیر هێندە بە قوڵی سەیری یارەکەی کردووە و سەرنجیداوە، کە شۆڕبۆتەوە بۆ کۆمەڵێ بابەتی زۆر تایبەت ئەویش وەسفکردن و چواندنی جەستەی یارەکەی بەو شتانەی، کە لای شاعیر سەرنجڕاکێش و بەنرخن، دواتر شاعیر وەسفەکانی تێکەڵ بە ئەفسانە کردووە وەک باسکردنی ئاوی حەیات، کە کەس نەینۆشیوە.

مەلای جەباری لە شیعرێکی تردا، کە وەسفی خۆشەویستەکەیەتی دەڵێت:

سینەش وە باخچەی لیمۆ و (بەی)یەوە

مەوقوفەن وەسام (حی) یـــــــــەوە

حەی و بەی و نەی تەسریفەن وەهــــــەم

حەیان مەگیلیان گوڵ باخچــەی وەدەم

مەر باد شەماڵ بەیو پەیان پـــــــەی

نە هەم جیاکۆ حەی و بەی و نـــــــەی. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٣٨).

شاعیر سینگی ناسک و جوانی خۆشەویستەکەی، کە جووتە مەمکی لەسەر بەرزبۆتەوە بە باخچەی لیمۆ و پرتەقاڵ و بەهێ وەسفکردووە، جووتە مەمکی یارەکەی لەلایەن پرچە ڕەشە پەلک کراوەکانییەوە، کە وەک ماری ڕەش سام و ترسی هەیە، بەسەر سنگیدا هاتونەتە خوارەوە و بەندکراون، پەلکی یارەکەی بەمار وەسفکردووە، حەی و بەی و نەی، حەی مەبەست لە پەلکی ڕەشێتی، کە وەک مار وان و شۆڕبونەتەوە بەی، مەبەستی لە مەمکی یارەکەیەتی نەی، مەبەست لە تاڵە مووی پرچی یارەکەیەتی کە وەک تۆڕی جاڵجاڵۆکە یان داوی ڕاوکردن ڕۆیکردوە و ناوێتییەوە و بەکاریهێناوە، ئەوەی نزیکی بێتەوە لێی دەئاڵێ و دەیگرێت، شاعیر پرچ و مەمک و تاڵی پرچەکانی بە داوی ڕاوچی وەسفکردوە، حەیان لێرەدا مەبەستی خۆشەویستەکەیەتی، کە دێت و دەچێت وەک گوڵی باخچە، واتە شاعیر خۆشەیستەکەی بە گوڵی باخچە وەسفدەکات، مەگەر بای شەماڵ واتە شنەبای فێنک بێت و شەپۆل لەدوای شەپۆل حەی و بەی و نەی لەیەکجیابکاتەوە، واتە مەگەر ئەو بای شامالە پرچ و مەمک و تاڵەکان لەیەکتر جیابکاتەوە.

شاعیر لە شیعری (هەناسان سەرد)دا دەڵێت:

جفتێ شەمامە کــافوور بێگــەردەن

هەزاری وەک من نە عەشقش مردن

جفتێ ڕان نە تــەرح ماسییان شەت

سفید تەر جە قاز نەرم تەر چە بەت

پــاو پوز بە وێنەی سۆنەی ناو شەت

مــــەدرەوشۆ نەتەرح پیرۆزی قودرەت. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٧٨).

شاعیر مەمکی یارەکەی بە کافوری سپی بێگەرد، واتە ساف و لوس وەسفکردووە، کە هەزاری وەک مەلا لە عەشقی مردووە لە جوانیدا، مەبەست لەو مردنە مەجازییە، نەک مردنی حەقیقی، جوتە ڕانی خۆشەویستەکەی بە ماسی ناو دەریا وەسفکردووە، کە چەند ڕێک و توندوتۆڵ و جوان و بەرزن و سپێتی ڕانی یارەکەی بەسپیتر لە قاز و گۆشتی ڕانی بە نەرمتر و ناسکتر لە مراوی وەسفکردوە، پاوپوزی یارەکەی بە مراوی ناو ئاو وەسفکردووە، کە دەدروشێتەوە وەک ئەو ڕوناکییە پیرۆزەی کە لە خوداوەیە، مەلای جەباری لەسەر ئاو و کانی ئافرەتان تەماشای جەستەی یارەکەی کردووە، هەندێک ئەندامی لەشی یارەکەی، کە زۆر جێگای سەرنجی بووە و بە وردی و قوڵی تێیڕوانیوە بە شتانێک وەسفیاندەکات کە لە جوانی و ناسکیدا دەدرەوشێنەوە و نازدارەکەی خۆی بە سروشتی جوان و ڕازاوەی ڕووەک یان گیانداران دەچوێنێ.

شاعیر لە هۆنینەوەی شیعری خۆشەویستی و دڵداری پەنای بۆ کۆمەڵێ چیرۆکی ئایینی و ڕوداو و ڕەمز و ئەفسانە و مەی و ساقی بردووە و ئەوانەی کردووە بە هۆکارێک بۆ ڕازاندنەوە و زیاتر واتادارکردنی مەبەستەکانی، کە شاعیرانی کلاسیک بە شێوەیەکی گشتی و شاعیرانی زاری گۆرانیش پەنایان بۆ ئەو جۆرە بەکارهێنانە بردووە.

## بابەتی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی:

مەبەست لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە شیعردا ئەوەیە کە شاعیر وێنەی هەموو ئەو دیاردە ناشیرین و دزێوانەی کۆمەڵگا بە شیعر دەکێشێت و پیشانی خوێنەر و گوێگرانی دەدات، تا لە ڕێگەیەوە بزانرێ ئەو دیاردانە لە کۆمەڵگادا هەن، یاخود ئەو دیاردە دزێو و ناشیرینانەی ناو کۆمەڵگای گرتۆتەوە، شاعیر بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەخنەی لێدەگرێت و پێی وایە زیان بە تاک و کۆمەڵگا دەگەیەنێ، جا بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگای شیعرەوە باسیاندەکات، بە مەبەستی باشترکردن و بە خۆداچوونەوەی ئەو کەسانەی کە دەبنە هۆی دیاردەکە.

لە ناو شاعیرانی ئەدەبی کلاسیک و نوێی کوردیدا ئەم بابەتە بە زەقی هەستی پێدەکرێ و ڕەنگیداوەتەوە کە شاعیر بە مەبەستی هۆشیارکردنەوە لە ڕێگەی شیعرەوە ڕەخنەی لە کۆمەڵگاکەی خۆی گرتووە. "ئەدەبی کوردی ڕووی لە گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان کردووە، ئەدیبە کوردەکان بەردەوام ڕەخنەیان لە گەلێ دیاردەی نەشیاو و دزێوی کۆمەڵایەتی وەک قومارو مەی خواردنەوە و دزی و بەرتیل خواردن و ...هتد گرتووە". (رسول ١٩٦٦، ل ١١٤)، ئەگەر ئاوڕێک لەم بابەتە بدەینەوە لەناو شاعیرانی زاری گۆران و ناوچەی کەرکوک بە تایبەتی، دەبینین ئەم بابەتە لەلایەن شاعیرانی ناوچەکەوە گرنگی و بایەخی پێ دراوە و دیاردە دزێو و ناشیرینەکانی کۆمەڵگایان باسکردووە، بە مەبەستی باشکردن و چارەسەر کردنی، خەلیل منەوەری[1] شاعیری کاکەیی، کە زاری گۆران و شێوەزاری ماچۆی بۆ شیعرەکانی بەکارهێناوە، لە ناوچەی کەرکوک و نزیک لە

---

١) بە (خەلیل منەوەر) بەناوبانگە، لە تیرەی (کاکەیی)یە، ئەم بوێژە بە تورکی و عەرەبی و فارسی و کوردی هەڵبەستی هەیە، ئەم بوێژە زۆری ژیانی لە کفری رابواردووە و پاشان چووەتە خانقین و لەوێ ساڵی ١٣١٧ کۆچی دوایی کردووە. (عەلی، ٢٠٢١).

مەلای جەباری ژیاوە، ڕەخنە لە دۆست و خزمانی و عەشیرەتە کوردییەکان دەگرێت و گلەیی لە خزم و خوێشی دەکات. (کاکەیی ٢٠٠٦، ل ١٥٩-١٦٠).

مەلای جەباری ڕەخنە لە کۆمەڵێ ڕەفتاری ناشیرینی (سەید قادر)ی برا گەورەی دەگرێت، بە هۆی ئەوەی سەید قادری برای ڕەفتارو هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵک و هۆزەکانی دراوسێیان باش نییە و پیاوێکی ڕەزیلیشە، مەلای برای لای خەڵکی ناشیرین و عەیبدار کردووە، هەر لەبەرئەم ڕەفتارە نەشیاوانەی سەید قادری برای مەلا، خاک و نیشتمانی خۆی بەجێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە ناوچەی (سەرتاف)ی ئێران، دواتر سەید قادر داوا لە مەلای برای دەکات بگەڕێتەوە مەلاش لە ڕێگەی شیعرێکی ڕەخنە ئامێزەوە بەم جۆرە وەڵامی سەید قادر دەداتەوە و ڕەخنەی لێدەگرێت، بە مەبەستی هەستکردن و بەخۆداچوونەوەی، تا واز لەو ڕەفتارانەی بهێنێت بەم جۆرە وەسفی دەکات.

مەلای جەباری لە شیعری (بۆ سەید قادر)دا دەڵێت:

برا گەورەکەی شـان و مـل قەویم

شەواڵ عەمامەی شەو گەردی شەویم

چـەرخێ پـدەرتە قـرانێ براتە

فلسێ جـە بـاتی گشت ئەقرەباتە

ئـاو هـەواسـان سەدای باوکەڕۆ

ئینەم خـاسترەن لـە بـرایەتی تۆ

هـەوای هـەواسان ناسازی سەرتاف

خـاسترەن لە حکم ڕەیس بێ ئینساف. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٧٧).

شاعیر وەک ڕەخنەیەک بە سەیدقادری برای دەڵێت: ئەی برای شان و مل قەویم، کە ئەم چەمکە لە زمانی کوردیا زیاتر لە کاتی ڕەخنەگرتن لە دژی کەسێک بەکاردەهێنرێت و مەبەستێکی لە پشتەوەیە، باسی جلوبەرگی دەکات، کە زۆر خانەدان دەرەکەوێت، بەڵام ناوەڕۆکی پوچە، واتە ڕوکەشێکی جوان بەڵام ڕەفتارو کردار ناشیرین، دواتر باسی ئەوە دەکات و ڕەخنەی ئەوەی لێدەگرێت کە هێندە ڕەزیلە پارەی لە خوشک و براو کەسوکارو نزیکەکانی خۆشتر دەوێت، مەلا دەڵێت: ئەو ئاووهەوا ناسازو ناخۆشەی ناوچەی سەرتافم زۆر لە برا گەورەیی و سەرۆکایەتی و نایەکسانی تۆ پێ خۆشترە، چونکە دورم لە تۆ، مەلا مەبەستی لەم ڕەخنەیە لە براگەورەکەی کە بە سەرۆکی خۆشی داناوە دەیەوێت سەید قادری برای تێبگەیەنێت و لەو ڕەفتارە ناشیرین و

دزێوانەی کە لە براکەیدا ڕەنگیداوەتەوە ئاگاداری بکاتەوە و وازیلێبهێنێت و خۆی چاک بکات، چونکە بە هۆی ئەوەوە وڵاتی جێهێشتووە و نایەوێ بەو جۆرە بیبینێت.

یەکێکی تر لەو دیاردە دزێوانەی، کە شاعیر ڕەخنەی لێگرتووە دزی بووە، دیاردەی دزی و درۆ لەناو هەر کۆمەڵگایەکدا بێت دەبێتە هۆی ناخۆشی و کێشەو گیروگرفت، مەلا گومانی ئەوە دەکات قورمەکەی لەلایەن کوڕی ناودارێکی کاکەییەوە دزرابێ و بۆیە مەلاش لە ڕێگەی شیعرێکەوە ڕەخنەی لێدەگرێت و نامەیەک بۆ باوکی کوڕەکە دەنێرێت.

مەلای جەباری لە شیعری (قورمە[1])دا دەڵێت:

سەید دیـــــن خاس، سەید دیـــــن خاس

میرزای پاک مەزهەب سەید دین خـاس

پەروەردەی وەجاخ بارگەی سەید هـــەواس

کـولێن حـەرام دایــە ڕێواز نـــــــــاس

...

وە عیشق بـــارگەی بـاوە یادگـــــــار[2]

وەگشت سەوگـــــەند بۆ سەیید دینــدار

سەیید عــەلی کوڕت (قورمە)م بــەردەن

چـەند وەختەن جفتم موعـەتتەل کـــەردن

ئـومێدم ئێدەن لــە ڕووی خێــــــــــرەوە

زوو (قورمەکەم) بۆ بنێرنـــــــــــــــــــەوە. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٣٨-١٣٩-١٤٠).

مەبەست لە (سەید)[3] پیاوی گەورەو بەڕێزە، مەلاش لە نامەکەیدا بۆ باوکی کوڕەکە کە کاکەییە، بە پیاوێکی گەورە و خوێنەوار و خاوەن دین و ڕێبازێکی پاک وەسفی دەکات، پەروەردەی نەوەو و بارگەی سەید هەواس و درێژەپێدەری کوانوی (دایە ڕێواز)[4]، مەبەستی مەلای جەباری لەم گفتوگۆیە ئەوەیە، کە ئێوە خاوەنی ئەم ئایینەن، سوێند بە پیرۆزییەکانتان بخۆن، کە ئێوە قورمەکەی منتان نەدزیوە، ڕەنگە شاعیر وەک

١) ئامێرێکی کشتوکاڵی بووە کە لە دوای کەرو گا بەستراوە و زەوی پێ کێڵدراوە واتا بۆ جووتکردن بەکارهاتووە.

٢) پردێوەر و سوڵتان سەهاک و باوە یادگار سێ مەزارگەی پیرۆزی ئایینی کاکەیین.

٣) گوایە سەیدەکان لە نەوەی پێغەمبەرن درودی خودای لەسەربێت.

٤) یەکێکە لەو ژنانەی خاوەن پێگەیەکی بەرزە لە ئایینی کاکەیی.

ڕەخنەیەک ئەمەی باسکردبێت، کە چۆن ئەوانەی خۆیان بە پیاوی چاک و ئایینی دەزانن و خاوەن بارەگای ئایینی و کەسانی پیرۆزن و لە هەمانکاتدا دزی ئەکەن، شاعیر دەڵێت: بە مەزارگەی باوە یادگار و بە گشت پیرۆزیەکانتان سوێند بخۆن، کە ئێوە قورمەکەتان نەدزیوە، دواتر مەلا دەڵێت: سەید عەلی کوڕت قۆرمەکەی بردووە و ماوەیەکە جووتکردنم دواکەوتووە، ئومێدی خێرم پێتانە زوو قورمەکەم بۆ بنێرنەوە، مەلا مەبەستی سەرەکی ڕەخنەیە لەوەی، کە کاری دزی ڕەفتارێکی ناشیرینە، جا کاتێک ئێمەی موسڵمان یا کاکەیی کە خۆمان بە کۆمەڵە خەڵکێکی ئایینی و لە خوا ترس دەزانین و دیاردەی دزیکردن لە ناوماندا ڕێگە پێدراو نییە، پێویستە واز لەو کارە بهێنین، ڕەنگە مەبەستی شاعیریش لە باسکردنی ئەم دیاردەیە تەنها وازهێنان و دورکەوتنەوە بێت لەو کارە ناشیرینەی کۆمەڵگا، نەک شکاندنی ئایینەکان و کەسایەتییە ئایینییەکان.

لە یەکێک لە شیعرەکانی تری شاعیردا، ڕەخنە لە شێخ دەگرێ بە داگیرکردنی شوێن و ماڵی خەڵکی باسیکردووە.

مەلای جەباری لە شیعری (یامیرە میرە)دا دەڵێت:

ئـەو شێخەکەی خەم پـێ وەدەرمـــان

دوشمن مەزار کـوپەو مەردەمـــــان

لـە بـاتەی چاکـە بۆڵە نیانەمـــــان

مزگەفتش کردن جێی گۆڕخانەمـان

یـامیرە میرە وێت و نـامـــووســــــت

مردەو زندەمـان بـەیو پاپوســــــــت

چـەنـی خەلیفە نـەردێ بشانــــــی

ئیلتیفات وە تـول داود بیانـــــــــی

هــەر ڕۆژ بـایەقوش بوانۆ تێشـــدا

ئـاسار دەروێش نـەمانۆ لێشــــــدا. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٥٧-١٥٨).

واتە ئەو (شێخەیان)[1] بۆمان هێناوە بۆتە جێگای خەم و پەژارەمان، دوژمنی پیرۆزییەکانی ئێمەیە، لەجیاتی چاکەکردن لەگەڵمان دەستیانکردووە بە بۆڵەبۆڵ، مەبەستی شاعیر لە زیکرو دەف لێدانی دەروێشەکانە،

١) سەردار جەباری دەڵێت: مەبەست لەو شێخانە گوزارشتە لە شێخەکانی تاڵەبان. (جەباری، ل ٩٠).

مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکانمانیان کردۆتە شوێنی (گۆڕخانە)[1]، ئەی میرو گەورەمان هاوارمان بۆت هێناوە تۆ بە غیرەت و ناموسی، مرد و زیندومان هێناوەتە خزمەتت بۆئەوەی چارەسەرێکمان بۆ بکەی، پەیام یان نوێنەرێک بۆلای (خەلیفە)[2] بنێری و ئاوڕێک لە پیرۆزی پێغەمبەر داود بدەنەوە، ئەو شوێنە چۆڵبکرێت، چونکە بایەقوش حەزی بە چۆڵیی و دوور لە ئاوەدانییە، ئاساری دەروێشی تێدا نەمێنێ، شاعیر ئەم شیعرەی وەک داواکاری کاکەییەکانی ئاوایی (باوە)[3] نوسیوە، کە لەلایەن شێخ و دەروێشەکانەوە شوێنە پیرۆزەکەیان داگیرکراوە و بووە بەهۆی ئاوارەیی و دەربەدەری کاکەییەکان لەو ناوچەیە، ئەوانیش هانایان بۆ مەلای جەباری هێناوە کارێکیان بۆ بکات و شوێنەکەیان بۆ بگێڕنەوە. لەبەرئەوەی لە سەرەتای سەدەی (١٩)ز لە ناوچەکانی کوردستان سیستەمی خێڵەکی دەسەڵاتدار بوون، سەرۆکی ناوچەکە و لادێ و قەڵاو شارۆچکەکان... سەرۆک خێڵ دەسەڵاتی بەهێزی بووە. (عومەر ٢٠١٢، ل ١٥٩)، ئەمەش بووە بە هۆی ئەو هانا بردنەی کاکەییەکان بۆ لای مەلای ڕیش سپی و پیاو ماقوڵ و سەرۆک هۆزی جەباری، مەلاش ئەم داواکارییەیان بە شیعرێک دەنوسێ بە مەبەستی چارەسەربوونی کێشەکەیان.

ئەوەی گرنگە و مەبەستی ئێمەیە لێرەدا باسکردنی ئەو دیاردە دزێو ناشیرینانەیە، کە هەندێک لە شێخ و مەلاکان زۆرجار بە پاڵپشتی پیاوانی ئایینی و دەسەڵات شوێنی گرنگ و باش بە ناوی ئایینەوە بۆ خۆیان و دەروێش و خزمەتکارەکانیان داگیردەکەن و دەیکەن بە موڵکی خۆیان، ڕەنگە مەلاش مەبەستی لە نوسینی ئەم شیعرە پیشاندانی ئەو دیاردە ناشیرینەی هەندێک لە شێخ و پیاوانی ئایینی بووبێت کە پێویستە ڕێز لە خەڵک و بیروڕای ئایینی جیاواز بگرن و ماڵ و موڵکیان بپارێزن و دەست درێژییان نەکەنە سەر، بەڵکو لە ڕێگای شەریعەتی ئیسلام و یاساکانییەوە ماف بە هەموو خاوەن ئایین و بیروڕایەک بدرێت، نەک وەک ئەوەی تۆ زۆرینە بیت و کەمینیەکی ئایینی بچەوسێنیتەوە، مەلای جەباری لەگەڵ ئەوەی خۆی پیاوێکی لەخوا ترس و موسڵمان بووە، بەڵام پشتگیری ئەو داوایەی کاکەییەکانی کردووە، پێدەچێت مەلا لەو کاتەدا پەیوەندی لەگەڵ عوسمانییەکان باش بووبێ، لەبەرئەوەیە کاکەییەکانی دراوسێ و نزیکیان هانایان بۆ بردووە، مەلاش ئەمەی بە دەرفەت زانیوە لەگەڵ داواکاری سکاڵا کاران باسی دیاردەیەکی ناشیرین بکات، کە لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و تا ئەم سەردەمەش ئەم دیاردەیە لەژێر ناو و هۆکاری جۆراوجۆرەوە هەیە و دەست بەسەر زەوی و زاری جوتیار و کرێکار و خەڵکی داماو و بێدەسەڵاتدا دەگیرێت.

---

١) مەبەستی ئەوەیە مزگەوتیان کردووە بە شوێنی مردووەکانی خۆیان کە ئەمەش دیاردەیەکە شێخەکان لە مزگەوتەکاندا نێژراون بۆ نموونە کاک ئەحمەدی شێخ لە مزگەوتی گەورە سلێمانیدا نێژراوە.

٢) خەلیفە مەبەست لە یەکێک لە پاشاو کاربەدەستانی سوڵتانی عوسمانییە کە لەو سەردەمەدا فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە بوونە، یاخود گەورەو فەرمانڕەوای عوسمانیەکانە.

٣) (باوە) یەکێکە لەو ئاواییانەی دەکەوێتە سنوری لەیلان، قەرەحەسەنەوە لە پارێزگای کەرکوک. (ئەکبەر، ٢٠٢٠). کاکەییەکان بەشێک بوونە لە دانیشتوانی ئەو ئاواییە و تێایدا ژییاون، چونکە (باوە) پلەیەکی ئایینی پیرانی کاکەییە. (جەباری، ل ٩٠).

**بابەتی ئایینی (ئیسلام):**

ڕەوتە ئایینییەکان کاریگەری زۆریان بەسەر ئەدەبی گەلان و بەتایبەتیش گەلانی ڕۆژهەلات بەجێهێشتووە، ئەدەبی کوردیش بەهۆی کاریگەری ئایینی ئیسلامەوە ناوەڕۆکێکی ئیسلامیی لەنێو شیعری شاعیرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەجۆرێک کەم شاعیری کلاسیکیمان هەیە، کە شیعری ئایینی نەهۆنیبێتەوە، قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر محەمەد درودی خوای لەسەر بێت، چیرۆک و ڕوداوە ئایینییەکانی پێغەمبەران و هاوەڵانی پێغەمبەر و پیاوچاکانی تریش بووە بە بنەڕەتی داڕشتنەوەی شیعری ئایینی لە ئەدەبی کوردی پاش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام. "لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام لە نیمچە دوورگەی عەرەب و پاشان بڵاوبونەوەی بە وڵاتانی دەوروپشت، گەلی کوردیش یەکێک بووە لەو میللەتانەی کە زۆرینەیان ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان قبوڵکردووە، لە ئەنجامی ئەو تێکەڵاوبوونەی لە نێوان میللەتانی ئیسلامیدا هەبووە، توانراوە سود لە شارستانیەت و کەلەپوری یەکتر وەربگرن و بکەونە بەر کاریگەری یەکتر". (کەلهوڕ ٢٠٠٨، ل ٦-٧).

"شیعری ئایینی مەبەست و ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە ئامۆژگاری و حیکمەت و ڕەوشت و نەریتی پاک و بەرز و خوداناسی، دورکەوتنەوە لە خراپەکاری و هاندانی خەڵک بۆ کاری چاکە، دورە لە سیاسەت و دەمارگیری خێڵەکی و حیزبایەتی". (هەڵمەت ٢٠١٢، ل ٩)، ڕەهەندی ئایینی لەناو زۆرێک لە شاعیرانی کلاسیک و لە ناویاندا شاعیرانی زاری گۆراندا ڕەنگی داوەتەوە و شاعیرانی ئەم زارە زۆر شیعری ئایینیان لە پێناو خواناسیدا نووسیوە، ئەویش بە مەبەسی ڕازیبوونی خوداو لێخۆشبوون لێیان، دەستیان کردوە بە پاڕانەوە و وەسف و جوانییەکانی ئایینی ئیسلام، ئەوانیش وەک مەولەوی، بێسارانی، خانای قوبادی، فەقێ قادری هەمەوەندی، ڕەنجوری، مەلای جەباری... تەنانەت هەندێ شاعیری کاکەیی باشتر و زیاتر وەسف و ستایشی ئایینی ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلامیان کردووە، بە جۆرێک، کە زۆرێک لە شاعیرانی کوردی موسڵمان ئەو وەسفەیان نەکردووە، نموونەی ئەو شاعیرانەش خەلیل منەوەری شاعیر چەوساوەی ناوچەی کەرکوک و زاری گۆرانە[1]. "شیعری زاری گۆران لە سەرەتادا بە بابەتی ئایینی دەستی پێکردووە لە هەموو قۆناغەکاندا وەک بابەتێکی فراوان و سەرەکی دەرکەوتووە". (سەعید ٢٠٠٣، ل ١٣٤).

هەرچەند مەلای جەباری زۆرینەی شیعرەکانی بابەتی دڵداری و وەسفی سروشتە، بەڵام بابەتەکانی تری شیعری بەتەواوەتی فەرامۆش نەکردووە، مەلا هەر لە تەمەنی مناڵییەوە کراوەتە بەر خوێندن و لە مزگەوت و حوجرەکاندا قورئان و فەرموودە و بابەتەکانی ئایینی ئیسلامی خوێندووە و بۆ ماوەی چەندین ساڵ بە شارەکاندا گەڕاوە بەشوێن دەستکەوتنی زانستە ئایینییەکان، ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر دینداری و خواناسی شاعیر بەجێهێشتووە، دیارە خوێندنە ئایینییەکان هۆکارێکی گەورە و گرنگ بوونە و بوونە بە هۆی ڕەنگدانەوەی

١) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە دیوانی خەلیل منەوەر. (کاکەیی ٢٠٠٦، ل ١٣١).

بابەتی ئایینی لە شیعری شاعیردا، هەرچەندە شاعیر بابەتی ئاینی زۆر کەمە لە دیوانەکەیدا، ڕەنگە بەرهەمی زۆر زیاتری هەبووبێ لە ڕێوڕەسمی ئایینی و خواناسیدا، بەڵام لەناوچوون و بەدەستی خوێنەر نەگەیشتون.

یەکێک لە مەبەستە شیعریەکانی مەلای جەباری پاڕانەوەیە (موناجات)ە، کە شاعیر بە شێوازێکی زۆر هونەرییانە شیعرەکەی تێکەڵ بە سروشت دەکات. ئەم جۆرە شیعرە بەزۆری لە شێوەی قەسیدەدا دەبێت، ناوەڕۆکی بریتییە لە پاڕانەوە لە خودا و وەسفکردنی گەورەیی و توانایی لەبەر ڕۆشنای بیروباوەڕی موسڵمان، لە گەڵێ شتدا لەگەڵ شیعری ئایینی عەرەبیدا یەکتری دەگرنەوە، سەرچاوەی ئەم جۆرە شیعرە قورئان و شەریعەتی ئیسلامییە، شاعیر پشت بە قورئان و فەرمودەی پێغەمبەر دەبەستێ و وەک خۆی وەریدەگرێ و هەر بە زمانی عەرەبی لەگەڵ ڕستەکانی شیعرەکەی تێکهەڵکێشیان دەکات، زمانی ئەم جۆرە شیعرە تێکەڵە، شاعیر وشەو زاراوەی عەرەبی و ئایینی زۆر بەکاردەهێنێت. (خەزنەدار ٢٠٠١، ل ١٧٤).

مەلای جەباری لە شیعری (نزای باران بارین)دا دەڵێت:

فـەلەک زیارەن، فەلەک زیـــــــــارەن

خەلایق پـەشێو زارو زیـــــــــــــــارەن

.....

جە نامەی امطار وەعـــدەش ویــــــــردەن

ڕوشان جـە قاپی أغلای تۆ کـــــــەردەن

....

بـە پێغەمبەران ئـادەم چەنـــــــــی ڕوح

بـە شیث و ئدریس، هوود پڕ فـــــــوح

....

وەو ئـەولیایان صاف و بێ ڕیــــــــــــا

خـالص و مـوخلیس فناهو فیلـــــــــلا

....

غـفار الذنوب هـەر تـۆی پـەنامـــــــان

غـەیر جە قاپلا تۆ نییەن ڕەجامـــــان. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٢٢-١٢٣-١٢٤).

وەرزی باران بارین لە ناوچەکانی کوردستان زیاتر دەکەوێتە سەرەتای وەرزی زستانەوە، واتە کاتەکەی دیاری کراوە، ئەشێ لە وەرزەکانی تری وەک بەهارو هاوین و پایزیش باران بارین بەڕێژەی کەم ڕوبدات، بەڵام بە تایبەتی لە باشوری کوردستان سەرەتای زستان کاتی بارانە، جگە لەم کاتە باران بارین سودێکی وای نابێت بۆ کشتوکاڵکردن، ئەگەر ساڵێکیش باران بارین دوابکەوێت ئەوە پیاوانی ئایینی و خەڵکی دەچنە شوێنێکی چۆڵی دەرەوەی شار و دەست دەکەنە نوێژ و دوعا و پاڕانەوە لە خودای گەورە، کە بارانی ڕەحمەت ببارێنێ، ئەم نەریتە لە کۆنەوە تا ئێستاش هەر باوە و ئەنجامدەدرێ، ئەو ناوچەیەی شاعیری تێدا ژیاوە بە شێوەیەکی گشتی بە ناوچەی گەرمەسێر ئەژماردەکرێت و ڕێژەی باران بارینی لەچاو ناوچە شاخاویی و کوێستانەکان کەمترە، پێدەچێت لەو ساڵەی مەلا ئەم چامە شیعرییەی نوسیبێت باران بارین دواکەوتبێت و جووتیارو ئەوانەی کشتوکاڵ دەکەن خەمی ئەوەیان بووبێ، کە وشکەساڵی و بێبارانی بێت، بۆیە مەلاش بەم شیعرە ڕوو لە خوای گەورە دەکات و دەپاڕێتەوە کە باران ببارێنێ، هیچ نەبێ لەبەر خاتری باڵندەو گیانداران، تا لەبرسا نەمرن.

شاعیر دەڵێت: ئەی خودایە دروستکراوانت پەشێو و بێزارن، دەوڵەمەند و فەقیر بە گشتی فەمبارن و چاوەڕێی ڕەحمەت و بەخشینتن، مرۆڤ و ئاژەڵ و تەیر و مار و مێرو بە گەورەو بچوکەوە پێویستیا بە تۆیە، واتە ئێمە ڕوو لەقاپی و گەورەیی تۆ دەکەین و ئەو پەیامەت پێ ئەگەیەنین، کە کاتی باران بەسەرچووە، هەر تۆی دروستکەر و ڕۆزیدەری هەموو ئەوانەی لەسەر زەوین، ئەی خودای گەورە و بەهێز و داپۆشەری نهێنییەکان، بە تاک و تەنیایی تۆ، کە بێ هاوتای و بە پیرۆزی موحەمەد درودی خوای لەسەربێ، بە گشت پێغەمبەران و جوبرائیلی ڕوح کێش، بە شیپ و هود و ئیدریس و بە زەکەریا و بە ئەیوب، بە یوسف و یەعقوبی باوکی، بە موسا و عیسای کوڕی مەریەم، بە هەموو ئەو پەیامهێنەرانەی ناویان کەوتۆتە ژێر پێنوسەکانەوە، بە هەموو شەهیدانی دەشتی کەربەلا، کە یەک بە یەک گیانیان فیداکرد، بەو پیاوە چاک و دڵ باشانە، کە ڕیبابیان نەکردووە و ساغ و سادە و دڵسۆزن و خۆیان بۆ خودا تەرخانکردووە، بارانی و بەزەیی و ڕەحمەتت ببارێنە، وەک جاران، دوبارە و سەرلەنوێ خوڕەی بارانت دەشت و کێو وسەحراکان سەوزبکات، ئەی خودای دادگەر و ڕۆزیدەر گیانلەبەران بەتۆوە ئەنازن و دەرگای ڕۆزیدەر هەر تۆی، سۆزو بەزەیی خۆت بڕژێنە بەسەرماندا، بە کردەوەی خەڵکی خراپمان لەگەڵ مەکە، نەمانخەیتە بەر سزای بەندە ڕووڕەش و هەڵگەڕاوە و گومڕاکان، لێبوردەی گوناهەکان هەر تۆی، هیوا و پەنامان غەیری دەرگای تۆ هیچ شوێنێکی ترمان نییە بۆ تکا کردن.

شاعیر لەسەرەتاوە زەلیل بونی دەوڵەمەند و فەقیر پیشان دەدات، کە لە کاتی نەبارینی باراندا هەردوو چینەکە بێ دەسەڵاتن و دەبێت هەر ڕوو لە خودا بکەن، چونکە بێ بارانی دەبێتە هۆی لە ناوچوونی هەردوو چینەکە، لە بەشێکی تردا شاعیر بە ناوی باڵندەو ئاژەڵ و مارو مێروو ئەوانەی ڕوحیان لەبەرە، داوا لە خودا دەکات هەر هیچ نەبێ لەبەر خاتری ئەوان باران ببارێنە، بەڵکو ئێمەش بە هۆی ئەوانەوە لە بێبارانی ڕزگارمان ببێت، دواتر شاعیر پەنادەباتەبەر هاوارکردن لە خودا و دوای ئەوەش پێغەمبەران و پیاوچاکان و شەهیدان، ناوی هەندێک لەو پێغەمبەرانەش دەهێنێت، کە ئەم پێغەمبەر و پیاوچاکانە خۆشەویستی خودان، بەڵکو بە هۆی

ئەوانەوە و هانا بردن بۆیان ببێتە هۆی باران بارین، هەرچەندە لە دینی ئیسلامدا هانابردن و داوای یارمەتیکردن جگە لە خودا بە شەریک و تاوان دەژمێردرێت و کارێکی ڕێگە پێنەدراوە، بەڵام لە کۆنەوە و تا ئەم ساتەش ئەم جۆرە لە هانابردن لەناو کۆمەڵگای کوردیدا باوە، لە کۆتا بەشی شیعرەکەدا شاعیر داوا لە خودا دەکات، کە ئاژەڵان بە گشتی ئومێد و هیوایان بە تۆیە و ئێمەی مرۆڤیش بە کردەوەی خراپی خۆمان لەگەڵ نەکەیت و سۆزو میهرەبانی خۆت بڕژێنی بەسەرماندا و بارانی بە ڕەحەتمان بۆ ببارێنیێ.

## بابەتی گاڵتەوگەپ-تەنز:

گاڵتەوگەپ دەبێت ناوەڕۆکەکەی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەڵقوڵابێت و دەست بخاتە سەر برین و ئەو دیاردانەی کە زۆر جار ناکرێ یان ئاسان نییە بە ڕاستەخۆ بوترێ "ئەدەبی گاڵتەوگەپ چیرۆکێکی کورتە، بەڵام بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێز داڕێژراوە و گیانی پێکەنینی کراوە بە بەردا ئەمەش لە ڕیزی فۆلکلۆردایە ئەگەر خاوەنەکەی دیار نەبێت". (عیززەدین ١٩٧٠، ل ١٦١)، "تەنز بریتییە لە بەرهەمێکی ئەدەبی سەرنجڕاکێش کە خەڵک وە پێکەنین بخاو ڕووداوەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک وەرگیرابێ و لەو دیاردانە بدوێ کە گیروگرفت و کۆسپ لە ڕێگای ژیانی کۆمەڵدا پێک دێنن". (م ١٣٦٤، ل ٩٨)، گاڵتەوگەپیش بابەتێکی گرنگی ئەدەبییەو هەندێجار چەندین مەبەستی لە پشتەوەیە، کە شاعیر یان چیرۆکنووس بە مەبەست بەرهەمەکەی دەخاتە قاڵبی گاڵتەوگەپەوە، بۆ ئەوەی مەبەستەکانی بە خوێنەر بگەیەنێت. "تەنز شێوەیەکی هەرە دژواری نووسینە هەندێک پێیان وایە تەنز بەر لەوەی چەشنێک نوسین بێ، چەشنێک ڕوانینە". (زادە ١٣٨٠، ل ٣٢). گاڵتەوگەپ ئاوێنەیەکە کە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤ لە هەموو لایەنێکەوە ئەنوێنێ بەپێی ئەو کات و سەردەمەی تیایدا پەیدادەبێت، ناوەڕۆکی گاڵتەوگەپ زۆر بابەت لەخۆ دەگرێت وەک سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەلسەفی، کە لەوانەیە بەشێوەی ڕەخنەیەکی کاریگەر، باری نالەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری...کۆمەڵگا بخاتەڕوو، هەروەها خستەڕووی ژیانی هەژاران، یان ڕەخنەگرتن بێت لە جیاوازی چینایەتی یا چەوسانەوی خەڵک لەلایەن دەسەڵاتەوە. (رسول ١٩٨٩، ل ١٦٧).

ئامانجی سەرەکی گاڵتەوگەپ چاککردنەوەی هەڵەو کەموکورتییەکانی کۆمەڵگایە بەرەو باشتر، هەر ئەمەش وای لە شاعیران کردووە لە ڕێگەی گاڵتەوگەپەوە مەبەستە شاراوەکانی پشت پەردە دەربخەن، کە لە ڕێگای گاڵتەوگەپەوە باشتر و بوێرانەتر ئەو بابەتانە دەردەبڕدرێت و جوانییەکیش بە دەقەکان دەبەخشیێ، ئەگەر چاوێک بە پەڕەکانی ئەدەبی کوردیدا بخشێنینەوە ئەوا دەبینین بابەتی گاڵتەوگەپ لای شاعیران و نوسەران جێگەی گرنگی و بایەخ بووە، شاعیرانی کلاسیکی کوردیش ئەم بابەتەیان فەرامۆش نەکردووە و لە پەڕەی شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە و بابەتی گاڵتەوگەپیان کردووە بە یەکێک لە باسەکانی ڕۆژگاری ئەو کاتەی کۆمەڵگای کوردی، تا لە ڕێیەوە بگەن بەو مەبەست و ئامانجانەی کە دەیانەوێت.

ئەدەبی زاری گۆرانیش وەک بەشێکی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بێبەش نییە لە بابەتی گاڵتەوگەپ، هەندێک لە شاعیرانی ئەم زارە گرنگیان بە گاڵتەوگەپ داوەو کردویانە بە بەشێک لە شیعری ناو دیوانەکانیان، یەکێکیش لەوانە مەلای جەبارییە، کە ئەم بابەتەی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو لە ڕێگەی گاڵتەوگەپەوە چەند مەبەستێکی دەربڕیوە کە شاعیر وای پێ باش بووە یاخود وا پێویست بووە گاڵتەوگەپ بکاتە یەکێک لە بابەتەکانی ژیانی.

لە یەکێک لە شیعرەکانیدا گوایە ئافرەتێکی خەڵکی ئاوایی (باوە) بە ناوی (ڕەیحان) خەوێک دەبینێت و دێت بۆلای شاعیر بۆی لێکبداتەوە، شاعیریش بەم جۆرە گفتوگۆی لەگەڵ دەکات.

مەلای جەباری لە شیعری (خەوەکەی پورە ڕەیحان)دا دەڵێت:

مەلا تاڵای من، مەلا تـــــــاڵای من

بنوارە کتێب پەی وە تـــــــاڵای من

هۆرمێکم دییەن وێم بـــــــەو وێمەوە

ئەر خێر بێ ئەر شەڕ هـــــاتە ڕێمەوە

دیم مشەمش دێت لە خـــــوار جێمەوە

هێواش هـــــــــــۆریـــزا نیا پێمەوە

...

ئەوساکە زانـام عەمەلم شــــــەڕ بی

دەس بردم دیام ناو گەڵم تـــــــەڕ بی

دەخیلم مەلا تو خـــــودای کـــــــەریم

تەعبیر ئەی خــەوە بیکەرە پـــــــەریم

شاعیر بەم جۆرە و لە شێوەی گاڵتەوگەپ خەونەکەی پورە (ڕەیحان) و لێکدەداتەوەو دەڵێت:

مەلا وات ڕەیحان جە تۆ پەنهانـــــــن

تەقدیر قـاپی ذات سوبحانــــــــــــن

یە خەو قەبیح بەری بەیانــــــــــــت

ئیظهاری نـەکەی سڕ پەنهانــــــــــت

ئەگەر ئەی خەوە بەکـەری ئیظهـــــار
نام بەد نامت مـەلۆ شار و شـــــــار
ئەگەر بزانە قـەوم و بێگانــــــــــــە
مەبی بە واتەی پــەند زەمانـــــــــــە
ئانە من زانام با نـەزانۆ کـــــــــەس
وێت مەکەر غـەنیم مارتنـــێ وە دەس
تۆ قایم بگرە جـڵەو زوانـــــــــــــت
یـە چـون خەوێکە قــوڕ وە باوانـــــت
دەرمـانی هەنە جەلای مـامەی وێـــــت
یەکێ مەواچۆن بیکەرە پــەی وێـــت
مشتێ نە چوعان پای جەوەڵ نـاســـاز
یەک گوێلێ باروت پەنج سەلک پیاز
دە مسقاڵ نمەک بـەعزێ زەنجەفـیـل
ئامێتە بـکە هەموو وە فــتیـــــــــل
وورد وورد بیکوتە لە دەستەو هــــــاوان
وە پێش هەڵیگرە ئەی میمکە ڕەیحـــان
ئێش زامانت مەکزێنێتـــــــــــــــەوە
ئیتر کـەس وە شەو نانا پێتــــــــەوە
هـەنی خـــەو پیس شووم قەســــــاوەت
نابینی وەچاو تـا وەقیـــــــــــــامــــەت. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٤٧-١٤٨-١٤٩-١٥٠).

دیارە پورە (ڕەیحان) جۆرێک لەو خەونانەی بینیوە کە زۆرێک لە مرۆڤی پێگەیشتوو لە ژیانیدا دەیبینێت، خەونەکەش جۆرێکە لە گەیشتن بە خۆشی و چێژی سێکسی، جا کاتێک پورە ڕەیحان ئەم خەوە دەبینێت دێت بۆلای مەلای جەباری بۆی لێکبداتەوە دەڵێت: مەلا خەونێکم دیوە نازانم خێرە یا شەڕ دێت بە ڕێمەوە، بینیم لە بەشی خوارەوەی جەستەم بە لەسەرخۆیی شتێکم پێوە دەنێن مەبەست لە کاری جووت بوونە، دواتر پورە ڕەیحان

دەڵێت: نەمزانی دێو بوو یا پەری! دواتر دەڵێت: بە دڵنیاییەوە شەیتان بووە، کە کارێکی وای لەگەڵ کردم دەخیلت بم مەلا ئەم خەوەم بۆ لێکبدەرەوە، مەلاش بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێز جوابی دەداتەوە و پێی دەڵێت: تکایە ئەو خەوە ناخۆشەی بەری بەیانت باس نەکەی و بە نهێنی بیهێڵەوە، چونکە بە باسکردنی ئەبیتە جێگەی لۆمەی کەسوکار و شار و ئەتکەنە پەندی زەمانە، ئەوە چۆن خەوێکە قور بەسەرت ئەوەی من زانیم و گوێم لێ بوو با کەس نەزانێ زمانی خۆت توند بگرە، چارەسەری ئەم خەوە لای منە، مەلا مەبەستی ئەوە بووە پورە ڕەیحان خەوی وا نەبینێتەوە بەڵام پێویستە ئەم شتانە بکات، هەندێک (چوغان)[1]و باروت و پێنج سەلک پیاز و هەندێ نمەک و زەنجەفیل، گشتی تێکەڵ بکە دواتر بیکوتە لە ناو هاوانا و بە پێشەوەت هەڵێگرە بۆ ئەوەی ئەو حەزو ئارەزووەت کەمبێتەوە و کەس بە شەوان نەیەتە خەوت و کارێکی وات لەگەڵ بکات، ئیتر خەوی شوومی لە جۆرە نابینی بەچاوت تا کۆتایی تەمەنت.

شاعیر لەڕێگەی شیعرێکی گاڵتە ئامێزەوە جوابی پورە ڕەیحانی داوەتەوە، ئەم شیعرە گاڵتەوگەپە دەشێ تەنها بۆ پێکەنین و خەندە خستنە سەر لێو دەری بڕیبێت، لەبەرئەوەی لە باسکردنی چارەسەرەکەدا وا دەردەکەوێت، بەڵام لەپشت ئەم گاڵتەوگەپەوە کۆمەڵێ پەند و ئامۆژگاری باشی تێدایە، لەوانەش وەک ئەوە ئێمەی مرۆڤ ناکرێ هەندێک شتی تایبەت بە خۆمان باس بکەین بۆ هەندێک لە خەڵکی جا ئەو خەڵکانە گەر خزم و کەسوکاری نزیکیشت بن، دواتر دەبێتە عەیبەیەک لەسەرت و تا مردن بەچاوی ئەو کەسەی دەدەنەوە، جا باشتر وایە نهێنییەکانی مرۆڤ لای خۆی بمێنێتەوە ئەگەر هاتوو باس نەکردنی ئەو نهێنیانە نەبێت بە کێشە بۆی، چونکە هەندێکجار باسکردنی نهێنی شتێکی باشەو دەبێتە هۆی دۆزینەوەی چارەسەرکردنی بابەتەکە.

مەلای جەباری لە شیعرێکی تری گاڵتە ئامێزدا دەڵێت:

وەک قەومی لوتن ئەهلی جەباری

دایم ئامادەن بـــــــۆ میوانداری. (مەلای جەباری ١٩٦٨، ل ٩٠).

شاعیر ئەمەی بەڕووی کەسێکدا تووە کە پێشتر نیازی میوانداری شاعیری هەبووە، جەبار جەباری ڕای وایە، مەحمود پاشای جاف کاتێک بەچەند سوارێکەوە لە کوێستانەوە دێت بۆ ناوچەی گەرمیان نزیک ئاواییەکەی ماڵی مەلا دەبێتەوە و پیاوێک وەک هەواڵدەر ئەنێرێ بۆ لای مەلا و پێی دەڵێت: بڕۆ بە مەلا بڵێ (بەنان و گانەوە میوانین)، پیاوەکەش کاتێک دەگاتە لای مەلا شەرم لە مەلای ڕیش سپی دەکات، بەڵام بە هەر جۆرێک بووە مەلا قسەکەی پێ درکاندووە، پاشان مەلا بەو دێـڕە شیعرەی سـەرەوە وەڵامی داوەتـەوە. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ٩٠)، هەندێکیش پێیان وایە ئەو کەسە (وەسمان پاشای جاف) بووە نەک مەحمود پاشا، پێش گەیشتنیان بە ماڵی مەلا ئەو قسەیەی لەسەر پارچە کاغەزێک بە سوارێکدا بۆ مەلا دەنێرت مـەلاش لەسەر هـەمان پـارچە کـاغەز بـەو دێـڕە شیعرەی سـەرەوە وەڵامـی بۆ وەسمان پـاشا نـاردۆتـەوە.

[1] جۆرە گژوگیایەکە.

(خاڵۆبازیانی ۲۰۱۰، ل ٤٧-٤٧)، پێدەچێت مەلای جەباری و ئەوەی، کە نامەکەشی نوسیوە بۆ مەلا مەبەستیان تەنها خۆشی و پێکەینی و گاڵتەوگەپ بوبێت و هیچ مەبەستێکی دیکەی لە پشتەوە نەبوبێت، چونکە ئەو ڕەفتارە لە ئاکارو ڕەوشتی مەلا و خەڵکی ناوچەکەش دوور بووە، مەلا گاڵتەوگەپەکانی لەگەڵ کەسە نزیک و دۆستەکانی بووە بەتایبەت مەحمود پاشای جاف. "دەگێرنەوە ڕۆژێکیان مەحمود پاشای جاف هەر بۆ زەوق و گەمەکردن گایەکی پیرو لاواز و بێ هێز بە دیاری بۆ مەلای جەباری دەنێرێت، مەلاش بەم هۆنراوەیە وەڵامی دیارییەکی دەداتەوە". (کاکەیی ۲۰۰۵، ل ۲۳).

شاعیر لە شیعرەکەدا کە بە شێویەکی ڕەخنە و گاڵتە ئامێز وەسفی ئەو دیارییە دەکات کە بۆی هاتووە.

مەلای جەباری لە شیعری (دیارییەکەی پاشا)دا دەڵێت:

پاشام گا مارۆ، پاشام گا مـــــــــــارۆ

بۆت بکەم تەعریف وێت گامـــــــــــارۆ

سەد کەرەت وتەن هێزەرەو ئـــــــــــــارۆ

وە سەرت قەسەم خۆی خـــــــــاس نەدارۆ

گایەکم مـــــەبۆ جووانە گـــا بـــــــــــــۆ

مل کوڵ سینە پان هەم پیاڵە چا بـــــــۆ

گاڵباخی زگ زل ناف چە زەوی بـــــــۆ

سیم سیاو دەم شۆڕ چوارپەل قەوی بـــــۆ

نەک لاشەی بێ ڕوح هەنامش گا بـــــۆ

لە جفت بێزار بۆ، خەنیم وە کا بـــــــــــۆ

نەک خەتێ بلۆو دوو خەت بخەفـــــــــۆ

هەنگامێ بلۆ چینێ بکەفـــــــــــــــــۆ

نەک ڕوح بێ پەروا جە مەهانە بـــــــــۆ

پۆستش وە سەودای دەبەخانە بـــــــــــــۆ

نەک پیرەی سەد ساڵەی رزیای مەعدوم بۆ

گۆڕ ساڵەی عەیام میر مەرحووم بـــــــــۆ. (مەلای جەباری ۲۰۱۸، ل ۱٥۳).

وەک بە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا دەردەکەوێت، شاعیر لە سەرەتاوە (مەحمود پاشا) بە گایەکە وەسفدەکات و دەڵێت: ئەو گایەی بۆت ناردووم کەڵکی جووت کردنی نییەو لە پیری سەد ساڵە دەچێت و هەر خەریکی کا خواردنە و هیچ سیفەتێکی باشەی تێدا نییە، چۆن خۆت بە کەڵکی جوت نایەی ئەویش وایە، من گایەکی باشم ئەویٚ کە بەکەڵکی جووت بێت، پێدەچێت مەحمود پاشای جاف حەزی بە کاردانەوە و گاڵتەوگەپی مەلای جەباری بوویێ، بۆیە بە شێوەی ئەنقەست ئەو گایە بێکەڵکەی بۆ ناردووە، یاخود دیارییەکە بە شێوەی ئاسایی و بیٚ مەبەست بووە، بەڵام مەلا ئەم دیارییەی بە شتێکی باش و گرانبەها وەسفنەکردووە، بەڵکو پێی وایە زۆر بێکەڵکە.

دووبارە شاعیر لە شیعرێکی تردا گاڵتەوگەپ لەگەڵ مەحمود پاشای هاوڕیٚ و دۆستی خۆی دەکات.

شاعیر لە شیعری (مەحمود پڕ جوود)دا دەڵێت:

مەحموود پڕ جوود، خەزنەوی تـەرزەم

کیاناویت جلیٚ پەی دەفع لـــــــەرزەم

ڕەزام وە قەزای ئـەو سوڵتانـــــــەوە

ئەرسەد مەجروح بـام وەو پاڵانـــــەوە

....

خوداوەند ئەزەل نیک و بەدشـــــــانا

پەی تۆ تەوق زەڕ پەی من جل کیانا. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٥١-١٥٢).

لە پاش ناردنی فەرەنجییەکی شڕ لەلایەن مەحمود پاشای جافەوە بۆ مەلای جەباری، مەلای جەباری ئەمەی پێناخۆش دەبێت و لەڕێگای گاڵتەوگەپەوە وەڵامی دیارییەکە دەداتەوە، ڕەنگە مەحمود پاشا وەک گاڵتەوگەپێک ویستبێتی کاردانەوەی مەلا ببیستێتەوە، بەڵام مەلا لەپاش وەسفێکی جوان، کە مەحمود پاشای بە سوڵتان مەحمودی غەزنەوی چواندوە، دواتر داشۆرینی دەکات و دەڵێت: ئەسپ پشتی بریندار بووە لەژێر ئازاری باردا و تەوقی ئاڵتونیش بە ملی کەرەوەیە، مەلا خۆی بە ئەسپ و مەحمود پاشای بە کەر وەسفکردووە، ڕەنگە مەلاش هەر بۆ خۆشی و پێکەنین ئەم وەسفەی کردبێت، چونکە ئەوان دۆستی یەکتر بوون.

**بابەتی داشۆرین-هەجوو:**

مەبەست لە داشۆرین ئەوەیە، کە کەسی بەرامبەر بە وتەی نەشیاو لە زۆربەی بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا دابماڵی بە مەبەستی ڕیسواکردن و کەمکردنەوەی ڕێزو شکۆی ئەو کەسە، بابەتی داشۆرین دەکرێت لە ڕێگەی قسەی ڕۆژانەی خەڵکییەوە، یاخود لە ڕێگەی پەخشانەوە دەرببڕدرێت، بەڵام ئەم بابەتە لە شیعردا تایبەتمەندی

خۆی هەیە چ لەڕووی زمان و چ لەڕووی ناوەڕۆکەوە، کە تیایدا زۆربەی وشەو دەستەواژە قەدەغەکراوەکان بەکاردەهێنرێت بەبێ هیچ سنورێک بە مەبەستی ڕیسواکردنی کەسی بەرامبەر جا بەهەر هۆکارێک بێت.

داشۆرین بریتییە لە داماڵینی هەرچی ڕەوشتی باش هەیە لەو کەسەی، کە شیعرەکەی دەربارە وتراوە، وە باسکردنی بەهەرچی ڕەوشتی خراپە. (فروغ ١٩٧٨، ص ٨). داشۆرین ئەو وەسفەیە کە مەبەست لێی ناشیرین کردن و سوک و ڕیسواکردنی کەسانی بەرامبەرە لە ناو کۆمەڵگادا، جا تاک بێت یان کۆمەڵ سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی و ئایینی و دەسەڵات...کە لە ڕێگەی دەربڕینی وشە تابووەکان بێت یا ئەو وشانەی کە مرۆڤی پێ سوک دەبن. داشۆرین بە پێچەوانەی پیاهەڵدانە، واتە دەرخستن یا دروستکردنی خوڕەوشتی خراپ، بۆ ئەو کەسەی ڕیسوادەکرێت، شاعیر لەم بابەتە شیعرییەدا مەسەلە گەورەدەکات و وشەو ڕستەی جوێنکاری بەکاردەهێنێت، دیـارە ڕسواکردن ناچێتە ناو خانەی ڕەخنەوە، بەڵام هەموو جۆرە وردەکاری و جوانکاری تێدایە. (خەزنەدار ٢٠١٠، ل ١٩٨-١٩٩)، داشۆرین بریتییە لە دەرخستن و پیشاندانی لایەنی کەموکوڕی کەسێک یا هەر شتێک کاریگەری هەبێت لەسەر ڕەوشت و حاڵی کەسی داشۆراو، کە سەرئەنجام داشۆرینەکە ناشیرینی دەکات. (مصطفی، بن زیاد، عبالقادر، النجار ١٩٨٩، ص ٩٧٥).

سەرەڕای ئەوەی داشۆرین-هەجوو خوو ڕەفتارێکی ناشیرین و بێزراوە، بەڵام لە شیعری هەندێک لە شاعیراندا بوونی هەیە، شاعیری موسڵمان و لەخوا ترسی ناسراوی وەک (بوصیری)ە خاوەنی قسصیدەی (بوردییە) کە زۆر بەناوبانگ و ناسراوە و سەرانسەری قەسیدەکەی لە مەدح و ستایشی پێغەمبەردا بووە درودی خوای لەسەربێ، بەڵام وازی لـە بـابەتی داشـۆرین نەهێناوەو لـــەو مەیدانەدا دەستێکی باڵاو زمـــانێکی پاراوی هەبـــووە. (علی ١٩٨٢، ل ١٨٨)، ئەم جۆرە شیعرە لە ئەدەبی زۆربەی گەلاندا بوونی هەیە و ئەدەبی کوردی و عەرەبی و فارسی... گرنگیان بەم جۆرە شیعرە داوە، لە نموونەی شاعیرانی بەناوبانگی کلاسیکی کورد وەک شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شوکری فەزڵی، کە شێخ ڕەزا وەک سەرمەشق و لوتکەی داشۆرینی ئەدەبی کلاسیکی کوردی تەماشا دەکرێت، بەڵام پێش شێخ ڕەزا هەجوو لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا هەبووە بە تایبەت لە ئەدەبی زاری گۆران، نموونەش شاعیرانی وەک: (عەبدوڵا حەسەن)[1]، (میرزا ئەولقاری پاوەیی)[2]، (خەلیل منەوەر)[3]، ...هتد.

---

١) بڕوانە(علی ٢٠١١، ل ٢٦١-٢٦٢).

٢)بڕوانە (قەرەداغی ٢٠٠٤، ل ٢٣٦).

٣) بڕوانە(کاکەیی ٢٠٠٦، ل ٢٤٧).

مەلای جەباری لە یەکێک لە شیعرەکانیدا داشۆرینی براژنی خۆی دەکات.

شاعیر لە شیعری (هاجەر خان[1])دا دەڵێت:

هەرچەند نێرەکەر گل و گۆمی یـــــە

هەر چەن ئەسپ بەن ئاغای ڕۆمی یە

سێ باتمان تورش، دوو بــــاتمان پیاز

ئاوەگەرەکەی پای جەوەڵ نــاســــــاز

تێکەڵی بکەی لە ناو هاوانـــــــــــا

بیساویتە قن هــــاجەرە خانـــــــــا

بیدەن لە دەفتەر دار و نـــــــــــەدارا

هەرچەندە حوشتر جربە هـــــــــاوارا

شیر خوشلیک دۆشاو مار گـــــــــیر

ئاڵەت و بیبەر زەنجەفیل و ســــــــیر

دووبـارە بیکوتی لە ناو هاوانـــــــــا

بیساویتە قن هـــــاجەرە خانـــــــــا

نەوەک ئەی زامە تەشەنە کـــــــەرۆ

دواجار داو دەرمان فرە بـــــــــــوەرۆ. (مەلای جەباری ٢٠١٨، ل ١٤٥-١٤٦).

ئەم (هاجەرە) خانەی مەلا داشۆرینی کردووە براژنی مەلای جەباری بووە، مەلا ئەوی بە هۆکاری خراپی پەیوەندی نێوان خۆی و سەید قادری برای زانیوە، بۆیە لە ئەنجامی ئەمەدا مەلا هەجووی دەکات و بەو جۆرە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، دیارە هاجەرە خان مەلای زۆر ئازار داوەو بووە بە ئاشوب و ئاژاوەگێڕی نێوان خێزانەکەی، بۆیە ئەویش لە داشۆرینیا دەڵێت: تورش و پیاز و ئاوی گەرِ مەبەست لە ئاوێکی ترش و بۆن بۆگەنە ئەمانە پێکەوە لە ناو هاوان بکوتی و بیدەی لە پاشی هاجەرەخان، دیسان دەڵێت: شیر و دۆشا و ئاڵات و بیبەرو زەنجەفیل، کە سەرجەمیان دەبنە گیراوەیەکی تیژ دوبارە بیکوتی لە ناو هاوانا بیدەی لە پاشی هاجەرەخان، مەلا لە کۆتاییدا دەڵێت: نەوەک ئەو زامەی تەشەنە بکات، کە مەبەستی لە خراپییەکانێتی نەکا خراپەی زیاتر بکات

---

[1] ) هاجەرە خان براژنی مەلا فەتاحی جەباری بووە. (جباری ١٩٦٨، ل ٦٤).

با ئەوانە وەک چارەسەر و داودەرمان بەکاربهێنی، بۆئەوەی واز لە خراپەو فیتنە بهێنێ، مەلا لە ڕێگەی داشۆرینەوە ئەو داخ و خەمەی خۆی دەربڕیوە کە بەرامبەر هاجەرە خانی براژنی هەیبووە و پەردەی لەسەر ئەو کلتورە هەڵماڵیوە، کە دابونەریتی کۆمەڵگای کوردەواری ڕێگەی پێنادات ئەگەر بەرامبەر خەڵکی بێگانەش بێت چ جای کەسێک لە ناو خێزانەکی خۆت بێت و براژنی خۆت بێت.

شاعیر جگە لەم بابەتە شیعرییانەی، کە باسکران کۆمەڵێ بابەتی تری وەک نامەی شیعری و سکاڵا لە نسیبی...هتد، لە شیعرەکانییدا بەرچاوەدەکەون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو بابەتانەی ئاماژەمان پێکردووە زیاتر لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە و ئەوەی پێویست بووە لە بارەیانەوە شیکردنەوە و ڕاڤەی پێویستیان بۆ کراوە.

## ئەنجام:

١- مەلای جەباری یەکێکە لە شاعیرە پایەبەرزەکانی زاری گۆران و شێوەزاری ماچۆ لە ناوچەی کەرکوک، کە تواناو لێهاتوویی لە نووسینەوەی شیعرەکانیدا دەبینریٚ، چونکە نوسین بە زارێک کە زاری قسەکردن و گفتوگۆی ڕۆژانەی خۆت نەبێت، کارێکی ئاسان نەبووە.

٢- زۆرترین چامەی شیعری مەلای جەباری پەیوەستە بە بابەتی خۆشەویستی (دڵداری) ڕاستەقینەوەوە، مەلا هێندە شەیدای عیشق و خۆشەویستی بووە، کە زۆرجار ژیانی خۆی بە داستانە بەناوبانگەکانی وەک شرین و فەرهاد و لەیل و مەجنون ... چوواندووە.

٣- سروشت، بە تایبەتی وەرزی بەهار، ئەو دنیا جوانە بووە، کە مەلای جەباری هێندە بەلایەوە سەرنجڕاکێش بووە، کردویەتی بە دەیان تابلۆ و وێنەی هونەریی جوان و لە ڕێگەی شیعرەوە پیشانی خوێنەروو بیسەری داوە، بە جۆرێک دەکرێت بڵێین مەلا دوای خۆشەویستەکەی عاشقی سروشتی جوانی کوردستان بووە، مەلا سروشتی بەهاری بە بەهەشت و جوانی و ناسکی خۆشەویستەکەی بە شتە بەنرخ و جوانەکانی ناو سروشت چوواندووە.

٤- مەلای جەباری جگە لە بابەتی خۆشەویستی و سروشت، بابەتەکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و گاڵتەوگەپ و .... هتد لە ناو شیعرەکانیدا دەبینرێن، کە سەرجەمیان ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتیەن کە شاعیری تیادا ژیاوە، شاعیر وەک ئەزمونێک سودی لە گیروگرفت و خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی و کۆمەڵگاکەی وەرگرتووە، بە جۆرێک لە ناو دەقە شیعرییەکاندا ڕەنگدانەوە بارودۆخەکان دەبینرێن.

٥- مەلای جەباری وەک بەشێک لە شاعیرانی زاری گۆران شیعری داشۆرینی نوسیوە، ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە ناو شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

٦- زمانی شیعری مەلای جەباری سادە و ساکارە، لەگەڵ ئەوەشدا شارەزایەکی بەتوانا بووە لە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا، بە تایبەت هونەری لێکچوواندن و خواستن و بابەتەکانی تری جوانکاری، زمانەکەی نزیک دەبێتەوە لە زمانی شیعری فۆلکلۆری کوردییەوە، کاریگەری کرمانجی خوارووی تێدا دەبینرێت، هەروەها کاریگەری زمانی فارسی و عەرەبی زۆر بە ڕوونی لە نێو شیعرەکانیدا هەستی پێدەکرێت.

٧- کێشی شیعرەکانی مەلای جەباری بڕگەیین، واتا کێشی خۆماڵین، ئەو کێشەی بە پەنجەیی یا بە کۆنترین کێشی ڕەسەنی کوردی ناودەبرێت، سەرجەمی شیعرەکانی مەلای جەباری بە کێشی دە بڕگە نوسراون، بەجۆرێک وەستانیان لە ناوەڕاستەوەیە، ئەمەش ئاوازێکی خۆشی دروستکردووە.

٨- سەروای شیعرەکانی مەلای جەباری جووت سەروا و سەروای یەکگرتوون، مەلا لە شیعرەکانیدا سەرواکانی تێکەڵ بەیەک کردووە، واتا لە هەموو شیعرەکانیدا یەک جۆر شێوازی بەکارهێنانی سەروای پەیڕەو نەکردووە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### کتێبی کوردی:


ئاگرین، عەبدوڵڵا. (٢٠١٣)، **چەپکێ خوێندنەوە بۆ چەند بابەتێکی ئەدەبی.** چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ئوسلیان، فازڵ. (٢٠١٥)، **ناسنامەی زمانی کوردی.** سوید.

ئیبراهیمی، محەمەد ساڵح. (٢٠٠٠)، **زانایانی کورد.** چاپخانەی ئەندێشە، سەقز.

ئەبوبەکر، هەڤاڵ. (٢٠٠٧)، **چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژیان و ژین"دا.** چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

ئەحمەد، کازم. (٢٠١٣)، **جوگرافیای کەلتووری ناوچەی جەباری.** چاپخانەی کارۆ، کەرکوک.

ئەحمەد، کازم. (٢٠١٩)، **لە پەراوێزی ئەنفالی سێدا گوندی کوڵەبان بە نموونە.** ناوەندی سارا، سلێمانی.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد. (٢٠٠١)، **فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی.** چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

ئەمین، بورهان محەمەد. (٢٠٠٤)، **تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان.** بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر.

ئەمین، عەبدولقادر محەمەد. (٢٠٠٢)، **وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردیدا.** چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

ئەمین، محمد. (٢٠٠٤)، **گوڵزاری هەورامان.** بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا. (٢٠١٢)، **بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین.**کتێبی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی الدار العربیة للعلوم-ناشرون، بیروت، لبنان.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا. (٢٠١٥)، **بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین.** کتێبی یەکەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی الدار العربیة للعلوم-ناشرون، بیروت، لبنان.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا. (٢٠١٩)، **بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین.** کتێبی یەکەم، بەرگی سێیەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی.

ئەمینی، محەمەد ڕەشیدی. (٢٠١٢)، **کەشکۆڵی هەورامان.** چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ا.م مینتیشا، شڤیلی. (١٩٩٩)، **کورد.** وەرگێڕانی عیزەدین مستەفا ڕەسوول، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

اسماعیل، زبیر بلال. (١٩٨٤)، **مێژووی زمانی کوردی.** وەرگێڕانی یوسف رؤوف علی، دار الحریة للطابعه-بغداد.

بایز، ئەرسەلان. (٢٠٠٣)، **سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین.** چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

بدلیسی، شەرەفخان. (٢٠٠٦)، **شەرەفنامە.** وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، چاپی سێهەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

بۆرەکەیی، سدیق. أ (٢٠٠٨)، **مێژووی وێژەی کوردی.** بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر.

بۆرەکەیی، سدیق. ب (٢٠٠٨)، **مێژووی وێژەی کوردی.** بەرگی دووەم، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر.

بیمار، عەبدولرەزاق. (١٩٩٢)، **کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی.** دار الحریة، بغداد.

بەسیر، کامل حەسەن. (٢٠١٥)، **مێژووی ڕەخنەسازی.** چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.

بەهمەنی، هادی. (٢٠٢٠)، **پەیامی هەورامان.** چاپی پێنجەم.

پارسا، سەید ئەحمە. (١٣٩٧)، **ڕوونبێژی.** چاپخانەی نالی، سنندج.

پوور، عادل محمد. (٢٠١٠)، **سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شیعری کوردیدا.** چاپخانەی ڕۆشنبیریی، هەولێر.

تابانی، حەبیبوڵڵا. (٢٠١٠)، **هاونەتەوەیی کورد و ماد.** وەرگێڕانی جەلیل گادانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی.

تارا، محمد دەشتی. (٢٠١٥)، **کورد و ناوچە کورد نشینەکان لە کتێبی (معجم البلدان)ی یاقوت حەمودی.** چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

تۆفیق، زرار سدیق. (٢٠٠٨)، **چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی مێژووی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاستدا.** چاپخانەی خانی، دهۆک.

تۆفیق، زرار سدیق. (٢٠١٠)، **هۆزو دەسەڵاتە هۆزەکییە کوردییەکانی چاخی ناوەڕاست.** وەرگێڕانی ئیدریس عەبدوڵا مستەفا، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی هاوسەر، هەولێر.

جاف، ئەنوەر قادر. (٢٠٠٨)، **چەند وتارێکی کوردناسی.** چاپخانەی شڤان، چاپی سێیەم، سلێمانی.

جباری، سمکۆ. (٢٠٠٤)، **کۆی بەرهەمە کوردییەکانی نووسەری شەهید جەبار جەباری.** چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

جباری، عبدالجبار محمد. (١٩٦٨)، **دیوانی مەلای جەباری.** چاپخانەی شارەوانی، کەرکوک.

جۆیس بلاو، ک. ئالیسۆن، ف. ک. برۆییک. (٢٠١٦)، **سێ وتار لەسەر ئەدەبیاتی کوردی.** انتشارات علمی کالج، وەرگێڕانی حسێن محەمەد زادە، سنە.

جەباری، شێخ سەردار. (٢٠٠٦)، **کەرکوک بۆ مێژوو دەدوێت.** چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

جەباری، شێرزاد. (١٩٧٠)، **گوڵزار.** چاپخانەی شارەوانی، کەرکوک.

جەباری، کازم. (٢٠٢٠)، **کتێبی شیعری جەنگساز.** چاپخانەی سارا، سلێمانی.

حاجی مارف، ئەورەحمان. (١٩٧٤)، **چی لەبارەی زمانی کوردی-یەوە نووسراوە.** بەغدا.

حسێن، جەبار ئەحمەد. (٢٠٠٨)، **ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠-١٩٧٠).** چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

حسێن، فوئاد. (١٩٩٠)، **ئافرەت لە هۆنراوەی کوردی دا.** چاپخانەی الجاحظ، بەغداد.

حمد، عبدالله خضر. (٢٠١٨)، **دیوانی مەحوی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری.** چاپی چوارەم، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

حەسەن، کامل. موکریانی، کوردستانی. بهائەددین، سادق. هەورامانی، حەمە ئەمین. (١٩٨٧)، **زارە کوردییەکان.** مطبعة جامعة صلاح الدین.

حەمەتۆفیق، ڕێبوار. (٢٠١٩)، **دیوانی مەلا پەرێشان.** چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

حەمەساڵح ، عیزەت فەتاح. (٢٠٠٦)، **هەورامان.** سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

حەمەخان، نوری فارس. (٢٠٠٤)، **عەروزی کوردی.** چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

حەمەڕەش، سۆران. (٢٠١٣)، **کورد کێیە.** لەندەن.

خدر، عومەر. (٢٠١٤)، **میرنشینی ئەردەڵان.** چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

خورشید، فوئاد حەمە. (٢٠٠٨)، **زمانی کوردی و دیالێکتەکانی.** دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

خەزنەدار، مارف. (١٩٦٢)، **کێش و قافییە لە شیعری کوردیدا.** چاپخانەی الوفاء، بەغداد.

خەزنەدار، مارف. (٢٠٠١)، **مێژووی ئەدەبی کوردی.** بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

خەزنەدار، مارف. (٢٠٠٢)، **مێژووی ئەدەبی کوردی.** بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

خەزنەدار، مارف. (٢٠٠٣)، **مێژووی ئەدەبی کوردی.** بەرگی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

خەزنەدار، مارف. (٢٠١٠)، **مێژووی ئەدەبی کوردی.** بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

خەزنەدار، مەعروف. (١٩٥٧)، **دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ (صاحێبقڕان).** چاپخانەی ئەسعەد، بەغداد.

خەیات، کاروان عوسمان. (٢٠١٦)، **دیوانی خانای قوبادی.** بڵاوکراوەی شوان، سنە.

دزەیی، عەبدولواحید موشیر. (٢٠١١)، **زارە کوردییەکان.** چاپخانەی پاک، هەولێر.

رسول، شکریە. (١٩٨٩)، **ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب.** چاپخانەی التعلیم العالی، هەولێر.

رشید، خورشید. (١٩٨٩)، **ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا.** مطبعة جاحظ، بغدا.

ڕۆستەم، ئەیوب کوێخا. (٢٠٠٦)، **یارسان.** چاپ، بڵاوکراوەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، ئۆفیسی قانیع، سلێمانی.

ڕۆستەم، ئەیوب کوێخا. (٢٠١١)، **هەورامان.** چاپی سێیەم، چاپخانەی کۆردۆنیا، بڵاوکراوەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، سلێمانی.

ڕۆستەم، ئەیوب کوێخا. (٢٠١٤)، **ئازگار.**

ڕۆستەم، ئەیوب کوێخا. (٢٠١٨)، **گەوهەری ژمارەیەک لە تێکست و دەستنووسەکان.**

ڕۆستەم، ئەیوب کوێخا. (٢٠١٩)، **گۆران-وەک زمانێکی ئەدەبی.** چاپی دووەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر.

ڕیچ، کلۆدیۆس جەیمس. (٢٠١٢)، **گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان.** وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، چاپی چوارەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

ڕەسول، عیززەدین مستەفا. (١٩٧٠)، **ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی.** چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد.

ڕەسول، عیززەدین مستەفا. (١٩٧٩)، **شێخ ڕەزای تاڵەبانی.** چاپخانەی العلاء، بەغداد.

ڕەسول، عیززەدین مستەفا. (١٩٩٠)، **ئەدەبیاتی نوێی کوردی.** چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر.

زەرێ، یوسوپۆڤا. (٢٠٠٥)، **شێوەی سلێمانی زمانی کوردی.** وەرگێڕانی کوردستان موکریانی، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.

زەکی بەگ، محەمەد ئەمین. (٢٠٠٥)، **سەرجەمی بەرهەمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ.** چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

سابیر، پەرێز. (٢٠٠٦)، **ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر.** چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

ساڵح، سدیق. (٢٠٠٥)، **یادگاری لاوان و دیاری لاوان.** چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

سجادی، علاألدین. (١٩٥٢)، **مێژووی ئەدەبی کوردی.** چاپخانەی معارف، بەغداد.

سڵێوە، هاوژین. (٢٠٠٩)، **بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا.** چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

سنندجی، میرزا شکرالله. (٢٠٠٦)، **هۆز و تیرە و تایفەی کورد لە کوردستانی ئەردەڵان.** وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی، چاپخانەی بنکەی سدیق ساڵح، ژین، سلێمانی.

سەجادی، بەختیار. (١٣٩٦)، **زمان و وێژەی کوردی.** چاپخانەی گوتار، چاپی دووەم، سەقز.

سەجادی، عەلادین. (١٩٦٧)، **ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی.** چاپخانەی مەعاریف، بەغداد.

سەجادی، عەلائەدین. (٢٠٠٤)، **نرخ شناسی.** چاپخانەی مەعاریف، بەغداد.

سەعدون، سامان عیزەدین . (٢٠٠٩)، **بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا.** چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

سەعید، مەحەمەد ئەحمەد. (٢٠٠٨)، **کەرکوک و بزاڤی شیعری کوردی.** چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

سەید مینە، مستەفا. (٢٠٠٨)، **پایەی وەفای لەناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خوارووداً.** چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

شوانی، ڕەفیق. (٢٠٠٩)، **زمانەوانی.** چاپخانەی خانی، دهۆک.

صفی زادە، صدیق بۆرەکەیی. (١٣٧٥)، **مێژووی وێژەی کوردی.** چاپخانەی چهر تبریز، انتشارات نای، بانە کردستان.

عارف، حەمە کەریم. (٢٠١٠)، **شیعر کوژی، چەند پەیڤێک دەربارەی شیعر و شاعیری.** چاپخانەی ڕۆژ، کۆمەڵی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، کەرکوک.

علی، محمد. (١٩٨٢)، **کەشکۆڵی کەلەپوری ئەدەبی کوردی.** بەرگی دووەم، دار الحریة للطباعة، بغداد.

علی، محمد. (٢٠١١)، **کەشکۆڵی کەلەپوری ئەدەبی کوردی.** بەرگی حەوتەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

عومەر، موحسین، ئەحمەد. (٢٠١٢)، **لێکۆڵینەوە کوردییەکان.** چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

عەبدوڵا، ئیدریس. (٢٠١١)، **لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا.** چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

عەبدوڵا، ئیدریس. (٢٠١٢)، **جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردیدا.** چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

عەزیز، حوسێن محەمەد. (٢٠٠٤)، **یاقووت و زوومرِوتی کوردیی.** بەرگی دووەم، چاپخانەی شڤان.

عەزیز، حوسێن محەمەد. (٢٠٠٥)، **سەلیقەی زمانەوانی وگرفتەکانی زمانی کوردیی،** چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

عەلی، بەکر عومەر. حەمەئەمین، شێرکۆ. (٢٠٠٧)، **زار و شێوەزار،** چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

عەلی، دڵشاد. (١٩٨١)، **دیلان شاعیر و ئازادیخواز.** چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

عەلی، دڵشاد. (١٩٩٨)، **بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردی دا.** چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

ڤلادمیر، مینۆڕسکی ف. (٢٠٠٨)، **ڤلادمیر ف مینۆڕسکی.** وەرگێڕانی ئازاد عوبێد ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

قادر، قانع. (٢٠١٩)، **مێژووی ناودارانی کورد.** بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.

قەرەداغی، محەمەد عەلی. (١٩٨٣)، **دیوانی ڕەنجوری.** چاپخانەی أفاق عربیة، بەغداد.

قەرەداغی، محەمەد عەلی. (٢٠٠٤)، **بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە.** بەرگی شەشەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

کاکی، حەمە نوری عمر. (٢٠٠٨)، **شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا.** چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

کاکەیی، هەردەوێڵ. (٢٠٠٥)، **دیوانی مەلا فەتاحی جەباری.** چاپخانەی شڤان.

کاکەیی، هەردەوێڵ. (٢٠٠٦)، **دیوانی میرزا خەلیل منەوەر.** بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

کوردستانی، محەمەد مەردۆخی. (٢٠٠٧)، **مێژووی کورد و کوردستان.** وەرگێڕانی عەبدولکەریم محەمەد سەعید، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

کوردۆییێڤ. (١٩٧٣)، **هەندێ بیر و باوەڕی هەڵە لە بارەی زمان و مێژوی کوردەوە.** وەرگێڕانی ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

کەلاری، حسێن. (٢٠١١)، **شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی دا.** چاپخانەی یاد، سلێمانی.

کەلهوڕ، نەوزاد. (٢٠٠٨)، **ڕەهەندی ئاینی لە شیعری کلاسیکی کوردی.** چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

گەردی، سەردار ئەحمەد. (٢٠٠٤)، **بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٧١).** چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

گەردی، عەزیز. (٢٠١٤)، **کێشناسی کوردی.** چاپخانەی نارین، هەولێر.

گەردی، عەزیز. أ (١٩٩٩)، **سەروا.** چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

گەردی، عەزیز. ب (١٩٩٩)، **کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا.** چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

محمد، عبدالزاق عبدالرحمان. (٢٠٠٥)، **سەربوردێکی هەورامان و سەردانێکی تەوێڵە.** چاپخانەی مەهارەت- تاران.

محمد، محمود احمد. (١٩٨٩)، **دیوانی ئەوڕەحمان بەگی بابان.** چاپخانەی زەمان، بەغداد.

محەمەد، سافییە. (٢٠١٣)، **لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردی.** چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

محەمەد، فەرهاد عەبدولعەزیز. (٢٠١٨)، **دیوانی مەلا سەید فەتاحی جەباری.** چاپخانەی ڕێنوین.

محەمەد، ئەنوەر. (٢٠١٨)، **لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی.** چاپی چوارەم، ناوەندی بڵاوکراوەی ئەندێشە، سلێمانی.

مدرس، مەلا عبدالکریم. عبدالکریم، فاتح. (١٩٨٠)، **کۆمەڵە شیعری فەقێ قادری هەمەوەند.** چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

ملا موسی، پشتیوان. (٢٠١٥)، **تەکییەی جەباری لە بیرەوەرییەکانی حاجی سەید عومەر.** چاپخانەی تاران.

مودەڕس، مەلا عەبدولکەریمی. (٢٠٠٥)، **بنەماڵەی زانیاران.** ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنە.

مودەڕیس، مەلا عبدالکریم. (١٣٨٩)، **دیوانی مەولەوی.** انتشارات کردستان، سنە.

مودەڕیس، مەلا عبدالکریم. (٢٠٠٦)، **دیوانی مەولەوی.** دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

مێجەر، سۆن ئی. بی. (٢٠٠٧)، **چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو.** وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵا، چاپخانەی بنکەی سدیق ساڵح، ژین، سلێمانی.

میراودەلی، کەمال. (١٩٧٩)، **سروشت و جوانی لە شیعری گۆراندا.** چاپخانەی العلاء، بەغداد.

میراودەلی، کەمال. (١٩٧٩)، **فەلسەفەی جوانی و هونەر.** چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

مینۆڕسکی. (٢٠٠٦)، **مینۆڕسکی و کورد.** وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

مەجید، فازڵ. (٢٠٠٧)، **سروشت لە شیعری گۆراندا.** چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

مەردۆخ، ئایەتوڵڵا. (٢٠١١)، **مێژووی کورد و کوردستان.** وەرگێڕانی زانەر محەمەد، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

مەردۆخی، شێخ عبدالوئمینی. (٢٠١٠)، **کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی "گۆرانی".** وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی، چاپخانەی بنکەی سدیق ساڵح، ژین، سلێمانی.

مەلا ساڵح، حەکیم. (٢٠٠٦)، **یوسف و زلێخا.** چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

مەلا، ئەحمەدی. (٢٠٠٥)، **شیعر تەنیا هەر بنەمایە.** چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

مەلازادە، ڕێبوار محمد. (٢٠٢٠)، **تیۆری ئەدەبی.** ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

هەورامانی، محەمەد ئەمین. (١٩٨١)، **زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوورد دا.** دار الثقافة والنشر الكردية-بغداد.

هەورامانی، محەمەد ئەمین. (١٩٨٤)، **کاکەیی.** چاپخانەی حوادث، بەغداد.

هەورامی، حەمەکەریم. (٢٠١٣)، **مەولەوی شاعیری ئازارو خەمە.** چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

یەعقوبی، عەبدولخالق. (٢٠٠٥)، **دەنگی بلورینی دەق.** چاپخانەی ڕاز، سلێمانی.

## گۆڤار:

پوور، عادل محەمەد. (١٣٩٩)، مەولەو و نالی وەکوو هێمای دوو شێوازی جیاواز. **پژوهشنامەی ادبیات کردی.** ١، ل ٤١-٥٧.

پوور، عادل محەمەد. (٢٠٠٨)، هورمزگان سەرەتای سەرهەڵدانی لیریکای نڤیساری کورد. **گۆڤاری ڕامان.** ١٢٩، ل ١٢٦.

پوور، عادل محەمەد. (٢٠٠٨)، ئاخێزگەی جوگرافیایی – مێژوویی زوانی کوردی و پێوەندی ئەندامی هۆرامی – زازایی و ئازەری کۆن. **گۆڤاری ڕامان.** ١٣٠، ل ٨٣.

تەها، ڕەقیب سەلیم. (٢٠٠٥)، مەستورەی ئەردەڵانی. **گۆڤاری ڕامان.** ١٠٢، ل ٧٨-٧٩.

جاسم، نێچیروان. (٢٠١٩)، تێگەیشتن لە شیعری سۆفییانە. **گۆڤاری ڕامان.** ٢٧١، ل ٩٥-٩٦.

جباری، اسعد علی. (١٩٧٦)، مەلا فەتاحی جەباری. **گۆڤاری بەیان.** ١٤٣، ل ٢٣.

جەباری، کازم. (٢٠٠٥)، شاعیری بەناوبانگ مەلای جەباری لەبەر ڕۆشنای چەند دێڕێکدا. **بڵاوکراوەی ئاسودەیی.** ل ١٠.

جەباری، کازم. (٢٠١٥)، سەڵباتوو بونیادی مێژوو جوگرافیایی ناوچەیەک. **گۆڤاری سەڵباتوو.** ١، ل ١٩.

جەباری، کازم. (٢٠١٨)، لە پەراوێزی ئەنفالی سێ دا گوندی کوڵەبان بە نموونە. **ساڵنامەی ئەنفالناسی.** ٢، ل ٢١٩.

جەباری، کازم. (٢٠١٩)، کەشکۆڵی ژنێکی ناوداری ناوچەی جەباری ڕەحمە محەمەد عارف. **گۆڤاری شیکار.** ٢٨، ل ١٢١.

جەمال، کوێستان. (١٩٩٨)، سروشت و شیعری نوێ. **گۆڤاری مەتین.** ٧٩، ل ٥٩.

جەهانفەرد، سەجاد. (٢٠١٥)، زمانی کوردی و شێوە زارەکانی. **گۆڤاری ڕامان.** ٢١٥، ل ٧٨-٧٩.

حسین، فؤاد. (١٩٨٧)، زمانی شیعر. **گۆڤاری بەیان.** ١٣٤، ل ٧٠.

حسین، محمد أمین. (١٩٨٢)، مەولەوی و تێلنیشان. **گۆڤاری بەیان.** ٧٦، ل ٨.

خاڵۆبازیانی، عەلی واحێد. (٢٠١٠)، کەڵە شاعیری گەرمیان...مەلا فەتاحی جەباری. **گۆڤاری قەڵا.** ٣، ل ٤٧-٤٨.

خورشید، فوئاد حەمە. (١٩٧٦)، گۆران کێن. **گۆڤاری بەیان.** ٣٤، ل.٥.

ڕۆژبەیانی، ج.ب.ر. جەمیل. (١٩٤٥)، مەلا فەتاحی جەباری. **گۆڤاری دەنگی گێتی تازە.** ٤، بەرگی چوار، ل ٣٣٧.

ڕۆژبەیانی، ج.ب.ر. جەمیل. (١٩٤٥)، مەلا فەتاحی جەباری. **گۆڤاری دەنگی گێتی تازە.** ٥، بەرگی چوار، ل ٤٢٩.

ڕۆژبەیانی، زاهیر. (١٩٩٩)، گەشتێک بە شیعرەکانی مەلا فەتاحی جەباری دا. **گۆڤاری هاواری کەرکوک.** ٤، ل ١٢٠-١٢١.

ڕەسووڵ، سوداد. (٢٠٢٠)، شەبەکی شێوەزارێکی زمانی کوردییە. **گۆڤاری شنروێ.** ساڵی یەکەم، ٢، ل ١٨٠-٢٠٠.

زادە، عەلی ئیسماعیل. (١٣٨٠)، هەرێم و سنوری تەنز. **گۆڤاری مهاباد.** ٢، ل ٣٢.

ساڵەیی، موعتەسەم. (٢٠٠٧)، بەسەرکردنەوەی دیوانی مەلای جەباری. **گۆڤاری ڕۆژ.** ٣٤، ل ١١.

سجادی، علاءالدین. (١٩٧٥)، ئەدەبی کوردی. **گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد.** ب- ٣، ل ٩٤.

سلێمان، هەژار فەقێ. (٢٠١٤)، بنیادی وێنەی شیعری لە ڕۆمانە شیعری (گۆڕستانی چراکان) (بەنموونە هونەری میتافۆر). **گۆڤاری ڕامان.** ٢٠٩، ل ٤٥-٤٩.

سەجادی، بەختیار. (١٣٩٥)، شێوازناسیی وێژەی گۆرانی: تایبەتمەندییە سەرەکییەکان. **پژوهشنامه ادبیات کردی**، دانشگاه کردستان، سنه. ١، ل ١٢٥-١٤٧.

سەعید، محەمەد ئەحمەد. (٢٠٠٣)، بیری نیشتیمانی و گیانی نەتەوەیی لە شیعری دیالێکتی گۆراندا. **زانکۆی سلێمانی بەشی B**. ١٢، ل ١٣٤.

شوان، صلاح. (١٩٧٦)، زمان و ئەدەب. **گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ**. ٥٢، ل ٩.

شوان، ئیبراهیم ئەحمەد. (٢٠١٣)، بۆچوونە سۆفییانەکان لە دیوانی ئەحمەدی خانی. **گۆڤاری ئەکادیمیای کورد**. ٢٧، ل ١٣٣.

عارف، محمد نوری. (١٩٧٤)، تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی. **گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات**. ١٨، ل ٧٢.

عوسمان، توانا. (١٩٩٨)، گفتوگۆیەک دەربارەی چەمکی خۆشەویستی. **گۆڤاری ڕامان**. ٢١، ل ٧٣.

فەرهاد، شاخەوان. (٢٠١١)، زمانی شیعری پەشێو. **گۆڤاری ڕامان**. ١٧٢، ل ٨٨-٩١.

فەرهاد، شاخەوان. (٢٠١٥)، شیعرییەتی وێنەی شیعری. **گۆڤاری ڕامان**. ٢١٤، ل ٤٧-٥٤.

کاکەیی، هاشم. کاکەیی، هەردەوێڵ. (١٩٨٥)، ڕۆشنایی یەک بۆ مێژوو. **گۆڤاری کاروان**. ٣٨، ل ٤٨.

کاکەیی، هەیاس. (٢٠٢٠)، پیرشالیاری زەردەشتی، کولتووری دێرینی کوردەواری. **گۆڤاری ڕامان**. ٢٧٣، ل ١١٠.

م، دارا. (١٣٦٤)، تەنز چییە. **گۆڤاری سروە**. ٤٥، ل ٩٨.

محمد، مەسعود. (١٩٨١)، پایەی شیعری کوردی لە ئەدەبی کوردی سەدەی نۆزدەمدا. **گۆڤاری بەیان**. ٧٢، ل ١٤.

محەمەد، مەسعود. (١٩٨٠)، کورتەیەک دەربارەی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی. **گۆڤاری بەیان**. ٦٢، ل ٥.

موتابچی، ئەمین عەلی. (١٩٧٣)، شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی. **گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات**. ١٣، ل ١٣.

موکریانی، سەیدی حوزنی. (١٩٤٥)، بویژەکانی زەنگنە. **گۆڤاری دەنگی گێتی تازە.** ٤، ب- ٥ ل ٢-٤.

میراودەلی، کەمال. (١٩٧٣)، سروشت و جوانی لە شیعری گۆراندا. **گۆڤاری نوسەری کورد.** ٩، ل ٨٥-٨٦.

مەحمود، زانیار. (٢٠١٥)، شیعر و زمان. **گۆڤاری ڕامان.** ٢١٩، ل ١٠٥-١٠٨.

هەڵمەت، لەتیف. (٢٠١٢)، شیعری ئاینی و خوداناسی ئیسلامی. **گۆڤاری هەنار.** ٨٣، ل ٢٣.

**ڕۆژنامە:**

جەباری، کەساس. (١٩٧٤)، دیالێکتی هەورامی. **ڕۆژنامەی ژین.** ژ ١٥٠-١٥١ - ١٩٧٤/٣/٧-١٩٧٤/٤/١٤.

شێخ ساڵح، شێخ نوری. (١٩٢٦)، ئەدەبیاتی کوردی. **ڕۆژنامەی ژیان.** ساڵی یەکەم، ژ ٢٣، ل ١ - ١٩٢٦/٩/٩.

غالب، صباح. (١٩٧٩)، زمانی شیعر. **ڕۆژنامەی هاوکاری.** ژ ٤٦١- ١٩٧٩/١٢/١٢.

گۆران. (١٩٧١)، هەڵبەست، کێش و قافییە. **ڕۆژنامەی ژین.** ساڵی یەکەم، ژ ١٧، ل ٧ - ١٩٧١/٤/٧.

گۆران. (١٩٧١)، ئەو کێشە بڕگەییانەی ئێستا باون. **ڕۆژنامەی ژین.** ساڵی یەکەم، ژ ٢٤، ل ١- ١٩٧١/٥/٢٧.

**نامە:**

عەلی، صدیق ئەوڕەحمان. (٢٠١٥). **حەقیقی شاعیر- ژیان و بەرهەم**، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی- سکوڵی زمان -زمانی کوردی، سلێمانی.

**لێکۆڵینەوە و دەست نوس:**

جەباری، سەردار. **لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی شیعرەکانی مەلای جەباری.**

**سەرچاوە بە عەرەبی:**

**کتێب:**

القرأن الكريم.

ارسطو. (١٩٧٣)، **فن الشعر ارسطوطاليس**، المترجم عبدالرحمن بدوى، طبعة الثانية، دار الثقافة، بيروت.

افلاطون. (١٩٧٤)، **جمهورية افلاطون**، فؤاد، المترجم فؤاد زكريا، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب.

بو ملحم، عل. (١٩٧٠)، **فى الادب و فنونه**، المصرية، صيدا-بيروت، لبنان.

رسول، عزالدين مصطفى. (١٩٦٦)، **الواقعة فى الادب الكردى**، بيروت.

الزيدى، گاصد ياسر. (١٩٨٠)، **الطبيعة فى القرأن الكريم**. دار الرشيد للنشر، بغداد.

سى دى، لويس. (١٩٨٢)، **الصورة الشعرية**، المترجم احمد نصيف الجنابى، مالک ميرى، دار الرشيد، العراق.

الشايب، أحمد. (١٩٩١)، **الاسلوب**. مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

عبدلفتاح، دحام. (١٩٩٥)، **فى موسيقا الشعر الكردي**، مكتبة الأسد، دمشق.

العوادى، عدنان حسين. (١٩٨٥)، **لغة الشعر الحديث فى العراق بين القرن العشرين و الحرب العلمية الثانية**، دار الحرية، بغداد.

فروخ، عمر. (١٩٧٨)، **تاريخ الادب العربي**، طبعة الثالث، مطبعة دار العلم للملايين، بيروت.

قرداغى، محمد علي. (٢٠٠٤)، **هوية كركوك الثقافة والأدارية**. مكتبة المدرية العامة للثقافة والفنون، اربيل.

مصطفى، ابراهيم. بن زياد، احمد. عبدالقادر، حافد. النجار، محمد على. (١٩٨٩)، **المعجم الوصيط**، طبعة الثالث، مطبعة دار الدعوة، استنبول-تركيا.

نبز، جمال. (١٩٩٧)، **المستصعفون الكرد و اخواتهم المسلمون**، من منشورات كوردنامه، لندن.

اليافى، نعيم. (١٩٩٣)، **أوهاج الحداثه، دراسة فى القصيدة العربية الحديثة**، دمشق.

**نامە بە عەرەبی:**

صياحي، رشيد. (٢٠١٩). **دراسة أسلوبية في شعر موسى الأحمدي نويوات**، جامعة محمد بوضياف-المسيلة، جزائر.

**سەرچاوەی فارسی:**

پوور، عادل محمد. (١٣٩٢)، **طرح؛ جریان شناسی شعر کردی هورامی از ابتدا تا به امروز.** چاپخانه نشر احسان، تهران.

سجادی، بختیار. (١٣٩٠)، **ادبیات معاصر کردی.** جلد اول، دستگاه اجرایی دانشگاه کردستان، سنه.

سجادی، بختیار. (١٣٩٠)، **ادبیات معاصر کردی.** جلد دوم، دستگاه اجرایی دانشگاه کردستان، سنه.

سەجادی، بەختیار. (١٣٨٦)، **کلیات تاریخ ادبیات کردی تا اوایل جنگ جهانی اول.** طرح پژوهشی، دانشگاه کردستان، سنندج.

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

C.J. Edmonds. (1957), **Kurds turds turks and Arabs**, London.

G.R. Driver (1922), **studies in kurdish History**,**B.S.O.S**, London.

Rene Wellek, Austin Warren (1949), **Theory of Literature**, New Heven Published.

**دیدار:**

عەلی، دڵشاد. **پێگەی ئەدەبی جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی.** دیداری مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، کەلار. **٢٠٢١/٢/١١.**

**چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردن:**

جەباری، سەردار. **چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردن لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی و تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە**، سلێمانی. **٢٠٢٠/١٢/١.**

جەباری، کازم. **چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردن**، چەمچەماڵ. **٢٠٢٠/١٢/٥.**

دەوڵەت، مەریوان عومەر. **چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردن** ، سلێمانی. **٢٠٢٠/١١/٣٠.**

سەجادی، بەختیار. **گفتوگۆکردن لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی و تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە**، سنە. **٢٠٢١/٣/١.**

قادر، لهۆن. **گفتوگۆکردن لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی و تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە**، سلێمانی. **٢٠٢٠/١١/٢٥.**

کاکەیی، هەردەوێڵ. **گفتوگۆکردن لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە**، کەرکوک. **٢٠٢١/٤/٣.**

**پێگەی ئەلیکترۆنی:**

ئەکبەر، پشتیوان. (٢٠٢٠). **هەندێ زانیاری لەسەر شارەدێی قەرە حەسەن**، [ئۆنلاین]. دەست دەکەوێت لە:

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=%D9%82%DB%95%D8%B1%DB%95%D8%AD%DB%95%D8%B3%DB%95%D9%86

(ڕۆژی سەردان ٢٠٢١/٣/٨).

حەمەڕەشید، سۆران،. (٢٠٢٠). **ناوهێنانی گۆران/ هەوراميیەکان لەمێژوودا**، [ئۆنلاین]. دەست دەکەوێت لە:
http://chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare=5812&Jor=11&Jor2=79&fbclid=IwAR09goX4mMKn2SHMJrfkHS8K-W8VU1A4MNPN8lFuqMwDHZ9eLT5O7PCtb-o

(ڕۆژی سەردان ٢٠٢٠/١٠/٢٠).

جەباری، ستار. (٢٠١٩). **مەلای جەباری یەکەم ڕۆشنبیری کورد بوو کە بۆ یەکەین جار سەردانی ئیستامبوڵی کرد**، [ئۆنلاین]. دەست دەکەوێت لە:
http://wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=74078&Jor=5#.XOLgRoB8mD8.facebook

(ڕۆژی سەردان ٢٠٢٠/١١/١٨).

نادیار (نادیار). **بنەچەی گۆرانەکان**، [ئۆنلاین]. دەست دەکەوێت لە:

http://qadirzada.com/Bnchinei-Goranekan.html

(ڕۆژی سەردان ٢٠٢٠/١٠/٣)

**بەرنامەی تەلەفیزیۆنی:**

جەباری،عەبدولستار. (٢٠١٨). **بەرنامەی قەلەندەرخانە چاوپێکەوتن لەتەلەفیزیۆنی کەناڵ ٢٤**،[ئۆنلاین]. دەست دەکەوێت لە:

https://www.youtube.com/watch?v=sPwT9zO1KTk&feature=youtu.be

(ڕۆژی سەردان ٢٠٢٠/١١/٢٠).

## Abstract:

The Position of Malay Jabari in Kurdish Literature has its significance and interest; hence we allocated our research to study the position of Malay Jabari and Goran dialect which is an attempt to introduce the poet and the dialect he had used to write the poetries, illustrate the history and the geography of the dialect and those poets who had used the dialect to write the poetries from the past. The start of using this dialect has its old history, so the use of this dialect has a great and significant role in the protect and development of Kurdish language, glossary and Literature.

The beginning of Goran dialect written literature goes back to before Islam that belongs to old written of Zorstrain and Yarsan which continued till the beging of 19th century, but after the appearance of Baban princedom and the use of Baban dialect to write the poetries, the use of Goran dialect goes down.

The research describes the Goran dialect and the history of Goran dialect, thus for a few centuries this dialect was a dialect of poetry and literature in some places in Kurdistan. Then, the biography of Malay Jabari and social interaction with the relatives and famous people of the centaury described. Malay Jabari in the themes of love, nature, religion and society has a rich content, that demonstrated with an easy language, in the same time, he has described some themes of humor and squib. In term of appearance of the poetry Malay Jabari followed the syllabic rhythm, with an easy language those themes were really important, reflective in his poetries.



Keywords: Malay Jabari, Goran dialect, Goran history, Subdialect, Macho, Literature, image, nature, love, religion, Yarsan, Zorstrain, syllsbic, rhyme.

# Mala Jbabari's Position in Kurdish poetry
# 1806 - 1876

**A thesis**
**Submitted to the Council of the College of Education and language- Department of Kurdish Language at Charmo University – Chamchamal in Partial Fulfilment of the Requirements the Degree of MSc In Kurdish Literature**

**BY**
**Diar Mardan Mhamad**
**BSc Degree in Kurdish Language – University of Slemani-2012**

**Supervised by:**
**Dr. Saman Ezadin Saadun**
**Assistant Professor**

**2721-Razbar** **September-2021**